سازمان اتحاد فدائیان کمونیست
Iranian Fedaian Communist League



# چیرۆکەکانی سەمەد بەهرەنگی

له بلاوکراوەکانی : کومیتەی کوردستانی رێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست
خەرمانانی ١٣٨٢

## کۆر ئۆغلۆ و هەمزە کەچەڵ

چەند ساڵ لەمەو پێش پاڵەوانێکی لاوچاك و بەجەرگ لە ئازەربایجاندا هەبوو ، ناوی کۆر ئۆغلو بوو . کۆرئۆغلو پێش ئەوەی شۆرەتی بە پاڵەوانی دەچێ ، ناوی ڕۆشن بوو . بە باوکی ڕۆشنیان دەووت عەلی کیشی . عەلی مەیتەر و ڕەوگەچی حەسەن خان بوو . لەبەخێکردنی ئەسپ دا وێنەی نەبوو . بەتیلە چاوێك دەیزانی فلأنە ئەسپ چۆن ئەسپێکە .

حەسەن خان خانێکی زۆر دەوڵەمەند و زۆردار بوو . ئەو وەك خان و میرەکانیتر پیاو و لەشکرێکی زۆری هەبوو و ئارەزووی هەرچی بکردبایە دەیکرد : سازەلامی دەکوشت ، زەوی و زاری خەڵکی داگیر دەکرد ، باج و خەراجی بێ حیسابی لە جوتیار و ئیشکەران دەستاند . پاڵەوانە ئازادی خوازەکانی دەخستە زیندانەوە و ئەشکەنجەو ئازاری و ئازاری دەدان ، کەس خۆشی نەدەوویست تەنیا بازرگانە گەورەکان و خانەدان و ئەشرافەکان لەخان ڕازی بوون ، ئەوانیش بەکۆمەکی یەکتری خەڵکیان تالأن دەکردو بێگاریان پێ دەکردن ، کۆڕی عەیش و عوشرەتیان سازدەکرد . بۆ خۆیان لە شوێنە ئاووهەوا خۆشەکانی کۆشکی قەشەنگیان دروست دەکردو دەیان ڕازاندەوەو هەرگیز بیریان لە ژیانی خەڵکی نە دەکردەوە . تەنیالە کاتێکدا جووتیارەکانیان دەکەوتەوە بیر کە دەیان ویست داهات و ماڵ و سەرمانی خۆیان زۆر کەن حەسەن خان خۆی و هەموو خانەکانی دیکە نۆکەر و ئەڵقە لەگوێی خانی گەورە بوون: خانی گەورە باج و سەرانەی لەوانە وەردەگرت و دەیپاراستن و ڕێگای دەدان هەر چۆنێك ئارەزو دەکەن باج و خەراج لەخەڵکی بستێنن بەلأم لە بیریان نەدەچو کە هەموو ساڵێك بەشی ئەو زیاتر کەن .

بەخانی گەورەیان دەوت « خودکار » . خودکار ساماندارترین و بە تواناترین خان بوو . سەدان ، هەژاران خان و ئەمیر و سەرکردە و جەللاد و پاڵەوانی نانخۆر لە کۆشکی ئەودا بوون . وەك سەگ لێی دەترسان ، بەبێ چەندوچون و کوێرانە ملیان بۆ فرمانەکانی کەچ دەکرد . ڕۆژێك خەبەر بە حەسەن خان گەیشت کەحەسەن پاشای دۆستی بۆ دیدەنی ئەو دێ . فرمانی دا کۆڕی بەزم و ئاهەنگ سازبکەن و بۆ پێشوازی پاشا برۆن .

حەسەن پاشا چەند رۆژێك لە ماڵی حەسەن خان بوو ، ئەو رۆژەی کە دەیوویست بگەرێتەوە ووتی :

حەسەن خان ! بیستوومە ئەسپی زۆر رەسەنت هەیە ؟! . حەسەن خان بەفیزکردنێکەوە ووتی :ـ کەسێك نی یە لەم دەرو بەرە وەکو ئەسپی منی هەبێ . ئەگەر بفەرموون جوتێکتان پێشکەش دەکەم .

حەسەن پاشا ووتی ! بۆچی نامەوێ ؟

حەسەن خان ئەمری کرد رەوەئەسپەکە بۆ کەوەڕ نەبا ، تاکو پاشا دوو ئەسپ بەدڵیخۆی هەڵدەبژێرێ .

عەلی کیشی رەوگەوانی پیر، دەیزانی کە لەناو ڕەوە ئەسپەکەدا ئەسپی گەلێ رەسەنی تێدایە بەلاَ هێچیان ناگانە ئەو دوو جوانووە ئەسپەی کە باوکیان ئەسپی دەریایی بوون کە رۆژێکیان رەوە ئەسپەکەی بۆ کەنار دەریا بردبوو و خۆیشی لە کەنارێك لیَی ڕاکێشابوو . لە ناکاوێکدا بینی دوو ئەسپ لە دەریاوە هاتنە دەرەوە و لەگەڵ دوو مایینی ناو رەوەکەدا جووت بوون . عەلی کیشی ئەم دوومایینەی خستە ژێر چاودێری خۆی ، تاکو ئەو رۆژەی هەردووکیان زان . عەلی جوانووەکانی زۆر خۆش دەویست و دەیوت :ـ ئەم دوو جوانووە دەبنە باشترین ئەسپی دونیا . ئەمەبوو وەختێ کە حەسەن خان گۆتی دەیەوێ ئەسپ پێشکەشی میوانەکەی بکات بەخۆیی ووت :ـ بۆچی ئەسپەکان لە لەوەڕ بکەم وبیانهێنمەوە ؟ لەناو رەوەکەدا لەو دوو جوانوە ئەسپەی باشتری تێدا پەیدا نابێ ! . رەوگەکەی بۆ لەوەڕ بەردا و دوو جوانووەکەی بۆ بەردەمی کۆشکی خان هێنا :ـ حەسەن پاشا ڕووبەخەندان و پێکەنین لەکۆشك هاتە دەرەوە تاکو جووتە ئەسپێکی چاك هەڵبژێرێ . بینی هیچ سەر و سۆراخێکی ئەسپ نیە و لەبەردەمی کۆشکەکەدا جگە لە دوو جوانووە ئەسپی بچووك و لەڕ و لاواز کەڕاوەستاون .

ووتی :ـ حەسەن خان ! ، وادیار ، ئەمانە ئەو ئەسپانەن کە پێشکەشمیان دەکویت . بەڵێ ! من زۆرم لەم بارگیرانە هەیە . بیستبووم کە ئەسپی رەسەنت هەیە . ئەگەر باشت ئەمتنە بن ، دەبێ ئەوزانی ترت چۆن بن ! . حەسەن خان بە بیستنی ئەم قسەیە سوور هەڵگەڕا ، دونیای لەبەر چاویا رەش هەڵگەڕا . بەسەر عەلی کیشی دا نەڕاندی : هۆ زەلام ! ، مەگەر پێم نەووتی ئەسپەکان بۆ لەوەڕ مەبە ؟ !

عەلی کیشی ووتی :ـ سەلاَمەت بیَ ، خۆت چاك دەزانی کەمن سەرەڕیشم لە ئێڵەکەی تۆدا سپی کردوە و ئەسپ ناسێکی بێوێنەم . لە ناو رەوگەکەدا لەم دوو جوانووە ئەسپەی چاکتری تێوا نیە .

خان لەم روو قەیمی و چەنە بازی یەی عەلی کیشی زیاتر پەست بوو فرمانی دا :

(( جەللادا ، هەر بەزوویی چاوی ئەم پیاوە زمان درێژە دربێنە )) هەرچەندی عەلی کیشی پاڕایەو ، و نالاَیەوە کەمن گوناهم نیە و درێغیم نەکردوە ، دادی نەدا ، جەللاد بە خێرایی عەلی کیشی گرت و چاوەکانی دەرهێنا .



عەلی کیشی ووتی :ـ خان ! . ئێستاکە گەورەترین نازونیعەتی ژیانت لەمن ستاند ، بەلاَم ئەو دوو جوانووەم بدەیە.

خان ڕقی نەنیشتبۆرە و بانگی کرد :ـ بارگیرە مردووەکانت ببە و بە خێرایی لێرە دوورکەوە . عەلی لەگەڵ دوو جوانوەکە و کوڕەکەی سەری بۆچۆڵی هەڵگرت . لەبیری تۆڵەسەندنەوەی خۆی و ملیۆنان هاو وولاَتی تردا بوو . بەلاَم ئیستاکە دەبێ تا هاتنی رۆژی تۆڵەسەندنەوە دان بەخۆی دابگرێت . چەند شەو و رۆژان لەگەڵ رۆشنی کوڕی و دوو جوانوەکەی چەندان دەشت و بیابانی بڕی ، لە ئەنجام دا لەسەر چیایەکی هەڵدێری پڕپێچ و پەنا داگیرسایەوە . بەم چیایەیان دەوت (چنڵی بلّ ) عەلی کیشی بەیارمەتی ( ڕۆشنی ) کوڕی بۆ مەشق دانی جوانوەکان زۆر بەسەختی تیَی دەکۆشا . بە شێوەیەك پاشی ماوەیەك جوانوەکان بوونە دوو ئەسپی بەهێز و توندڕەو کە رۆژگار تا ئەو رۆژەی لەوێنەی ئەوانی نەبینی بوو .

ئەسپێکیان ناونا ( قیرات ) و ئەوی تر ( دورات ) .

قیرات ئەوەندە بەغاربوو ڕیَی سێ مانگانەی بەسێ رۆژ دەبڕی . ئەوەندە بەهێز و جەنگاوەر بوو لەشەڕدا بەرانبەری لەشکرێك ڕادەوەستا .، ئەوەندە بەوەفا و میهرەبان بوو نەی دەهیشت لە کۆڕئۆغلو بەولاوە کەس سواری بێ ، مەگەر کۆڕئۆغلو خۆی بە دەستی کەسێکی بسپاردبا ، کە لە کۆڕئۆغلو دووردەکەوتەوە دەگریا و دەی حیلاند حەزی دەکرد کۆڕئۆغلو بێتە لای و سازی بۆبژەنێ و شیعری بۆ بخوێنی و گۆرانی قارەمانێتی بۆ بچڕێ .

قیرات باش لە زمانی کۆڕئۆغلو دەگەیشت هەر لەجوولەی دەست و چاوەکانی یەوە دەیزانی چی لەدڵدایە ! هەڵبەتە دوراتیش لە قیرات کەم دەست نەبوو . رۆشن ئاگای لەنەخشەکانی باوکی هەبوو ، بەدڵ وگیان تیَی دەکۆشی تا وەکو رۆژی تۆڵەساندنەوە نزیکتر بکاتەوە . وەختێك عەلی کیشی دەمرد . تا ڕادەیەك بیری ئاسوودە بوو، چونکە ئەو تۆوەی تۆڵەی ناشتبووی ، ئێستا سەری لە خاك دەر دەهێنا و چونزەڵەی دەردەکرد ، ئەو دڵنیا بوو کە ( رۆشن نەخشەکانی جیَ بەجیَ دەکاو تۆڵەی گشت مرۆڤە ستەم لیَکراوەکان لە خودکار و خانەکان دەسێنێتەوە . رۆشن ، باوکی لەچنڵی بلّ ناشت . رۆشن لە ماوەیەکی کەمدا توانی نۆسەد و نەوەد و نۆ پاڵەوانی لەخۆبور لەچنڵی بلّ کۆکاتەوە و خەباتێکی سەخت دژی خانی گورە دەست پێکا و لەدرێژایی ئەم خەبات و تێکۆشانەدا بوو کە کۆڕئۆغلو ناوبانگی دەرکرد .

چنڵی بلّ بەخێرایی بووە پەناگای ستەم لیَکراوەکان و ئازادیخوازان و تۆڵەسەندەکان . قارەمانی چنڵی بلّ ( مالی ) کاروانەکانی خان و ئەمیران و خودکاریان تالاَن دەکردو

بەسەرخەڵکی هەژارو بیٚ نەوادا دابەشیان دەکرد . چنڵی بلٚ قەلاٚیەکی سەرسەختی پیاوانێك بوو کە یاسایان ئەمەبوو ( ـ ئەوەی ئیش دەکا مافی ژیانی هەیە و ئەوەی بەری رەنجی خەڵکی دەخوا و بەڕابواردن و کۆری بەزم و شادی تۆی دەدا دەبیٚ نەمێنیٚ . ئەگەر نان هەبیٚ دەبیٚ هەموو بخۆن ئەگەر نەبیٚ ، دەبیٚ هەموو برسی بن ، دەبیٚ هەموو کۆشش بکەن تا نان بەدەست بێنن ، ئەگەر خۆشبەختی و ئاسایش هەبیٚ ، دەبیٚ بۆ هەمووان بیٚ ئەگەر نەبیٚ نابیٚ بۆ هیچ کەس هەبیٚ .

کۆرئرغلو و پاڵەوانەکانی لەهەموو جیٚگایەك لایەنگیری خەڵك و دوژمنی سەرسەختی خان و مفتەخۆرەکان بوون . هیچ خانێك لەترسی ( چنڵی بڵی ) یەکان پشیەخەوێکی ڕەحەتیان لیٚ نەدەکەوت خانەکان هەر چەندی هەوڵیان دەدا چنڵی بڵیەکان پەڕاگەندەبکەن و کۆرئۆغلو بکوژن ، نەیان توانانی لەشکری خانی گوره چەندان کەڕەت هێرشی بۆ سەر چنڵی بلٚ برد ، بەلاٚم هەموو جارێك بە دەستی چیایی یەکان تارومار دەبوو کاتێك دەشکا و لە و ریسوایی بەولاوە شتێکی تر بە خان نەدەبڕا .

ژنانی چنڵی بلٚ لە پیاوەکانیان کەم دەست تر نەبوون . بۆ وێنە ژنە شۆخەکەی کوێرئۆغلو کە ناوی نیگار بوو شمشێر وەشێنێکی زاڵ بوو ، زۆر جار بەرگی جەنگە لەبەر کردبوو ، بەسواری ئەسپەوە و شمشێر بەدەستەوە چووبووە ناو جەرگەی سوپای دوژمن و لیٚ ی دابوون و لاشەی دوژمنی وەك گیبشەدار هەڵچنی بوو .

هەر سەفەر و پاڵەوانی یەکی کۆرئۆغلو ، داستانێکی سەربەخۆیە ، داستانەکانی بەجیا باس دەکریٚ ، پڕی لەشعری جوان جوان و مانادارە کە عاشقەکانی ئازەریایجان بەتورکی بە دەنگ و سەدا و ساز ژەنینەوە بۆ خەڵکی دەگێڕنەوە .



# داستانی ڕفاندنی قیرات

ڕاپەرینی جنڵی بڵییەکان بەرەبەرە فراوان دەبوو و گۆرەپان لە بەردەم خانی گەورە تەنگ دەبوو ، کاتێک بینی دەرفتی کۆرئۆغلو نایەت . ناچار نامەی بۆ هەموو خان و ئەمیر و سەرکردە و پاڵەوان و گەورەکانی لەشکر نووسی و داوای کردن تاکو کۆڕێك سازکەن و مشورێك بخۆن ، کاتێك هەموو کۆبوونەوە و لە کۆڕەکەدا ئامادە بوون هەر کەسە لە شوێنی خۆی دانیشتا ، خانی گەورە دەستی بە قسە کرد :

« پیاو ماقوڵان ، وەك ئاگادارن ، ماوەیەکە دەستەیەك دز و ئاشوبگێر لە چیاکاندا کۆبوونەتە هێمنی و ئاسایشی مەملەکەتیان تێك داوە . ڕابەری ئەم دزە غارتگەرانە مەیتەر زادەی بیٚڕیٚ و شوێنە ناوی کۆرئۆغلوە و لە پیاو کوژی و دزی و تالاٚندا وێنەی نییە ، لە هەر جیگایەك و هەر گۆشەیەکی مەملەکەتیش دزێك ، پیاو کوژێك ، ئاشوبگەرێك هەبیٚ لە دەستەی ئەوان و سەر بە ئەوانە . دار و دەستەی کۆرئۆغلو رۆژ بە رۆژ گەورەتر و ترسناکتر دەبیٚ . ئەگەر ئێمە دەست لە سەر دەست دانیشین ، بەیانیە تا هەڵدەستین دەبینین جنڵیبڵییەکان هەموو زەوی و ئەموالی ئێمەیان داگیر کردوە . ئەوساکە یان دەبیٚ خۆ گورج کەین و بۆی دەرچین یان دەبیٚ بچینە لای ئەو زێگر و ئاشوبگەرانە نۆکەری و خزمەتکاری بکەین . باوەڕ ناکەن خوا تۆزقالێك بەزەییشی خستبێتە دڵی ئەو تاوانبارانەوە .. خان و ئەمیر و سەر کردەکان ، پالەوانان ئاگادارتان دەکەمەوە ئەو دز و ئاژاوا چیانە بەزەیی یان بە دایك و برای خۆیاندا نایەتەوە . ئەم مۆتەکەی کە وا مەملەکەتی خستۆتە مەترسیەوە وای لیٚ کردم فرمانی بەستینی ئەم کۆڕە بدەم . ئێستا تەگبیرمان بۆ ئەم کارە چیە ؟ چۆن دەتوانین ئەم دز و جەردانە تەمیٚ بکەین ؟ ئایا ئەم هەموو نەجیب زادە و خانە شکۆمەندانە ، ئەم هەموو پاڵەوان و سەرکردانە دەرەقەتی کوڕە مەیتەرێکی بیٚ سەر و شویچن نایەن ؟ خان قسەکانی تەواو کرد و لە سەر تەختە بە جەوهێر ڕازاوەکەی دانیشت ، دانیشتوانی کۆڕەکە چەپلەیان لیٚ دەدا و هاوار یان دەکرد : بژی خانی گەورە پاسەوانی ئاسایش و موڵك و میللەت ! ...

مردن بۆ ئاژاوچیانی جنڵی بلٚ ! ... هاواری کۆڕەکە دیوارەکانی هێنا بووە لەرزان ، خانی گەورە بە جولاٚنی دەست و سەری وەلاٚمی خان و سەرکردەکانی دەدایەوە . پاش ئەوەی دەنگەکان کپ بوونەوە مشت و مڕ دەستی پێکرد . یەکێك ووتی : ئەگەر پارەیەکی زۆری بدەینیٚ کۆرئۆغلو دەست لە ریٚ گری هەڵدە گریٚ .

یەکێتر ووتی : ئەو زەوی و زاری دەوروبەری جنڵیبڵ بدەینە کۆرئۆغلو چۆنی ویست باج و خەراج لە خەڵکی بستێنێ و ئیتر تەنگ بە ئێمە هەڵناچنێ .

یەکێکیان دەیوت : یەکێک بنێرینە لای کوێر ئۆغلو بزانین دوا قسەی چیە هەرچەندی پارە و پولی گەورەکە بیدەینێ و ئاشتی کەینەوە (( حەسەن پاشا ))ش لەم کۆڕەدا بوو . ئەو حاکمی توقات بوو . ئەو کەسە بوو کە حەسەن خان لە بەر خاتری ئەو چاوەکانی عەلی کیشی دەرهێنا بوو . حەسەن پاشا دەستە ڕاستی خانی گەورە بوو . لە زیافەت و میواندارییەکانی خانی گەورە هەمیشە لە سەری سفرە دادەنیشت و کاتێ کە خانی گەورە بی تاقەت دەبوو لە پشت سەرینی ئەودا دەستی لە ئەژنۆی وەردەهێنا و ڕاست یان درۆ خۆی خەمبار نیشان دەدا ، فرۆفێلی لەشکر کێشی دەزانی . پیاوەکانی لەشکر یەک یەک لێی دەترسان وەک مەڕ و مالآت گوێ ڕایەڵی بوون .

حەسەن پاشاش لەم کۆڕەدا بوو تا ئێستا قسەی نە کردبوو . خودکار گوێی پێشنیارەکانی هەموان گرت و لە ئەنجام دا ووتی : هیچ یەکێک لە پێشنیارەکانتان ئاشوبی جنڵیبڵ چارە ناکات . دەبا ئێستا گوێ لە حەسەن پاشا بگرین و بزانین چ دەڵێ .

خان و شەمیرەکان لە دڵی خۆیاندا جوێنیان بە حەسەن پاشا دەدا . ئاخر خان و ئەمیرەکان هەمیشە حەسودی بە جێ و مەقامی یەکتر دەبەن . هەردەم هەلپە و ئارەزووی ئەوە دەکەن کە لە لای خانی گەورە لە هەموان عەزیزتر بن و بتوانن بە کەیفی خۆیان زیاتر باج و سەرانە لە خەڵکی بستێنن و چاکتر عەیش و نۆش بکەن ز حەسەن پاشا لە جێگای خۆیێ هستا و ئیکلامی کرد و خاکی ژێر پێی خانی گەورەی ماچ کرد و ووتی : خانی گەورە سەلامەت بێ ، دەبێ من چ سەگێک بم لە بەرانبەر سێبەری خودا دەمم لێک هەلپچرم ، بەلآم ئێستا فرمانی پێرۆزی خودکار لە سەر ئەوەیە کە منی لە سەگ کەمتر قسە بکەم ناچار گوێ ڕایەڵ دەبم و وەک وتوایانە (( فرمانی خودکار فرمانی خوداوەندە )) حەسەن پاشا دوبارە سەری دانەواندوە و ووتی : خودکارم سەلامەت بێ ، من کۆرشۆغلو باش دەناسم . ئەو بە هیچ شتێک دا ناساکی و ئارام نابێتەوە مەگەر پەتی سێدارە . بە فرمانی من چاوی باوکە زمان درێژەکەیان دەرهێنا ، ئێستاش دەمەوێ بە دەستەکانی خۆم کۆرئۆغلو بخنکێنم ، تا ئەم ڕێگرە مابێ ئاو بە ڕەحەتی لە قورگماندا ناچێتە خوارەوە ، دەبێ لەشکر بۆ سەر جنڵی بڵ بخەینەڕێ ، لەشکرێکی ئەوەندە گەورە کە تۆز و گەردی بەری خۆر بگرێ و دونیا تاریک داهێنی و سەری لە رۆژهەلآت بنی لە رۆژ ئاوا بێ . هەڵبەتە دیسان فرمان فرمانی پیرۆزی



خودکارە و ئێمە سەگی تۆین و جگە لە چەڵتە چەڵت شتێکی ترمان نیە بیڵێین . حەسەن پاشا سوژدەی بردەوە و خاکی ژێر پێی خودکاری ماچ کرد و لە شوێنی خۆی دانیشتەوە .

کۆڕە کە بی دەنگ بوو . هەموو چاویان لە دەمی خودکار بڕی بوو . لە ئەکامدا خانی گەورە ووتی : ئافەرین ، حەسەن پاشا ، ئافەرین بۆ هۆش و ئیدراکت . بەراستی سەگێکی بە هۆشی . حەسەن پاشا لەم تاریف و پێدا هەڵگوتنە وەک سەگ چۆن لە بەردەم خاوەنەکەی تا شادی خۆی نیشاندا کلک بادەدا ئەوها کەوتە کلکە لەقێ ، زەردەخەنەیەکی هێنایە بەرخۆی .

لە پاشدا خودکار ووتی : جگە لە شکر کردنە سەر جنڵی بڵ چارەیەکی دیکەمان نیەن . دەبی لەشکر کردنی ئەم جارەمان بە شێوەیەک بێ ، لە گەورەییدا تاشە بەردەکانی جنڵی بڵ بێنێتە لەرزین ، حەسەن پاشا ، لەم سعاتەوە تۆ دەسەلاتێکی بێ سنورت هەیە کە هەر چونێک بە بەرژەوندی دەزانی سەرباز بگرە و بۆ هەڵمەت بردن ئامادە بە تۆ دەبیتە فەرماندەی هەموو لەشکر . بزانە تەدارەکاتی هێرش چیە و ئیچشی ئەو ئاژاوە چیانەی ناو چیاکان کۆتایی پێ بهێنە . ئەگەر کۆرئۆغلوت ریشە بر کرد پاشدان خانی گەورە ڕووی لە مەجلیس کرد و ووتی : دانیشتوانی ئەم کۆڕە بزانن و ئاگادر بن لەم سەعاتەوە حەسەن پاشا فەرماندەی لەشکرە و هەموو دەسەڵاتێکی هەیە .

هەر کەسێک لە فرمانی ئەو سەرپێچی بکا . سێدارە چاوەڕێی دەکا . خەڵکی مەجلیسیەکە نەیانزانی چی بڵێن ، دڵیان پڕ لە حەسودی و ڕق و کینە ببوو .

* * *

حەسەن پاشا لە مەجلیسی خانی گەورە هەڵسا و بەبێ ڕاوەستان بەرەو توقات رۆیشت و دەستی بە عەسکەر گرتن کرد ، هەر لە کاتی سەرباز گرتندا ئەنجومەنێکی شەر کەر لە پێک هاتبوو لە پاڵەوان و سەرکردەکانی ژێر دەستی خۆیدا پێک هینا و تاکۆ ڕێ و ڕەنگی هەڵمەت بردنە سەر جنڵی بڵ برێژن . مەیتەر مۆرتۆز پەلەوانێکی گەورە بوو لە یەکێک لەو ئەنجوومەنانەدا بوو ، بە حەسەن پاشای ووت : پاشام ساغ و سەلآمەت بێ ئێمە خاکی ژێر پێی تۆ و خودکارین و دەزانین کە فرمانی ئێوە فرمانی خواوەندە و هیچ کەسێک مافی نیە سەرپێچی لە فرمانی ئێوە دا بکا . بەلآم ئەوەش هەیە تاوەکو کۆڕئۆغلو سواری پشتی قیرات بو بێ ئەگەر هەموو پیاوەکانی دونیاش کۆببنەوە هێشتا ناتوانن تاڵە موویەکی سەری هەڵکەنن ! ئەگەر دەتەوێ کۆرئۆغلو لە ناو بچێ ،. دەبێ یەکەمین جار ئەسپەکەی لە ژێر دەستیدا دەربهێنین ئەگینا شەڕ کردن لەگەڵ کۆڕئۆغلو دا هیچ ئەنجامێکی نابێ . بە ڕای

حەسەن پاشا قسەکانی مۆرتۆز زۆر ژیرانە بوون ، پێی ووت : مۆرتۆز کەسێك بزانی دەرد چیە دەرمانیشی دەزانێ . بڵێ با بزانین چۆن قیرات لە چنگی کۆرئۆغلو دەربێنین ؟

مەیتەر مۆرتۆز ووتی : پاشام خۆش بێ ، قێرات بە پارە ناکڕێ دەبێ زەلامێکی گیان بەخش بچێتە جنڵی بڵ یان سەری دا دەنێ یان یان قیرات دەڕفێنێ .

حەسەن پاشا سەیرێکی دانیشتوانی کۆڕەکەی کرد . هەموو سەریان شۆڕ کرد بوو . دەنگیک لە کەسەوە نەدەهات ، لە ناکاوە لە سەر پێڵاوەکانی دامەنی مەجلیسەکە ڕوتەڵەیەکی سەرکۆتی کەچەڵ هەڵسایە سەر پێ . خەڵکەکە سەیریان کرد هەمزە کەچەڵیان ناسیەوە . هەمزە کەچەڵ نە دایك و باوك و نە ماڵ و ژیان و جێ و ڕێیەکی هەبوو . کەس نەیدەزانی لە کوێ دەنوێ و لە کێ نان دەخوا . ڕێگایان نە دەدا بچێتە هیچ مزگەوت و دانیشتنێك چونکە دەیان گوت کەوشی خەڵکی دەدزێ سەگ جێ و ڕێی هەبوو کەچی ئەو نەیبوو . ئێستا چۆن هاتبووە ناو ئەنجوومەنەی جەنگەوە و چۆن ڕێگای دۆزی بووە وە .

تەنیا خۆی دەیزانێ . قەدیمە ووتویانە « کەچولاًن هەزار و یەك فرۆفێل دەزانن » . هەمزە هاتە ناوەراستی کۆرەکە ووتی : پاشا ئەم کارە کاری منە . ئێتر لێرەوە پاڵەوانی و هێز و بازو دەرمان ناکا ، دەبێ فێڵی لێ بکەین . فێلبازی پیشەی ئەژداو ئابادمە . ئەگەر توانیم قیرات برفێنم و بیهێنم ئەوا هێناومە ، ئەگەر نەمتوانی و کۆرئۆغلو قورتمی کرتم دیسان شتێك نابێ : دەلێ گەری با لە هەزاران کەچەڵی ئەم وڵاتە یەکێك کەم بێتەوە.

حەسەن پاشا ووتی : هەمزە ، ئەگەر توانیت قێرات برفێی ، بێمنەت بە لە ماڵی دونیا چی دەخوازی ، دەتدەمێ .

هەمزە ووتی : پاشا ، پاشام ، ماڵی دونیا بە تەنیا دەوای دەردم نادا . پاشا ووتی : دەتکەمە هەمزە بەگ . پایەی بەگیت پێ دەبەخشم . هەمزە ووتی : نا ، پاشام ، ئەمەش بە تەنیا گرێی ڕازم ناگاتەوە . حەسەن پاشا ووتی : دەتکەمە کوڕی خۆم .

هەمزە ووتی : نا ... قوربان ، هەی دانیشتوانی ئەم کۆڕەت لە بەرگەێ ، ئەوانەم هیچ یەك بە تەنیا ناوێ و تۆش هەرسێکم بە جارێك نادەیتێ ڕێگام بدە داوای شتێك لێ بکەم بۆ من لە هەر سێکیان بە نرخ ترە و بۆ تۆش هەرزان دەوەستێ .

حەسەن پاشا ووتی : بڵێ بزانم چ دەخوازی ؟

هەمزە ووتی : پاشا ، کچەکەتم دەوێ .

حەسەن پاشا بە بیستنی ئەم قسەیە تورە بوو کۆڵە مستێکی بە هێزی خۆی لە دەستی تەختەکەی کیر کرد و نەڕاندی : ئەم ئەحمەقە بێ جێ و ڕێیە بەدەرنێن ، بابایەکی



کەچەکی کەچەڵە و دەیەوێ ببێتە زاوام . ئەگەر مەیتەر مۆرنۆز بە هانای کەچەڵەوە ڕانەگەیشتبایە ، جەللادەکان هەر ئەوەدەمە پارە پارەیان دەکرد ، مەیتەر مۆرتۆز پێشی جەلادەکانی گرت و بە پاشای ووت : لە بەرت گەرێم پاشا ، مەگەر فرمانی خانی گەورەت لە بیر کردوە کە دەبێ هەر چۆنێبێ کاری کۆرئۆغلو تەواو کەین ؟ حەسەن پاشا هێود بووە ، لە دڵی خۆیدا حسێبێکی کرد . بینی هیچ ڕێگایەکی تری نیە جگە لەوەی هەمزە ڕای کا . لە بەر ئەوە بە هەمزەی ووت : ئاخر هەی کەرە پیاو چیت لەم کچەدا بینیوە و لە هەموو شتەکانی تری گرنگ تر دادە نێی ؟ هەمزە ووتی :

پاشام ، خۆت دەزانی کەچەلەکان هەموو فروفێلێك فێر دەبن . ئیدی منیش زۆر باش لە کۆتایی دا حسێبی داهات و خەرجی خۆم دەکەم . من دەزانم کە تۆ نایەی ئەم سێ شتە بە جارێك بدەیە من . یەعنی ماڵ و سامانم بدەیتێ و بمکەیە هەمزە بەگ و کچی خۆشتم بدەیتێ ، بەڵام ئەگەر کچەکەتم لە باخەڵ بێ ، دەبمە زاوات ، زاواش وەك کوڕی خەزور وایە ، لە پاشدان ماڵ و سامان بە پێی خۆی دێت .

هەموو مەجلیسەکە سەریان لە هۆش و ژیری هەمزەدا سوڕما و ئافەرینیان کرد ، حەسەن پاشا کەوتە بیر کردنەوە . بە هیچ جۆرێك نەی دەویست کچەکەی بداتە هەمزە کەچەڵ ، بەڵام لە لایەکی دیەوە بیری دەکردەوە ئەگەر قیراتی بێتە دەست ، کۆرئۆغلو تەفرو تونا دەبێ ئەوساکە پایەی سەدری ئەعزەمی پێ دەدرێ . لە بەر ئەوە ووتی : هەمزە قبوڵمە .

هەمزە ووتی : نا پاشا ، بەم جۆرە نابێ ، ئەگەر بە زەحمەتی ناوانن دوو دێرم بۆ بنووسە و پەیمانم بدەیە لە ژێرەوەش بۆم مۆری بکە و بمدرێ ، لە باخەلمی بنێم ، پاشدان مۆڵەت دانێ ، ئەگەر تا دوایی مۆڵەتەکە قیراتم هێنا کچەکەتم بدەیە ، ئەگەر نەم هێنا فرمان دە با سەرم بدەن . حەسەن پاشا ناچار دوو دێرێ بۆ نووسی و تێیدا پەیمانی دایە و لە ژێرەوەش مۆری کرد دایە دەست هەمزە کەچەڵ و مۆڵەتی بۆ دانا . هەمزە کەچەڵ کاغەزەی وەرگرت و قەدی کرد لە باغەڵی نا و بە سنجاقێکی گەورە لە باخەڵی قەیمی کرد و ووتی : پاشا ، ئێستا ئیجازەم بدەیە من مرەخەس دەبم .

لێرەدا حەسەن پاشا و ئەوانی دیکە بە حاڵی خۆیان جێ دەهێلین تاکو تەدارەك و لەشکر کردنە سەر جنڵی بڵ ببینن و بەدوای هەمزە کەچەڵ دا دەڕۆین . هەمزە کارەك و گۆریەی داپێچا و بوزەوانەی گورج کرد ، تویشە بەرە یەك نانی لە کەمەرییەوە بەست . مەنزڵ بە منزڵ تەی کرد ، لە سێبەری دار و پنجکان کەمێك دەحەسایەوە ، لە کێو و چیایان سەر کەوت و نشێو بۆوە تا ڕۆژێکیان گەیشتە بناری جنڵی بڵ کۆرئۆغلو لە سەر گا بەردێکی زل

ڕاوەستا بوو سەیری ڕێگای کاروانەکانی خوارەوەی دەکرد . بینی بووی زەلامێک ڕووی لە جنڵی‌بڵ کردووەوە و بە هەر چوار چەپۆک بە چیاکە هەڵدەگەڕێ و دێتە سەرەوە ، کۆرئۆغلو هەر چاوەڕوان بوو تا هەمزە کەچەڵ گەیشتە لای بەردەکە و دەستی بە سەرکەوتن کرد بۆ سەر بەردەکە کۆرئوغلو هاتە خوارەوە و یەخەی هەمزە کەچەلێ گرت و پیٚی ووت : نەجولیٚی ، پیٚم بڵیٚ بزانم تۆ کیٚی ؟ لە کویٚوە دیٚی و بۆ کوێ دەچی؟

کە هەمزە کەچەڵ سەری بڵند کرد ، چ سەر بڵند کا ... دیتی لاوێک بەشان و شەوکەت و کینە ، سمێل بابڕە و لولدراو تا بنا گوێ ، ئامادەی هەڵدڕبینی دوژمنە . شمشێری بە کەمەرەوە بوو پیاو لە بەر خۆی دەوت : « ئەم شمشێرە هەرگیز لە رێشتنی خوێنی خان و دوژمنانی خەڵکی تێر نابێ ، سەیر کە چۆن لە ناو کالاندا هەست بە خنکان دەکا ! دەڵێن پۆلای شمشێرە کە بە کینە جۆشاندوە ! دەت وت شمشێری کۆرئۆغلو هەمیشە پیٚی دەوتی : ( ئاە ئای کینە ، تۆش وەک خۆشەوویستی پیرۆزی ! ئێمە ناتوانین خۆەوویستی خۆمان بۆ خەڵکی بسەلمێنین ، مەگەر بەوەی ڕقمان لە دوژمنانیان بێتەوە ، تۆ بە ڕشتنی خوێنی زۆرداران ، خۆشەوویستی پیشانی ستەم لیٚ کراوەکان دەدەی )

هەمزە کەچەڵ لە یەکەم بینین کۆرئۆغلوی ناسی بەڵام یەکسەر کەوتە فڕوفێڵ و خۆی پەڕاندەوە ئەو سەری و ووتی : بەدوای کۆرئۆغلو دا دەگەڕێم . کۆرئۆغلو پرسی : چیت لە کۆرئۆغلو دەویٚ ؟

هەمزە ووتی : قەزات لە گیانم ! من ڕەوکەوانم ، هەموو ژیانم لە نۆکەری خان و پاشاکان بە با داوە ، ئەوەندەم ئاو لە گۆمە پڕ بۆقەکاندا خواردۆتەوە هەموو لچ و لێوم پڕ بالو کە بووە ، خۆزیە دایکم لە باتی من سەگێکی ببوایە و منی توشی ئەم هەموو دەردەسەریە نەکردایە . چونکە سەرم کەچەڵە ناتوانم لە هیچ جێکایەک بگیرسێمەوە ، هەر چەندیش بۆیان ماندو دەبم و ئیشیان بۆ دەکەم ، کە دەزانن سەرم کەچەڵە بەدەرم دەنێن . لە دەستی کەچەڵی دونیا بەم پان و بەرببنیەیەوەی لێم هاتۆتەوەیەک . نازانم قوڕی کوێ بکەمە سەرما .ئێستا هاتووم کۆرئۆغلۆ ببینم . خۆم بە قوربانی پیٚ یەکانی کەم ، بیستوومە زۆر لاوی ئازدی هەیە وتەنگ بە کەس هەڵناچنیٚ کێشولە لەئاو ناکا.یان دەبیٚ لێم گەڕیٚ پاشەرۆکی سفرەکەی بخۆم لەپشت بەردێک لەکۆلیتێک ئەم چەند رۆژەی ئەخیری عوموم بەسەربەم ، یان ئەوەتا سەرم بپەڕێنیٚ و هەتا هەتایە لە دەردو غەم رزگارم بیٚ ، ئەم سەرەی من هیچ نرخێکی نیە ، بەقوربانی کۆرئۆغلو بم ؟ هەمزە کەچەڵ قسەکانی تەواو کرد دەستی کرد بە نالأنەوەو گریان و فرمێسک هەڵڕشتن . بەجۆرێک دەگریا و فرمێسکی



دەباراند کۆرئۆغلو بەوەیی بەحاڵی داهاتەوە و ووتی : هەڵسەبڕۆین . . من کۆرئۆغڵوم . هەمزە کە ئەم قسەیەی بیست کەوتە سەر پێڵاوەکانی کۆرئۆغلو ووتی :ـ لەبەرت گەڕێم کۆرئۆغلو ، ڕزگارم کە ، بەزەییت پێمدا بێتەوە ! کۆرئۆغڵو هەمزەی هەڵساندەوە و ووتی :ـ راستبەوە ، ئاخر تۆ پیاوی ، نابیٚ پیاو بۆ کوتێک نان بەسەر دەست و پیٚی کەسدا بکەویٚ . هەمزە کەچەڵ هەڵساو و کۆرئۆغڵو پیٚ ی وت :ـ باشە ، دەبڵی بزانم چکارێک دەزانی ؟ هەمزە ووتی :ـ قوربانت بم کۆرئۆغڵو ، خۆم دەزانم کە تۆبەم سەرەکەچەڵەمەوە نان کەیتە کەبابچی و مەیگێڕی خۆت ، هەر هێندە باپیرم هەر ئەمە پیشەیان بووە ، کۆرغۆغڵو پەلی هەمزە کەچەڵی گرت و هێنایە لای یاوەرەکانی ئەوانیش پیٚ یان ووت :ـ کۆرئۆغڵو ، ئەمەت لەکویٚ پەیداکردوە ؟. وا باشترە هەرچیەکی دەویٚ بیدەیتیٚ و بەدوای ئیشی خۆی دا بڕوا . مانەوەی لێرە دا باش نی‌یە . کۆرئۆغڵو ووتی :ـ مەگەر لەبیرتان چووە ئێمە لەبەر خاتری ئەم خەڵکە ئەم بێچارانە دەجەنگین ؟ دەمەویٚ ئەوەم پیٚ بلێن . ڕاستی کۆبۆنەوەی ئێمە لەچنڵی بڵ دا بۆنیشان دانی چیە ؟ دەلی حەسەن ، یەکێک بوو لە بردەرەکانی کۆرئۆغلو ، پیٚ ووت :ـ کۆرئۆغلو تۆ مرۆڤێکی واقیعی ، کینەیەکی لەبن نەهاتو لە پەنای خۆشەویستیەکی نەهاتو لە دل وگیانتدا جێگیر بووە . وەختێک یەکێک دەبینی کەوا پێویستی بە دڵنەوازی و خۆشەوویستیە،ئامادەی دەست بەرداری هەموو شتێک بیت ، وەختێکیش ڕووبەڕووی دوژمن دەبیەوە دەست بەرداری هەموو شتێک دەبی تاکو بە هەموو توانات ڕقت بە دوژمندا برێژی وخوێنی برژێنی . . . ژنانی چنڵی بڵ لە گۆشە وکەنارانەوە هاتبوون گویٚ یان لەگفت و گۆی دەگرت . نێگار خانمی ژنی کۆرئۆغڵو ، لەناو ژن و پیاوەکاندا ڕێگای بۆخۆی کردەوەو هاتە ناوەراست و بەرەوڕوو بەدەلی حەسەن ووت :ـ تۆ راست دەکەی دەلی حەسەن ، بەڵام ئەم جارەیان کۆرئۆغڵو خۆشەوویستیەکەی کوێرانەیە . بە چ مەعلوم ئەم سیخوڕی حەسەن پاشا نی‌یە ؟. کەس هیچی نەوت . کۆرئۆغڵو کە بینی برادەرەکانی هەموویان لایەنی نیگاریان گرت ، ووتی : ئەم بێچارەیە هەموو گیانیشی ئاگر بیٚ ناتوانی ژێر پیٚی خۆیشی بسوتێنیٚ . وا باشترە وازی لیٚ بهێنین لێرەدا بمێنێتەوە و پارویێک نان بخواو ئەم چەند رۆژەی ژیانیشی بیٚ دەردەسەری بەسەربەریٚ . هەمزە کەچەڵ لەچنڵی بڵ مایەوە . خۆی تێردەکرد و دەپژایە سەرچەند ئیش و کارێک لەوئیشانەی کەبرادەرانی چنڵی بڵ پیٚ یان دەسپارد . ئیشەکانی ئەوەندە گورج ئەنجام دەدا بە خێرایی سەرنجی هەموویانی بۆخۆی ڕاکێشا و ئەوانیش ریزیان لیٚ دەگرت . لەچنڵی بڵ دا ریزلێنتن بەماڵ و سامان ئەبوو ، ئەسڵەن لەوێدا کەس ماڵ و سامانی ئەبوو . هەرچی هەبوو ماڵی هەموان بوو هەموو

کاریان دەکرد هەموو دەجنگین ، هەمووەدەیانجواردو لەکاتی دیاری کراودا کۆڕی مەی نۆشین و ساز و گۆرانی بەرپادەکرا ، وەختێك کۆرئۆغلو زرنگی هەمزە کەچەڵی بینی . بەخێو کردنی بارگیرێکی لەڕو لاوازی پێ سپارد . ئەم بارگیرە ئەوەندەی ئیش کربوو و باری کێشابوو لەپێشت و ئێسقان بەولاوە چیتری نەمابو . هەمزە دەستی بە بەخێوکردن و تیمارکردنی بارگیرەکە کرد . بەڵام چۆن چۆنێك ؟ بەیانیان و عەسران مشوری لێ دەخوارد وبەگیان ودڵ بۆ خزمەتی بارگیرەکەی ڕوودەکرد.ناوناوەش لەجۆ و ئالیکی ئەسپەکانی دەدزیەوە و بۆ بارگیرەکەی ڕوودەکرد . بارگیرە هەردەی خواردو دەی خوارد،تیمار کراو رۆژ بە رۆژ قەڵەو دەبوو و ئاهی دەهاتەوەبەر ، بە وێنەیەك لە ماوەیەکی کەمدا بەهێزبۆوە هاتەوە سەرەخۆ و ئامادە بوو بۆ کارکردن .، رۆژێك کۆرئۆغلو سەرێکی تەویلەی دا . یەکەم جار کە بارگیرەکەی بینی نەی ناسیەوە مات و بێ دەنگ بوو . ووتی :ـ هەمزە ! من نەمزانی تۆ ئەوەندە باش دەتوانی ئەسپ بەخێوبکەی . هەمزە ووتی :ـ لەبەرت گەرێم کۆرئۆغلو ، من لەوەتەی چاوم کردۆتەوە خۆم لەناو ئەم پیشەدا بینیوە و باب و باپیرەم هەر ئەمە کاریان بووە .

کۆرئۆغلو ووتی: نازانم چی بووە ئەمسال دورات کەمێك لاواز و بێهێز بووە ، وا باشترە بە دەستی تۆی بسپێرم ، هەمزە ، دەبێ ئەوەندە چاوەدێری بکەی بە زوترین وەخت بگاتە قێرات . هەمزە کەچەڵ بە بیستنی ئەمە وەك قەندی لە دەم بتوێتەوە وا بوو . ئێمرۆ دوراتی پێ دەسپێرین ، بەیانیش نۆرەی قیرات دادێ .

هاوڕێیانی کۆرئۆغلو ، بە ژن و پیاوەوە ڕازی نەبوون دورات بە دەستی هەمزە بسپێردرێ . بەڵام هەمزە ئەوەندە شوێنی خۆی لە دڵی کۆرئۆغلو دا کردبۆوە کە کۆرئۆغلو بچوکترین گومانی لێ نەکرد . دورات و قیرات پێکەوە لە تەویلەیەکدا ئاگاداری دەکران .؟ پێی هەردوو ئەسپ بە کلیلی لێمك جیا کە لە پچەکرا بوو لە سەر ئەوەش زنجیرێکی تۆکمە بە مێخ زنجیر دا کوترا بوو هیچ پاڵەوانێك بەی دەتوانی توخنی ئەسپەکان کەوێت گەر بە لاشی تێپەڕیبا نەی توانی ئەسپەکان بکاتەوە بیانرفێنێ . کلیلەکان لای کۆرئۆغلو بوون .

کۆرئۆغلو هەمزەی برد و دوراتی بە دەستی سپارد . هەمزە زۆر بە جوانی دەستی کردە بە خێو کردنی ئەسپەکان تا ئاو بتێزێتە پێستی و گۆشت بگەێتەوە و بێتەوە بارودۆخی جارانی کەچەڵ هەمزە جۆ و ئالفی لێ گرتەوە ئەسپە دەستی بە لاواز بوون کردەوە کۆرئۆغلو لە هەمزەی پرسی : هەمزە بۆ چی دورات دەستی بە لاواز بوون کردۆتەوە . رۆژ بە رۆژ بێ توانا تر دەبێ ؟ دەترسم باش چاوەدێری ناکەی ؟ هەمزە کەچەڵ ووتی : ئەوەی من لە



دەستم بێ درێغی ناکەم . بەڵام وا بزانم دورات پێویستی بە هەوای سازگار و سەر بەست هەیە ز ئاخر کۆرئۆغلو ئەم ئاژەڵە بەستەزمانە شەو رۆژ لە ناو تەویلەکە بەرێ دەکا دەست و پێشی زنجیر کراوە . هەر دەبێ ئەوە هۆی لاوازی بێ . کۆرئۆغلو کلیلی پەوەنی پێی دوراتی بە هەمزە دا کە ناوە ناوە ئەسپە کە بەرەڵڵا بکا و بی هێنێتە دەرەوە تا بایەکی لێ بدا . دیسان یاران ڕایان لە سەر ئەوە نەبوو کە پیاو لە هەموو کەسێك دڵنیا بێ . گەر هەمزە کەچەڵ دورات برفێنی و هەڵێ دەبێ چیبکەن ؟ ئەم جارە کۆرئۆغلو ژن و پیاوەکانی بێدەنگ کردەوە ووتی : هیچ مەترسن دڵنیا بن ئەمە ڕوونا دا . هەمزە کەچەڵ چەند رۆژێك دوراتی بەم شێوە بەخێو کرد هەر ئەوەی ناوی بێ هێزی و لاوازی بێ تێیدا نەما .

رۆژان بە سەر مۆڵەتی هەمزە تێدەپەڕی هەمزە دەترسا نەتوانێ لە کاتی خۆیدا قیرات بگەیەنێتە حەسەن پاشا و ماوەکەش دەهات تەواو بێ . پاش ماوەیەکی زۆر بیر کردنەوە و خەیاڵ و گومان و تیگەرانی ، لە ئەنجامدا شەوێك بە خۆی ووت : گەر من یەك دوو ساڵی تریش لێرەبم کۆرئۆغلو قیراتم ناداتە دەست وە هەروەها لە ( تەوقات ) یشدا کەس نیە فەرق لە نێوان دورات و قیراتدا بکا . وا باشترە هەر ئێمشەو دورات بڕفێنم و بۆ حەسەن پاشای ببەم پێی بڵێم ئەمە قیراتە . پاشدان کچی پاشا بگوازمەوە و چەند رۆژێك بە شادمانی ڕابوێرم و غەمی دونیا فەرامۆش کەم . تاکەی دەبێ ئاوا بەرماوەی سفرەی هەموو جێگایەك بە دەرنرێم ؟ کە کچی پاشا بوو بە ژنم ، ئیدی کەس ناتۆانی بە خراپ تەماشام بکا و پێم بڵێن هەمزە کەچەڵ . دەبمە هەمزە بەگ ! دەبمە زاوای پاشا ، زاوای پاشاش هەر کارێکی بیەوێ دەیکا . ئەو کاتە کفتی هەموو ئەو شەوانە لە سەر گوفەکەکان دەنووسم لە خۆم دەردەکەم و تۆڵەی تێکرای ئەو شەوانە دەکەمەوە کە بە برسیەتی دەمامەوە .

بۆ خۆم لە هاوینە هەوارەکاندا کۆشکی ڕازاوە و قەشەنگە دەبێ ، بێ حیساب کە نیزە و کارە کەرم دەبێ ملێون ملێون پارە خەرج دەکەم ، شەرابی گران بەها دەخۆمەوە ، کەباب و گۆشتی عەلەشیش و سوێسکە دەخۆم و جل و بەرگی خشڵدار و ڕازاوە دەپۆشم ، ئەو حەلە شکارگەی تایبەتم دەبێ ، مەیتەر و دەرکاوانم سدەبێ ! ... ئاخ ، خوایە !... خەریکی لە خۆشیانا شێت ببم ! ...

هەمزە کەچەڵ ئەم بێرانەی دەکردەوە و خۆی بۆ هەڵاتن ئامادە دەکرد . دوراتی زین کرد و لەی داو رۆیشت ، وەك با لە جنڵی بل دوور کەوتەوە . بەیانی ( دەلی ) مەیتەر هات سەرێك لە ئەسپەکان بدا ، دیتی نە دورات لە شوێنی خۆیەتی و نە هەمزە کەچەڵ ، تێکەیشت کە وا کار ترازاوە . بە تورەیی و هات و هاوارەوە هاتە سەر سەری کۆرئۆغلو

بێداری کردەوە و ووتی : هەڵسە ئیتر وەختی خەوتن نی‌یە . هەمزە کەچەڵ دوراتی ڕفاندوە .

دەنگ لە جنڵی بڵ بڵاو بۆوە . هاورێکانی بە ژن و پیاوەوە دەستیان بە سەرزەنشتی کۆرئۆغلو کرد .

مەگەر پێمان نەوتی نابێ باوەڕ بە هەموو کەسێك بکەی ؟.

چ ئەسپی پیاو برفێنن چ ژنی فەرقی چی‌یە ، هەر دوکیان هەر ناموسن . تا ئێستا لە ترسی ئێمە پەلەوەڕ نەی و پڕاوە لە ئاسمانی چیڵی بڵ دا باڵ لێك بدا .

هەر کە ناوی جنڵی بڵ و هاورێکانی دەهات خان و پاشاکان و خانی گەورە وەك دار بێ لە بەر خۆیانەوە هەڵدە لەرزین بەلام سەیری ئێستا کارمان بە چی گەیشت ، بابایەکی کەچەڵی بێ رەچەڵەك هاتووە لێرە ئەسپ ئەدزێ و دەی‌رفێنێ . هەر ئێمرۆ و سبەیە خەبەر دەگاتە هەموو جێ‌یەك لە هەموو لایەکەوە دوژمنانی ڕوومان تێدەکەن . کۆرئۆغلو تۆ بە دەستی خۆت کارێکی وات کرد ئەگەر هەموو دونیا دەستی لە ناو دەستی یەك نابایە ، نەی توانی ئەمە بکا ، دەبڵێ بزانین دورات لە کوێ پەیدا دەکەیەوە ؟

کۆرئۆغلو ووتی : دورات نەماوە بەڵام قیرات لە شوێنی خۆیەتی سواری دەبم و دەڕۆم دورات پەیدا دەکەمەوە ، هێندەم سەرزەنشت مەکەن . نیگار خانم هاتە پێشەوە و ووتی : بۆ چی سەرزەنشتت نەکەین ؟ تۆ یاسای جنڵی بڵت شکاندوە ، مەگەر تۆ خۆت بە ئێمەت نەو تووە کە وا نابێ دیلی هەست و بەزەی و خۆشەوویستی کوێرانەی خۆمان بین ؟ مەگەر خۆت نەتوتووە جارێك خۆوویستی نابە جێ هەزار و یەك خیانەت و گرفتاری بە دوا دادێ ؟ بە بەزە و دڵ پی‌سوتانی بێ‌جێ پێی سیخور و خەفیە و خیانەتکارانت بۆ جنڵی بڵ کردەوە . تۆ چوزانی ئەم خەفیەیە لە کوێ ڕا هاتووە و دوراتی بۆ کوێ بردوە ..

دەڵێی بە دوای‌دا دەڕۆم ئەسپەکە پەیدا دەکەمەوە ؟ دورات رۆیشت و ئیتر دەبێ چاوەروانی هەڵەتی دوژمن بکەین ... دورات دیوارە پۆڵاینەکانی جنڵی‌بڵ درزیان بردوە ئەمەش دوژمنان خۆش حاڵ دەکا .

کۆرئۆغلو زۆر پەست بوو پڕیشکی دەهێنا بەڵام لە بەر ئەوەی دەیزانی خۆی گوناهبارە هیچ دەنگی نەدەکرد تەنیا لە پەستی و پەریشانی سمێڵەکانی خۆی بادەدا و دەی جووین . لە ناکاوە هەڵسا و ڕووی لە ئیواز کرد و نەعرەتەی لی‌دا : ئیواز ، شەرابم بۆ بێنە ! ئیوازی پاڵەوان شەرابی هێنا . کۆرئۆغلو هەفت کاسە شەرابی بە دوای یەك دا خواردەوە پاشدان ڕووی لە (دەلی) مەیتەر کرد و نەعرەتی کێشا : ئەسپە کەم زین کە قیراتیان زین کرد و



بۆیان هێنا ، ئەو وەختە کۆرئۆغلو بێ زمان ببوو . ورتەی لێوە نەدەهات . ئەوەندە سوور هەڵگەڕابوو وات دەزانی ئێستا ئاگر دەگرێ . قیرات کە کۆرئۆغلو لە سواری پشتی خۆی بینی . دەرکی بە گەرمی پەستی ئەوە کرد ، سمکۆڵی کرد تۆز و کەردێکی وای بەرز کردەوە پاڵەوانانی لە بەر چاو بزر کرد ئینجا کۆرئۆغلو نەڕاندی بەڵام چۆن نەڕەیەك ئەگەر لە گۆرپانی شەڕ دەبوو لەشکری زارەترەك دەکرد و یاڵ و گەردەنی بەرز کردەوە و وا حیلاندی تا شەبەردی لە بەرزایی یاندا هێنایە لەرزین و خستنیە خوارەوە . دەنگیش لە سەد لوتکە و شوێنی جنڵی بڵ دا دەنگی دایەوە لە وەختەدا سەد و یەك ئەسپ پێکەوە دەیان حیلاند ، سوارە وەك بروسکە لە نێو تۆز و گەردەوە دەرپەڕین و لە کێوەکان نشێو بوونەوە . لە پاش چرکە یەك هاوۆێ یانی جنڵی بڵ لە سەر تاشە بەردوکان لەو شوێنانەی پاسەوانیان دەکرد ، لە جەرگەی پێ‌دەشتدا پەڵەیەکی سپیان بینی دوور دەکەوتەوە و هێڵێکی سپی بە دوای خۆی‌دا دەکێشا .

هەمزە کەچەڵ لە ترسی گیانی خۆی لە هیچ شوێنێك نەوستا . ئەسپی تاوەدەدا و دەرۆیی ناو ناوەش ئاورێکی دواوەی دەدایەوە و لە ئەسپەکەی دەخوڕی هێندی نەمابوو بگاتە ( چل ئاشی ) سەر رێگای دیسان سەیرێکی دواوەی کرد بینی وەك ئەوەی زەوی بهاڕ درێ تۆز و گەرد بەرز دەبێتەوە ئاسمان ، نەختێك سەرنجی دا بینی کۆرئۆغلوە و سواری قیرات بووە و هەوراز و نشێو ناپرسێ و وەك با دێ و ئەگەر بێەرێ ها پرون بە ها پرون دەبێ ، تف لە دەمی هەمزە کەچەڵدا ووشك بوو ، و ناشتویانە ، جگە لەوەی بە خێرایی خۆی گەیاندە ناو دەرگای ئاشەکە و دابەزی هیچی دیکەی بۆ نەکرا جڵەوی دوراتی لە دەرگا بەستەوە و بە خێرایی ئاشەوانەکەی بانگ کرد هۆ ئاشەوان کوڕە بەدبەخت خێرا وەرە دەرەوە ! ئەجەلت گەیشتۆتە ناو دەرگا . ئاشەوان یەکسەر هاتە دەرەوە ، برا چی بوو ؟ .. چیت لە پیرەمێردێکی وەك من دەوێ ؟

هەمزە ووتی : من هیچم لێت ناوێ ، سەیر کە ، ئەوەی خەریکە بۆ ئەم ناوە دێ کۆرئۆغلوە لە ( جنڵی بڵ )ەوە دێت . ڕەوە ئەسپەکەی تووشی گەڕی بووە هیچ داو دەرمانێك نەخۆشێەکەی لە ناو نەبردوە دوا نهێنی حەکیمەکان پی‌یان وتووە تەنیا مێشکی ئاشەوان دەوای ئەم دەردەیە . ئێستا کۆرئۆغلو بە دوای مێشکی ئاشەواناندا دەگەڕێ تاکو ئەسپەکانی چاك بنەوە وە یا نەخۆ بە بێ ئەسپ ناتوانێ لە گەڵ خان و پاشاکاندا شەڕ بکا . حەسەن پاشا ناردومی ئاشەوانەکان خەبەردار بکەم بۆ ئەوەی گیانیان قوتارکەن . مەگەر نەتبیستووە حەسەن پاشا دەیەوەێ لەشکر بکاتە سەر جنڵی بڵ ؟ .

ئاشەوان قسەی پێ نەدەکرا ، سەرەنجام ووتی : بۆ چی ، بیستوومە بەڵام ئێستا چی دەڵێی خاکی بکەم بە سەرما ؟ هەفت هەشت نان خۆرم هەیە . بۆ کوێ دەتوانم سەرهەڵگرم ؟ هەمزە کەچەڵ ووتی : خێرا کە خۆت ڕووت کەوە جلەکانی من لە بەر کە برۆ ژێر دۆزەقەی ئاشەکەوە و خۆت حەشاردە . من کۆرئۆغلو خەریکی ئەکەم ئەگەر نەشم توانی با بمکوژێ ، تۆ ماڵ و منداڵت هەیە ، دڵم نایە هەشت سەر خێزان بە هەتیوی و بێ سەریەرشت بمێننەوە .، من مرۆڤێکی بێ کەسم لە ژیان تێر بووم ئاشەوان بە خێرایی جلەکانی داکەند و بەرگی کەچەڵی لە بەر کرد و چووە ناو دۆزەقەی ئاش و خۆی حەشاردا هەمزە کەچەلیش جلەکانی ئاشەوانی لە بەر کرد و خۆی لە ناو کەندوی ئارد نا و سەرو رووی خۆی بە ئارد کرد لە ناکاو کۆرئۆغلو وەک ئەجەل گەیشتە ناو دەرگای ئاش و هاواری کرد : هۆ ئاشەوان زوو وەرە دەرەوە .

هەمزە کەچەڵ بە بەرگی ئاشەوانی هاتە دەرەوە و ووتی : لە گەڵ منت بوو ؟ لە خزمەت دام .

کۆرئۆغلو لێی پرسی : هەر ئێستا ئەسپ سوارێک پێش من هاتە ئێرە چی لێهات ؟

هەمزە کەچەڵ ووتی : چوە ناو کوڵی ئاش و خۆی حەشارداوە . نازانم چ کەتنێکی کردوە کە ئێوەی بینی رەنگی زەرد بوو و خۆی حەچشاردا و پێشی ووتم جێگاکەی بە کەس نەڵێم .

کۆرئۆغلو خۆی فڕێدا و لە ئەسپەکەوە هاتە خوار ووتی : تۆ جڵەوی ئەسپەکەم بگرە ، خۆم دەزانم چ رۆژگارێکی بە سەر دەهێنم . جڵەوی قیراتی دایە دەست هەمزە و چووە ژورەوە خۆی شۆڕ کردەوە و بانگی کرد : دەوره دەرەوە هەمزە ! ئاشەوانەکە زیاتر هەڵکشا و ووتی : بۆ بێمە دەرەوە ؟ من لەو مێشکانەم نی‌یە گەڕی ڕەوگەی تۆ چاک بکاتەوە . وا باشتر هەر لێرەدا بمرم و نەیەمە دەرەوە . کۆرئۆغلو پێی ووت : وەل بە ئەحمەق ؟ گەڕی چی و مێشکی چی؟ پێت دەڵیم وەرە دەرەوە لەمە زیاتر تورەم مەکە : ئاشەوانەکە زیاتر هەڵکشا بنەبان . کۆرئۆغلو بۆی شۆڕ بۆوە و تا لە ئەنجامدا پێی ئاشەوانی گرت و ڕای کێشایە دەرەوە بەڵام کە چاوی پێی کەوت ، بینی گەزی چی و جاوی چی ، کەچەڵ لە کوێ و ئەم پیاوە بەستە زمانە لە کوێ . ئەمە یەکێکی‌ترە ، ئەوساکە تێگەیشت کە وا کەچەڵ پووشی لە پشتی بەستووە . یەکسەر هەڵسا و بۆ دەرەوە ڕای کرد . لە دەرەوە چی بینی ؟ بینی هەمزە کەچەڵ سواری قیرات بووە و خەریکە دەڕوا .



ئەو کاتانەی هەمزە دوراتی تیمار دەکرد ، ئاشنایەتیە کیشی لە گەڵ قیرات دا پەیدا کرد بوو . جگە لەوەش کۆرئۆغلو خۆی جڵەوی قیراتی بە دەستی هەمزەوە سپارد بوو . ئەمە بوو هەمزە توانی بووی لە گەڵ نەختێک دڵنەوایی و زمان نەرمی سواری قیرات بێ .

ئیتر کۆرئۆغلو کات و شوێنی نە دەناسی . غەزەب چاوەکانی کوێر کرد بوو . ویستی شمشێر هەڵکێشێ و هێرش ببا بەڵام بیری کردەوە ئەگەر قیرات یێ بزێوی بکا باڵندەش نایگاتێ ، ئەو کاتە ئیشەکە ئاڵۆزتر دەبێ . لە بەر ئەوە نەختێک هێمن بۆوە و بە هەمزەی ووت : هۆ هەمزە ، بە تاو هاتووم قیرات ئارەقەی کردوە ، ئاخر ئەوها سواری دەبێ ئەسپەکە نەخۆش دەکەوێ . دابەزە کەمێک بڕوا تا عەرەقی وشک دەبێتەوە .

هەمزە وەڵامی دایەوە : هیچ عەیبی نی‌یە . وردە وردە دەڕۆم خۆی عەرەقی ووشک دەبێتەوە . هەمزە ئەوی وت و ئەسپەکەی لێ خوری ، کۆرئۆغلو بینی هەمزە کەچەڵ زۆر ناشیانە ئەسپەکەی دەئاژوا ، جڵەوی وا ڕادەکێشسا هێندەی نەدەما لغاوەی ئەسپەکە لێک هەڵزرێنێ ، کۆرئۆغلو لە تینی دا نەما و ئازاردە دەی .؟ مەگەر نازانی قیراتم لە هەر دوو دیدەم خۆشتر دەوێ ؟ ئەو نان و نمەکەی کە دامە تۆ چاکت پاداشەکەی دامەوە .هەمزە ووتی :

تۆ پاڵەوانی ، ناو ناو بانگت هەیە ، بە پیاوێکی مەرد و لە خۆ بور ناو بانگت دەر کردوە لە مانگێت کەمتر پاش ماوەی سفرەکەتم خواردوە ، بۆ بە ڕووم داده دەیەوە ؟ بۆ تۆ باش نی‌یە ، ئێستا ئەسپێک چ نرخێکی هەیە ئەم هەمووەی بۆ ئەپارێیەوە !

کۆرئۆغلو ووتی: هەمزەی تەڵە کەباز ، ئەم رێگایە مەگرە بەر تۆ خۆت دەزانی قیرات مانای چیە ، ئەگەر ئێستا پاشا و خانەکان بزانن قیرات ڕفێنراوە ، دەزانی چەندە خۆش حاڵ دەبن ؟ هەمزە ووتی : کۆرئۆغلو ئیتر دەبێ من برۆم ئو قسانە دەرمانی دەردم نادا . هەر کە ویستی بڕوا کۆرئۆغلو ووتی : هۆ هەمزە ، گوێ بگرە بزانە چی دەڵێم ، من چاک دەزانم کە خۆت ناتوانی قیرات بپارێزی . بەراستی بڵی کێ تۆی بۆ جنڵی بڵ نارد ؟ هەمزە ووتی :

کۆرئۆغلو ، چاک بزانە ، لە جنڵی بڵ هەرچیەکم پێ ووتی ڕاست بوو . ئەمە سەر کەچەڵە دونیای بەم پان و بەر گوشادی‌یەوە لێوێک هێنا بوومەوە . بۆ هەر شوێنێک چووم وەکو سەگ هەیدێ یان لێ کردووم . کەس حەزی لە بینینم نەکردوە . ئێستاش قیرات بۆ حەسەن پاشا دەبەم تا رۆژێکی روناک ببینم . تۆکەی خۆم لە چارە نووس وەر گرمەوە .

کۆرئۆغلو ووتی : تۆ خۆت ئەم بیرەت کردەوە یان حەسەن پاشا ئەم رێگایەی بۆ دانای ؟

کۆڕئۆغلو بیرێکی کردەوە و ووتی : چ تۆ و چ ئەو کەسانەی دەتگەیەننە ئەم رۆژە رۆشنە خەیاڵتان خاوە ؟هەمزە ووتی :

رەنگە چارە نوسم بەم جۆرە بووە یان شایەد خوا خۆی وای لێ کردم چوزانم ؟ من تەنیا دەمەوێ تۆڵە لە چارە نووس بکەمەوە .کۆڕئۆغلو ووتی : هەمزە ، تۆ وەک ملیۆنان هاو وڵاتی دیکەمان بە دەستی حەسەن پاشاوە لە رۆژە رەش دای . تۆ لە باتی ئەوەی شەڕیان لە گەڵدا بکەی کۆمەکیان دەکەی . تو ناپاکی لە گەڵ جنڵی بڵ و ملیۆنان هاو وڵاتی دەکەی . قیرات بێنە با بەرەو جنڵی بڵ بگەرێینەوە . دەبێ تۆ لە گەڵ برادەرانی جنڵیبڵ دا بیت و دژی حەسەن پاشا بجەنگی . لەو رێگەوە تۆ دەتوانی تۆڵە بسێنیتەوە و لە گەڵ ملیۆنان هاو وڵاتی دیکەدا بە رۆژێکی روناک بگەی . هەمزە ووتی:

کۆڕئۆغلو من رێگای خۆم هەڵبژاردوە . هیچ پەیوەندی یەکم بە هاووڵاتیانەوە نی‌یە . هەر کەس لە بیری خۆشبەختی خۆی دایە ، وا من رۆیشتم . کۆڕئۆغلو بانگە کرد و ووتی : ناپاک ، ئەسپەکەم بدەوە ، هەر چەند پارە دەوێ لە منی وەربگرە . کەچەڵ پێ کەنی و وەڵامی دایەوە : کۆڕئۆغلو تۆ خۆت دونیادیدەی مەگەر نازانی خواش ناتوانێ فێل لە کەچەڵان بکات ؟ باشە وامان دانا من لە ئەسپەکە دابەزیم و پیادە بووم ، ئەو کاتە تۆ لێم دەگەرێی ، هەر چەندەکم پارە بوێ دەمدەیەتیێ ؟ بە گیانی کۆڕئۆغلو ناتوانم مامەڵە بکەم . ئیتر لێم گەرێ برۆم و لە بەر چاوت ون بم ، رێگایەکی درێژم لە پێشدایە . بەرەو ( تۆقات ) دەڕۆم تۆ ئەگەر کۆڕئۆغلوی بە راستی ، وەرە قیرات لە حەسەن پاشا بستێنەوە ، لێم گەرێ لەم رێیەدا بە نەوایەگ بگەم ، ئیتر وازم لێ بینە . کۆڕئۆغلو پێی ووت :

هەمزە ، رواستە با نرخی ئەسپەکەت پێ بڵیم تاکو فێڵت لا نەکەن : قیرات لە هەشتا هەزار سەر کردە و هەشتا هەزا ر سەرٍ مەرٍ و هەشتا هەزار خەزێنە و پارە و هەشتا هەزار رەوگە و هەشتا هەزار ئەسپ و هەشتا هەزار سەر گا زیاترە . هەمزە پێی وتەوە : کۆڕئۆغلو دڵنیا بە من قیرات بە ماڵی دونیا ناگۆڕمەوە . شەرتم لە گەڵ حەسەن پاشا کردوە کە کچی بچوکی ( دونا ) خانم بداتێ . ئەوا من رۆیشتم و خۆشت دەزانی . ئەگەر قیراتت خۆش دەوێ وەرە توقات . منیش لە وێم پەیمانت دەدەمێ یارمەتیت دەم . خواحافیز .

ئیتر کۆڕئۆغلو جلەوی خۆی بۆ نەگیرا و هاواری کرد : برۆ هەی ناپاکی تاوانبار ، ئەگەر سەرت وەک خەیار نەپەرێنم دیارە من کۆڕئۆغلو نیم . پەیامی منیش بە حەسەن پاشا بگەیەنە و پێی بڵی « گەر زمانی لە گوێیەوە دەر نەهێنم کۆیر ئۆغلو نەبم باش ، نامەرد ئەگەر ماڵی خۆی نەکەمە گۆڕی ، ناکەسبم ئگەر قیرات بە خوێنی خان رەنگ نەکەم .



هەمزە کەچەڵ ووتی ئەمەیان تۆ و حەسەن پاشا دەیزانن ، پەیوەندی بە منەوە نی‌یە . هەم.زە ئەمەی ووت و ئەسپەکەی تاودا و هەندێ بڵێی یەک و دوو لە چاوان ون بوو . کۆڕئۆغلو بە تەنیا لە بەر دەرگای ئاشەکە کەوت و دەینەڕاند و هاواری دەکرد . پاشدان دانیشت و سازەکەی بە سنگەوە گرت و سازێکی خەمبار و حەسرەت ئامێزی ژەنی و عاشقانە و تۆڵە سێنانە گۆرانی چڕی . ئێستا چۆن دەگەرێتەوە جنڵی بڵ و سەیری هاورێکانی دەکا ؟ ئەگەر نیگار ، دەلی حەسەن ، دەلی مەیتەر ! ئیواز ، دمیر چی ئۆغلو و پاڵەوانەکاتر بپرسن چیت لە قیرات کرد چ وەڵامێکی هەیە بیانداتەوە ؟ هەمزە کەچەڵ داغێکی وای بە جەرگیەوە نا بوو وەک ئەوەی هیچ ئاوێک ساردی نەکاتوە . ئەو و ئاشی بێدەنگ و وێرانە چ تەنیایی‌یەکی پڕٍ لە ئازار بوو ! سازەکەی فڕێ دایە لایەک و بە سەردەم دا کەوت چنگی لە زەمین گیر کرد . شەو داهات ، لە مێژ بوو ئاشەوان ڕای کرد بوو و هەڵاتبوو .

کاتی کۆڕئۆغڵو چاوی هەڵینا بینی تازە هەتاو هەڵاتبووە ، زۆر برسی بوو ، دوراتیش لەمێژ بوو جۆی نەخوارد بوو ، لەم کاتەدا پیاوێک بە دووگای بە بارەوە گەیشتە جێ ، لە کۆڕئۆغلوی پرسی : ئەرێ برام ئاشەوان لە کوێیە ؟

کۆڕئۆغلو وەڵامی دایەوە و ووتی : ئاشەوان لێرە نیە ئێستا من لێرەم . پیاوەکە باوەڕی نەکرد . کۆڕئۆغلو چی ماوەی قسە کردنی نەدا و یەکسەر جەواڵەکانی لە سەر پشتی گایەکان هێنایە خوارەوە و فرێی دانە ژوورەوە . دوو جەوالْ جۆ بوو و لە بەردەمی دوراتی هەڵڕشت . دوو جەوالْ گەنمەکەیشی برد بیکاتە ئارد . پیاوەکە ویستی قسەیەک بکا بەڵام لە ترسی ڕووە پەست و گرژەکەی کۆڕئۆغلو هەویری کرد و نانیشی برژاند ، پاشدان گایەکی سەربری و کەبابی لە شیش دا و دانیشتە سەر خواردنی ، کە تێر بوو بە زەڵامەکەی ووت : نرخی گا و گەنم و جۆیەگەی دەقات دایەوە ، پاشدان سواری دورات بوو بەرە جنڵی‌بڵ کەوتەوە رێ . یاران بە ژن و پیاوەوە بۆ کۆڕئۆغلو نیگەران ببون چاویان لە ریچگا بوو کەوا کەێنی کۆڕئۆغلو دەگەرێتەوە . لە ناکاو بینیان کە کۆڕئۆغلو دەهات : جڵەوی دوراتی گرتووە ، سەری لە بەر خۆی ناوە و سەروریشی وەک ئاشەوان بە ئارد . هەموو سەریان لە بەر خۆیان نا ، نە سەڵامێکی کرد و نە کەلامێک ، نە کەسیش حاڵ و هەواڵی پرسی . کۆڕئۆغلو گەیشتە جێ ، ئیواز بەرەو ڕووی چوو و پێی ووت : کۆڕئۆغلو وادیارە مامەڵەیەکی چاکت کردوە ، دەبڵێ بزانم چەندیشت سەر ڕاداوە تا دوراتت هێناوە ؟ ئەم ئاشەوانیشی کە فێری بوویی پیرۆزت بێ .کۆڕئۆغلو زۆر جاران سەفەری کردبوو بەڵام کە دەگەڕایەوە یاران هەرگیز بەم سارد و سوریەوە ڕووبەڕووی نەببونەوە . ژنەکان

ڕوویان لێ وەرگێرا و پیاوان وەڵامی سەلامیان نەدەدایەوە . لە هەمووی ناخۆشتر قسە ڕەقەکانی ئیواز بوو وەک کێو لە سەر دڵی قورس بوو و ئازاری دەدا . کۆرئۆغلو لە حالێکی وادا بوو هێندەی نەمابوو فەرمێسک بە چاوەکانیدا بێتە خوارەوە . لە دوایی‌دا سازەکەی بە سنگەوە نا و پەند و گورانی‌یەکی دڵتەزێنی چڕی و دەیوت : ئاخر بۆچی ئەوەندە مەمولو خەمباران ؟ بۆچی بە زەرەخەنە یەک ، بە دوو قسەی خۆش شادم ناکەن ؟ ماڵی دونیا وەک چلکی دەستە ، ئتر ئەمە ماتەی پێ ناوی بە خەندەیەک شادم کەنەوە ، مات و مەلول مەبن . ئاگرتان تێبە دام . دڵتان کردمە کەباب من خەمی خۆمم بەسە ئیتر ئێوە ئەم هەمووە لە دڵ خۆتان مەگرن . یاران زۆر رەنجا بوون ، ئەم قسانە دڵی نەرم نەدەکردن . کەس سەیری کۆرئۆغلوی نەکرد ، هەندێکیشیان دەسیان کرد بە بەرهەڵستی و دەیان وت : قسەی ئێمە لای کۆرئۆغلو پولێک ناهێنێ ، ئیتر لە جنڵی‌بڵ بێ ئێش و کاریک ، بەرەللاین ، وا باشترە هەر کەسە بە دوای ئیشی خۆی دا بڕوا .

ئەم قسانە کاریان لە کۆرئۆغلو کرد . لە لایەک قیراتی لە دەست چوو لە لایەکی ترەوە بابایەکی کەچەڵ کلاّوی لە سەر نا بوو ، ئێستاش ئەم هەموو دەرد و میحنەتە بەس نەبوو بۆ ئەوەی برادەرانی دەست کەن بە سەرزەنشت و سەر کۆنە کردنی ز ئیتر کۆرئۆغلو خۆی بۆ نەگیراو لە ناکاو بە دەنگێکی بەرز ووتی : من کەسم بە زۆر نەهێناوەتە ئێرە . هەر کەسێکی دەیەوێت بڕوا با بڕوا . ئەسپەکە هی خۆم بوو ، ئێستا لە دەستم دا لە دەستم دا ! پەیوەندی بە کەسەوە نی‌یە . ئەم قسەیە هاورێکانی لە ئیمان بردە دەەر . لە جنڵی‌بڵ ئاژاوە کەوتەوە . لە هەر گۆشە و کەنارێک یەک دوو پاڵەوان خۆیان قانماز ، ئەمانە لە سەر کردە ناودارەکانی کۆرئۆغلو بوون لە گەڵ چەند سەر کردەیەکی دیکەدا ، سەیری بیگار خانیان کرد . نیگار لە ناو هاوریێیان قایە و رێزیکی گەورەی هەبوو ، ئەو لە سەر جوانی و پاڵەوانیشی ، زۆر کارزان و بە هۆش بوو .

یاران هەموو گوێیان لە قسەی دەگرت ، نیگار کە بینی ناتەبایی لە نێوان پاڵەوانان‌دا کەوتەوە و خەریکە کار بگاتە لێک جیابوونەوە ، هەڵسایە سەرپێ ، تێکرای ئەوانەی خەریکی رۆیشتن بوون لە جێگای خۆیانی دانانەوە . دمیر چلی ئۆغلو ، ئیواز ، دەلی مەهدی ، چوپور سەفەر ... هتد ، نیگار سەیرێکی هەمووانی کرد و پێی ووتن : مەگەر ئەوتان لە بیر چوو یتەوە کە بۆژی بۆ جنڵی بڵ هاتووین ؟ ئێمە بە خوێنی خۆمان ئەم ئۆردوگایەمکان دامەزراندوە تا ئەو کاتەی ستەم لی کراوێک لەم ولاّتەدا مابێ ، دەست لە خەبات هەڵنەگرین . تا ئەو کاتەی ژیانی پڕ لە هاوکاری و برایانەی جنڵی بڵ لە سەراپای ولاّت دا بۆ



هەموو مرۆڤێک دروست نەکەین ، مافی لێک جیا بوونەوەمان نیە ، ئەگەر کۆرئۆغلو خۆی دەیەوەی دەتوانێ بڕوا . ئێمە تا گیانمان لە لەشدا ما بێ ، شمشێرمان فرێ نادەین . مەگەر رۆژێک هەموو دوژمنانی مەردوم و هەموو مفتەخۆران لە رەگەوە دەرهێنین .

نیگار کە قسەکانی تەواو کرد هاتە ناوەراستی سەر کردە و پاڵەوانەکانەوە دانیشت و رووی کۆرئۆغلو وەرگێرا .

داخی نیگار لە کاتێکی وا دەڵی کۆرئۆغلوی شکاند بوو زۆر پەستی کرد بوو . سازەکەی بەسینگەوە گرت دەستی بە سازژەنین و گیلەیی کرد لە نیگار « کچی نیگارە شۆخ و شەنگەکەم ، تۆ لە کوێ مێر بووی دڵ/ بشکێنی ، ئاخر بۆچی وەک ئاسکی تورە سەیرم دەکەی ؟ تۆیەک کە هیچ کاتێک تورە بونت نەدەزانی ! » نیگار قسەی نەکرد و هەتا سەریشی بڵند نەکرد و سەیری کۆرئۆغلو بکا . کۆرئۆغلو هێندەی نەمابوو اە هارژنی گریان بدا . دوبارە سازەکەی ژەنیەوە و دەستی بە گلەیی کرد و ئاواتی دەخوازت و تکای دەکرد : ئاخر بۆ چی ڕووم لێ وەردەگێری ، نیگار ؟ دو قسە بکە بزانم گوناهم چیە . نیگار بە تیلەی چاو بە دزە دزە سەیری دە کردو بە دەنگێکی بەرزەوە وتی : یەعنی تۆ گەیشتویەتەتیە ئەوە دەڵێی هەر کەسی ویستی دەتوانێ بە دوای ئیشی خۆێدا بڕوا ؟ نرخی زێر لای زێرنگەرە . تۆ لە ئێستاوە دەستت بە خۆ پەرستی کردوە ، ئەی چۆن دەتەوێ بە دادی خەڵکی بگەی و ڕاپانکێشیتە ناو تێکۆشانەوە ؟ هەڵبەتە هەر کەسێ وەک تۆ لە خۆ بایی بێ هیچ وەختێک قەدر و قیمەتی خەڵکی نازانێ . ئێمە بۆ ئەوە لێرە کۆبوینەتەوە تاکو هەر کەسێک هەر کارێکی وسیتی بیگا . عاشقی چاو و بروّی تۆش نیە تا هەر چیەکت ووت لێت قبوول کەین . ئێمە بە هەوای ئازایەتی و ئازادی بیری تۆ هاتوینەتە جنڵی‌بڵ و سەر کردەیی تۆمان قبوڵ کردوە . ئێمە لێرەدا کاردەکەین و شەڕ دەکەین و خوشک و برایانە دەژین . هەموومان مافی قسە کردنمان هەیە و خەوش و هەڵەی یەکیش بڵێین . ئەگەر کەسێک لە نێوانماندا بێت و نەیەوێت خەوش و هەڵەی خۆی قبوڵ بکا هەڵبەتە دەبێ ڕووی لێ وەرگێر درێ . ئینجا با هەر کەسێک بێ من ، مەحبوب خان ، کۆرئۆغلو ، دمیرچی ئۆغلو ، گورجی مەمەد ، یا ئەو کەسەی کە لە نوێ هاتۆتە ئێرە هیچ جۆرە ناو بانگێکی نیە . وا دەگێرئەوە کە ئیدی کۆرئۆغلو یەک قسەی نەکرد . ئەوەندە لە هەڵەکەی شەرمەزار بوو پەشیمان ببۆە لە داخان سەری لە بەر خۆی ناو رۆیشت لە گۆشەیک لە سەر سەوزایی یەک لە سەردەم کەوت . سێ شەو و رۆژان بە برسییەتی و تێنوەتی بە بێ جوڵە لێی نووست . لەو لاشەوە دانیشتن و پێکەوە ڕاوێژیان کرد و گۆتیان : ئێمەش هەڵەمان کرد لەباتی هێز

خستنە دڵ و گیانی کۆڕئۆغلو سەرزەنشتمان کرد و حاڵیمان پەرێشانتر کرد و دڵیمان شکاند . هەر کەسێکی بۆ لای کۆڕئۆغلو چوو بۆی بیدار نەکرایەوە و گەڕایەوە . لە ئەنجامدا دەستە و دامەنی نیگار خان بوون . دمیرچی ئۆغلو ووتی : نیگار ، ئێدی دەبێ تۆ دەست بدەیە ئەم کارە غەیری تۆ کەسیتر ناتوانی دڵی کۆڕئۆغلو چاک کاتەوە . نیگار ووتی :

باشە ، ئێستا لێگەرێن با بنوێ . کاتێ دەیەوێ بیدار بێتوە هەمووتان بڵاوەی لێ بکەن ، ئەو کاتە ئیواز دەچێ دەبهێنێتە لای من ، من دەزانم بە چ جۆرێک دڵی کۆڕئۆغلو چاک دەکەمەوە و ئاشتی دەکەمەوە .

یاران هەر کەسە بۆ ماڵی خۆی چۆوە ، ئێستا گوێت لە کۆڕئۆغلو بێت ، رۆژی سێیەم خەوونی بینی کە بە سواری قیرات لە توقات دا بەرانبەری حەسەن پاشا وەستاوە هاوار دەکا و مەردی گۆەپانی دەخوازێ . لە نکاو لە خەوەکەی ڕاپەڕی و ئیوازی بە سەر سەری خۆیەوە بینی . وەک هەموو خەمی دنیایان لە دڵی دا کۆ کردبێتەوە بە دوو قسە وەک هەوری بەهار دابە کوڵی گریان و بە دیتنی ئیواز ئاگری گرت . سازەکەی لە باوەش گرت و دەستی بە چڕینی گۆرانی خەم نگلێز کرد و دەیوت : ئیواز بۆ چی هێندە پەرێشانی ؟ داوای سەرم دەکەی ؟ گیانمت دەوێ ؟ بڵێ ! ئەوها غەمکین و گیرۆدە دامەنیشە تاوەکو کۆڕئۆغلو زیندو بێ نابێ گەردی خەم بە رووی جنڵی بڵەوە بنێشێ . ئیواز ووتی : هەڵسە ، کۆڕئۆغلو هەڵسە با بڕۆین هەموو چاوەرێی تۆ دەکەین . کۆڕئۆغلو ، سازەکەی بەلاوە نا و ووتی : دەبێ جارێکی تر پیاو و چنانی جنڵی بڵ چاوەڕوانی من بکەن ؟ من ئەوانم وا رەنجاندوە جارێکیتر سەیری ڕووم ناکەن .ئیواز ووتی :

کۆڕئۆغلو ، ئەمە قسەیە تۆ دەی کەێ ؟ تۆ سەر کردەی ئێمەی . کۆڕئۆغلو ووتی :

تا قیرات نەهێنمەوە ناتوانم بێمە لای هاورێیانم . ئیواز ووتی ئەی ئێستا چاوەڕوانی چی دەکەی ؟ هەڵسە جلەکانت لە بەر کە ، چەک هەڵگرە و بڕۆ .

کۆڕئۆغلو هەڵسا ، هێشتا یەک دوو هەنگاوی نەنابوو کە دەنگ و ئاوازی ساز و گۆرانیەک هاتە گوێی ، ئەوەندە سۆزاوی و حەسرەتناک بوو تاکو باڵندەکانیش لە ئاسمان لە فڕە کەوتن و هەڵنیشتن . کۆڕئۆغلو سەیریکی دەور و بەری کرد ، لە نا کاوێک نیگاری بینی لە بەرزاییەکەوە لە ژێر دارێک وەستا بوو سازی دەژەنی و گۆرانی دەچڕی و کۆڕئۆغلوی بانگ دەکرد .

کۆڕئۆغلو لەورەی دانە ما و بەرەو لای نیگار رۆیشت ، وەختێک گەیشتە سەرەوە و پێی نا ناو چەمەتراره کە چی بینی ؟ بینی تێکڕای هاورێیانی بە ژن و پیاوەوە کۆڕێکیان ساز کردوە



، کەوڵ و سفرەیان ڕاخستووە ، خواردنەوە کلاشەی کردوە ، هەموویان لە چوار دەوری دانیشتوون نە قسەیەک دەکەن نە دەست بۆ خواردن دەبەن ، هەموویان چاوەڕوانی کۆڕئۆغلو بوون .

کۆڕئۆغلو گەیشتە لایان ، ئەوسا کە بازاڕی ماچ و مورچ و دەست لەملانێ و ئاشت بوونەوە گەرم بوو ، پاڵەوانان و کۆڕئۆغلو ئاشت بوونەوە ، ئیواز هاتە ناوەڕاستی کۆڕەکە و مەی گێری کرد . دەستیان بە خواردن و خواردنەوە کرد و دڵیان کرایەوە و گلەیی‌یان لە بیر چۆوە . کۆڕئۆغلو بە سەرهاتی خۆی لە گەڵ هەمزە کەچەڵ دا بۆ برادەرەکانی گێرایەوە قاڵەوانان هەریەکەیان لە لای خۆیەوە هاواری دەکرد هەر ئێستا دەچین قیرات دەهێنینەوە و سەری حەسەن پاشا بە سەرە نێزەوە بە دیاری دەهێنین .

کۆڕئۆغلو هەمووی بێ دەنگ کردن و ووتی : وا باشترە خۆم بە دوای ئەسپەکەدا بڕۆم ، قیرات چاوەرێی من دەکا . ئینجا کۆڕئۆغلو هەڵسایە سەر پێ و بەرگی شەڕی لە بەر کرد . تیغی ئاواداری لە کەمەروە بەست ، قەڵغان ، گورز ، هەموو پێویستیەکانی شەڕی لە گەڵ خۆی هەڵگرت و زرێپوشی لە بەر خۆی هەڵکێشا و سازی بەشان دا دا و بە تەنیا و پیادەیی ، ڕێی تۆقاتی گرتە بەر ، شەو و رۆژان رێی کرد ، نە سەری کردە سەر سەرین و نە چاوی نایە خەو ، تا گەیشتە شاری توقات .

خەرێک بوو دونیا تاریک دادەهات . کۆڕئۆغلو لە دەرگای ماڵە پیرەژنێکی دا ، پیرەژن دەگای کردەوە . کۆڕئۆغلو لامستێک پارەی دایە تاکو خواردنی بۆ ئامادە بکات و شەو بیحەوێنێتەوە . کە نانیان خوارد و سفرەیان هەڵگرت ، پیرەژن سەیرێکی سازەکەی کۆڕئۆغلوی کرد و پێی ووت : کاکەی عاشق نەختێ سازمان بۆ بژەنە با گوێت بۆ شل کەین . کۆڕئۆغلو پێ ووت : دایە گیان ئێستا وەختی نووستنە ، سبەینی بەیانی بۆت دەژەنم . پیرەژن ووتی :

بەیانی دەچمە داوەتی هەمزە بەگ ، کەر حەز دەکەی ئێستا بۆم بژەنە حەزیش ناکەی ئەوە هیچ .کۆڕئۆغلو ووتی :ئەرێ دایەگیان هەمزە بەگ کێیە ؟ پیرەژن ووتی :

هەمزە بەگ زاوای پاشایە .. لاوێکی چاو نەترس و ئازایە . نازانم دەلێن چ کوێرئۆغلوە کە .. تو دەیناسی ؟

کۆڕئۆغلو ووتی : ناویم بیستووە . پیرەژن ووتی :

هەمزە چووە ئەسپی ئەوی ڕفاندوە و هێناویەتی . حەسەن پاشا لە پاداشتی ئەمە کردویەتیە بەگ سەرەڕای ئەمەش ( دونا خانی ) کچی داوەتێ . بەیانی زەماوەندیانە ، منیش پێشخزمەتی بوک و کچان دەکەم . دەبێ بەیانی زوو هەڵسم بڕۆم .

کۆرئۆغلو ووتی : باشە دایەگیان ، تۆ دەزانی ئەسپەکەی کۆرئۆغلویان لە کۆێ بەستۆتەوە ؟

پیرەژن ووتی :

لە تەیلەی حەسەن پاشا .بەڵام دەڵێن ئەسپەکە شێتە ناهێلی کەس تخونی کەوێ ، هەموو مەیتەرەکانی حەسەن پاشای زامدار کردوە . ئێستا کە جۆ و ئالیکی لە کونی سەربانەوە بۆ رووده‌کەن . کۆرئۆغلو ئەوەی پێوویستی بوو لیی پرسی و لە دوایی دا ووتی : دایە گسان من زۆر نەخۆشم وا باشترە بخەوم .

پیرەژن ووتی : گوێ بگرە بزانە چی دەڵێم واباشترە بەیانی تۆش بێتە داوەت و ساز بژەنی و گۆرانی بڵێی بەڵکە پارە و پولێک دەست گیر دەکەی ، بە گاڵتەم نیە ، زەماوەندی کچی پاشایە ، خولاسە لیێ نووستن . کۆرئۆغلو بەیانی هەڵسا و وەک رۆژی پێشو خۆی گۆڕی و مشتێک پارەی دایە پیرەژن و پێی ووت : ئەگەر شەو هاتمەوە ، ئەم پارەیە بە خواردن بدە ، ئەگەر نەشهاتمەوە بۆ خۆت بێ کۆرئۆغلو هات .. هات تا گەیشتە کۆشکی حەسەن پاشا ، لەوێ چی بینی ؟ بینی جەژنێک سازدراوە چاوی رۆژگار وای بە خۆیەوە نەبینیوە . هەرکە خەڵکی کۆڕە کە بیستیان ( عاشق ) ێکی غەریبە هاتوە زۆر شادمان بوون ، کۆرئۆغلویان بۆ کۆڕی زەماوەند برد .

حەسەن پاشا سەیرێکی بەژن و بالای کۆرئۆغلوی کرد و بینی عاشقێکی بالاّ بەرز و چوار شانەیە ، گەردەنی وەک گاجوتە و سمێڵەکانیشی لە بن گۆێیەوە دەرچوونە . بە کورتی هیچی بە عاشقەکانی دیکە ناچێ و لیێ پرسی . ئەرێ عاشق ! تۆ خەڵکی کوێی ؟

کۆرئۆغلو ووتی : خەڵکی ئەوبەری قافم .

پاشا ووتی : کۆرئۆغلو دەناسی ؟

کۆرئۆغلو ووتی : زۆر باشی دەناسم . کەتنێکی پێ کردوم کە تا دونیا ماوە لە بیر ناکرێ .

حەسەن پاشا پرسی : کەتنی چی ؟

کۆرئۆغلو ووتی : پاشام ، سەلاّمەت بێ ، کۆرئۆغلو ئەسپێکی لەعنەتی شێتی هەیە ، ناوی قیراتە .

پاشایەک وویستی قسە بکات ، حەسەن پاشا قسەکەی پێ بڕی و پاشدان بە کۆرئۆغلوی ووت : ئێی ، باشە دەت ووت ..



بەڵێ قوربان ، ئەسپێکی باشە بەڵام ئەفسوس کە شێتە . رۆژێکیان بە رێگای خۆم دا دەرۆیشتم ، هەر ئەم سازەی ئێستاشم بە شانەوە بوو لە هیکڕا چەند کەسێک ڕژانە سەر سەرم و چاویان بەستمەوە و لە گەڵ خۆیاندا ڕاپێچە کیان دام . بۆ کوێ چووین و چۆن رۆیشتین ، ئیدی ئەمەیان نازانم ، کە چاویان کردەمەوە چ چاوبکەمەوە ! لە سەر کێلێک دا بووم لاوێکی گەردن پان روو بە رووم وەستا بوو . تومەزانە ئەمە جنڵی بڵە و ئەو لاوەش کۆرئۆغلوە . ئێستا بۆ چی منیان بۆ ئەوێ برد بوو .. داستانێکی سەیر و سەمەرەی هەیە . مەڵێ دیسان ئەسپەکە دەردە شێتیەکەی سەری هەڵدا بۆوە . هەر چەندی داو و دەرمانیان داوەتێ سودی نەبووە . نایەڵێ هیچ کەسێک سواری بێ . هەر کەسێکیش دەچێ سواری بێ نزیکی دەبێتەوە بە لەقە و قەپاڵ پارچە پارشەی دەکا . کۆرئۆغلو دۆستێکی حەکیم و کیمیاگەری هەبوو ، دەچن دەیهێنن . حەکیمی گۆڕ بە گۆڕ بووش دەڵێ جنۆکە دەستی لە هەسپەکە وەشاندوە ، دەبێ سێ شەو و رۆژان کەسێک بێتو دانیشێ سازی بۆ بژەنێ و گۆرانی بۆ بڵێ تاکو جنوکە کە بڕوات . کۆرئۆغلو ئەوساکە سازژەنین و گۆرانی خوێندنی نەدەزانی ، ئەوە بوو بە دوای عاشقێکدا دەگەڕان منی بێچارەیان دەست گیر کەوت. با سەتان نەیەشیچنم . تەنگەیان دام و فڕێیان دامە پێش ئەسپەکە . خوایە خۆی بزانێ لەم سێ رۆژە داچیم بە سەر هات گۆڕی باوکمیان دەرهێنا .

حەسەن پاشا بە ترسێکەوە پرسی : ئەی ئەسپەکە چی لێ بە سەر هات حاڵ و باڵی هاتەوە جێ ؟

کۆرئۆغلو ووتی : هەموو تەندروستی و حسێبی هاتەوە سەرە خۆ . هەر لەو رۆژەوە کۆرئۆغلو دەستی بە فێر بوونی ساز و ئاواز کرد . دەڵێن ئێستاش هەر لە ناو دە پانزە رۆژێ جارێک دێ ئەسپەکە بە سەری دەپەرێ . ئەو وەختە کۆرئۆغلو سازەکەی دەست دەداتێ و دەست بە خوێندن و ساز ژەنین دەکا وهەتا کە هەسپەکە حاڵی باش بێتەوە .

دیسان یەکێک لە پاشاکان وویستی قسەیەک بکا ، حەسەن پاشا چاوی لێ داگرت و بێدەنگی کرد ، ووتی : عاشق ! ، ئێستا تۆزێکمان بۆ بژەنە تا گوێت بۆ راگرین .

کۆرئۆغلو ووتی : چ بڵێم ؟

حەسەن پاشا ووتی : تۆ کە پیراتت بینیوە ، بڵێ بزانم لەش و لاری چۆنە ، نیشانەکانیمان بۆ هەڵدە .

کۆرئۆغلو ووتی : پاشام سەلامەت بێ ، لەعنەتی ئەسپێکی رەسەنە بەداخەوە ناو ناوە شێتاتیەکەی دەیگرێ .

پاشدان سازەکەی بە دەستەوە گرت و ووتی : پاشا نیشانەکانی قیراتت لە من دەوێ ، قیرات ئەسپێکە یاڵەکەی ئاوریشە ،گەردن بەرزە ، لە گۆڕپانی شەڕدا قەد چۆک دانا دا و پشتی ناکەوێ . ناو قەدی لە هیی جوانوە ئەسپێک باریکترە لە گورگ برسی‌تر و زۆرخۆرترە . لە شەوە تاریک و نوتەکەکاندا ریچگا دەردەکا . لە گۆڕەپانی شەڕدا قەد سوار بە جێ ناهێڵی ئەسپی کۆرئۆغلو دەبێ وەک خۆی شێت بێ .

حەسەن پاش ووتی : ئەو پیراتەی کە تۆ ئەم هەمووەت پێداهەڵدا ئێستا لە تەویلەی مندایە . دەبڵێ با بزانم کۆرئۆغلو دلاوەرترە یا من کە ئەئسپەکەیم ڕفاندوە ؟ کۆرئۆغلو ووتی : ئەگەر ئسپەکەیت ڕفاند بێ زۆر دەلاوەری . بەلام پیاوی ئازا و دلێر گەلێ نیشانەکانی هەیە ، گوێ بگرە بزانە ئەم سیفاتانە شت هەیە : گوێ لە نیشانەکانی پیاوی ئازا بگرە ، پیاوی ئازا بە تەنیا و بە دەست و قامی خۆی تەنگ بە دوژمن هەڵدەچنێ و کاتێ نەعرەتە لێ دەدا و دێتە گۆڕەپانی دوژمن جگە لە بەزین و هەلاتن چارەیەکی دیکەی نیە . دلاوەر کەسێکە ئازا و دلێر لە کاتی گیراندا کر نۆش نابا ، هەروەها لە ترسی مەرگ ڕوو لە یار و یاوەری خۆی وەرناگێرێ . دوژمن لافی ئازایەتی و دلاوەری لێ دەدا ، بەلام ئازایەتی ئەوەیە مەڕ لە چەپۆکی گورگ قووتار کا . حەسەن پاشا ووتی :

هۆ عاشقە ، ئەم سیفەتانەی کە باست کردن هەمووم تێدایە . خۆشت دەبینی . ئێستا هەڵسە بچینە لای قیرات بزانە قەت چارەی ناکەی . کۆرئۆغلو بە بیتنی ئەم قسەیە گەشکەی گرت بەلام شادمانی خۆی نیشان نەدا . ووتی : باشە ، با بڕۆین . بەلام بە شەرتی ئەوەی لە دەرەوەی تەویلە دا دادەنیشم و ساز دەژەنم ، تۆش لای دەرگاوە سەیری ئەسپەکە بکە ، ئەگەر بینیت ساز و ئاوازم کاری تێکرد ، هی چقسەیەکم نیە و دەچمە ژوورەوە و سازی بۆ لێ دەدەم . بەلام ئەگەر کاری تی نەکرد ، خۆ ئەکەر لە سەریشم دەن ئامادە نیم بچمە ناو تەویلەکەوە ، هە رخۆم دەزانم گیاندارێکی چەند بە درەسەنە ! پاشا قبولی کرد و هەڵسان کەوتنە رێ و گەیشتنە بەردەمی تەویلە ، کۆرئۆغلو لە دیوی دەرەوە سەیری کرد دیتی وەک ئەوەی قیرات بۆنی کرد بێ چاوەکانی لە دەرگا برێ بوو . گوێیەکانی قولاغ کرد بوو ، خۆی کێشایە کەنارێک و ووتی : دە ئێستا چاوەدێری ئەسپەکە بکەن ، منیش سازەکەم دەژەنم . پاشاکان وەک مار و مۆر کۆ ببونەوە لە کەلێنی دەرگاوە سەیری ناو تەویلەیان دە کرد ، کۆرئۆغلو سازەکەی لە باوەش گرت و دەستی بە وتن کرد : دلوەرانی سەرزەمینی ئێمە لە گۆڕپاندا مەردانە ڕادەوەستن و ڕاناکەن ، تەنیا ناکەسان لە



قسەی رەق نارەنجێن هەرگیز ئازایەتی تورگ بەهی گورگ ناگا . یارانم پۆل پۆل بە سواری ئەسپی بەغار و ، شمشێری میسری بە کەمەرەوە هەر یەکێکیان کۆرئۆغلویەکی بۆ خۆیان .

قیرات بە بیستنی دەنگی کۆرئۆغلو زۆر چادمان بوو دەستی بە سمکۆڵ و سەما کرد وەک بیەوێ تەویلەکە لە شوێنی خۆی هەڵکەنێ . حەسە ن پاشا لە خۆشیانا نەی دەزانی چی بکا . دەستی لە پشتی دۆستەکانی دەدا و دەی وت : چاو چاو سەیر کە سەمایەکی چۆن دەکا !

کۆرئۆغلو کە گۆرانیەکەی تەواو کرد ، حەسەن پاشا ووتی : عاشقە خێرا بڕۆ ژورەوە . ئەگەر چارەت کرد تێرت دەکەم لە ماڵی دنیا . ئێستا کۆرئۆغلو تێگەیشت دنیا بە دەست کیڕوەیە . ئیتر لافی پیاوەتی و ئازایەتی لێ نادا .

دەگایان کردەوە و کۆرئۆغلویان رەوانەی ژورەوە کرد . کۆرئغلو سازەکەی لە باوەشدا گرت ، گۆرانی‌یەکی عاشقانەی چڕی کە تەنیا پیرات گوێی لە دەنگی دەبوو ، پاشدان دەستەکانی لە گەردنی دەرهێنا و سەرورو‌ی ماچ کرد . قیراتیش دەستە پاچە نەوستا ، سەری لە سەر و رووی کۆرئۆغلو هەڵدە سوی وای بۆن دەکرد وەک چۆن مانگا گوێرەکەی دەلێسێتەوە و بۆنی دەکا .

لە نکاوێکدا کۆرئۆغلو ڕاچەنی و بەخۆ هاتەوە ، دەتگووت لە خەو ڕاپەڕیوە ، بە خۆی ووت : کوڕە ئەی نەفام ئەوە چی دەکەی ؟ دوژمن هەر چوار لای گرتوی تۆ دەتەوێ خۆت تەفرەدەی ؟ خێرا چووە قوژبنێکەوە ، دەرگای کردەوە و ووتی : پاشا ئێوە پەرتەی لێ بکەن ، تاکو من ئەسپەکە بهێنمە دەرەوە هەوایەکی لێبدا . پاشدان بە دەستانی دەسپێرم و سواری بن . بەلام پاشا ، دەبێ بەخشیشێکم بدەیەی . ئەم کارە دەردەسەری زۆری تێدایە ...

حەسەن پاشا ووتی : دڵنیا بە ، ئەوەندەت زێر بە سەر سەردا هەڵدەرێژم تا خۆت دەڵێی بەسە . بەلام نەختێک دەستت گورج کە تا ئێمە دەکشێینەوە دواوە ، دەترسم کە تنێکمان پێ بکا .

پاشاکان بە غارە غار خۆیانیان گەیاندە بورجی قەلات و لەوێ دانیشتن و چاویان اە تەویلە بڕی . کە پاشاکان رۆیشتن کۆرئۆغلو زینی ئەسپەکەی دۆزیەوە و قیراتی زین کرد و دەستی بە بەستن و گورج کردنی و بە سەر قیراتی دا هەڵدە گوت . ئێستا گوێ لە هەمزە کەچەڵ بەگی زاوای حەسەن پاشا بگرە .

هەمزە کەچەل لە ژێر پەنجەرەی دونا خان راوەستا بوو و دەپاڕایەوە تا دەرگای لێ بکاتەوەو بچێتە ژوورەوە ، دونا خان تیز پێدە کرد لە بڵندیەوە ئاوی بە سەر و ریشی‌دا دەرژاند ،

کاتێک هەمزە دەبێنێ خەڵکەکە بەرەو لای بورجی قەڵات ڕادەکەن ، پرسی ، ئەوە چیە چی بووە ؟

ووتیان : ئاگات لێ نیە ؟ عا شقێک هاتووە و قیراتی چاك کردۆتەوە و ئێستا خەریکە قیرات بهێنێتە گۆڕەپان . هەمزە کەچەڵ بە بیستنی ئەم قسەیە بەندی دڵی پساو و زمانی کەوتە پرتە پرت بە ناڵەوە بە دوایاندا ڕای کرد و وەختێک گەیشتە بورجەکە هەمزە کەچەڵ خۆی گەیاندە حەسەن پاشا و بە ترس و لەرزەوە ووتی : حەسەن پاشا ، هەی ئاخر شەڕ ، عاشقی چی ! کامە عاشقە ؟ ئەم زەلامە کۆرئۆغلو خۆیەتی ! حەسەن پاشا بە گاڵتە جارێ یەوە پێکەنی و ووتی : هەمزە ، دەزانم دەردت چیە ، ئێستا دونا خانیش نایەڵێ بچیتە لای ؟ باشە ، ئەوا وردە وردە بە ڕێگادا دێ و تێدەپەرێ ، خەم مەخۆ . هەمزە ووتی :

پاشا ، پێکەنیەوە و ووتی : باشە ، برۆ برۆ دونا خان چاوەرێت دەکا ..

هەمزە کەچەڵ لە بورجەکە هاتە خوارەوە ، هیچ چارەیەکی دیکەی نەبوو . هاتە تەویلە . بینی کۆرئۆغلو سواری پیرات بووە و دەیەوێ بەرە و مەیدان بچێت ، بەرە و ڕووی ڕایکرد و بە پێکەنینەوە ووتی : ئەی قوربانت بم لە بەر گەرێم ، چەند لە کاتی خۆیدا هاتی ! دەمزانی هەر دێت لە سایەی سەرِی تۆوە منیش بە نەوایەک گەیشتم ، ناز ناوی بەگیشم وەر گرت و ...

کۆرئۆغلو بە گرژی و پەستیەکەوە سەیری هەمزەی کرد . هەمزە لە جێی خۆیی دا ووشک بوو رەنگی وەک زەعفەران زەرد هەڵگەڕا . کۆرئۆغلو ووتی : هەمزە ، تۆ پەنات بۆ کەسێک برد و ناپاکیت لە گەڵدا کرد . ئانانجت پارە و تەخت و سودی خۆتە . تۆ بۆ مرۆڤـــ لە خان و پاشاکان ترسناکتری ، چونکە هیچ نەبێ مرۆڤـــ دەزانی کە ئەوانە دوژمنن . ئەڵام تۆ لە بەرگی دۆستێک هاتی ، کارێکت کرد لە من پارێزگاریت بکەم و یارەکانم برەنجێنم . دووڕوویت لە گەڵ جنڵیبلڵدا کرد و ڕێگات بۆ پاشاکان خۆش کرد کە پڕ بە جنڵی بڵ ببەن .

هەمزە خۆی وەک مشکی مردو لێ کرد و ووتی : کۆرئۆغلو لە بەرت گەرێم ، بم بەخشە ئێستا تێگەیشتم چ هەڵەیە کم کردوە . لە مەودوا پەیمانت پێ دەدەم ... کۆرئۆغلو ڕێگای نەدا قسەکەی تەواو بکا ، شمشێرەکەی هەڵکیشا و بەگەردنی کەشەڵ کێشا فرێی دایە ئەو سەر و وویزەنگێکی لە ئەسپەکەدا و قیرات وەکو هەڵو باڵی گرت و فرِی کۆرئۆغلوی گەیاندە ناوەڕاستی گۆرەپان .



حەسەن پاشا لە بەرزایی بورجەکەوە هاواری کرد : هۆ عاشقە کەمێک بەم سەر و بەو سەری تاو دە و ئەم بەر و ئەو بەرێکی پێ بکە ببینم !

کۆرئۆغلو ئیشارەتێکی بۆ قیرات کرد ، قیرات تۆز و خۆڵی لە گورەپاندا بەرز کردەوە ، حەسەن پاشا لە خۆشیان یارەنگە لە ترسان لە سەر بورجەکەوە هەڵ لەرزی ، هۆ عاشقە ، ئەسپ سواریش دەزانی ! کۆرئۆغلو سازەکەی دەرهێنا و دەستی بە نەغمەخوانیکرد .

حەسەن پاشا ئیتر لافی پیاوەتی لێ مەدە . ئێستا چیت دیوە ، شمشێر وەشا نیش دەزانم . ئەگەر هاوڕێ بە جەرگەکانم لە حنڵی بڵەوە بگەنە جێ ، شار قەڵاتت بە سەردا ئەروخێنن و هەموو سەربازەکانت قڕئەکەن . من کۆرئۆغلوم و لە جنڵیبڵەوە هاتووم ، دەبینی کە لە جلی عاشقدا سواری قیرات بووم ، هەزاران فرو فێلی وا دەزانم .

پاشایەک ووتی : من دڵم لەو عاشقەی تۆ ئاو ناخواتەوە . دور بێ ناکا کۆرئۆغلو خۆی بێ . حەسەن پاشا تا ئەو کاتە لە خەوێکی قوڵدا بوو بێدارە بۆوە ، راصەنی و ووتێ : نە گیانەکم ، کۆرئۆغلوی چی ؟ یەعنی ئێمە ئەوەندە بێ مێشکین کۆرئۆغلو بێت و قێل لە هەموومان بکا لە خشتەمان ببا و قیرات برِفێنێ ؟

کۆرئۆغلو ئەو جارەش گۆرانی وتەوە : بە ئێمە دەڵین ( مرادبەگی ) مەردانە لە گۆرەپان ڕا دەوەستین لە ترۆپکی چیاکانەوە ڕێگای کاروانەکانی خان و پاشاکان دەگرین . های و هوی لە چیاو و بیابانەکان دەنێینەوە . ئەگەر نەعرەتە بکێشن سەربازانی شار و قەڵات پێ دزەدە کەن و هەڵدێن .

حەسەن پاشا بینی کڵاو چووتە سەری و کار لە کاردا ترازاوە . دنیای لە بەر چاوان رەش بوو و کەوتە پەلە پروزێ . فەرمانی دا بە خێرایی دەرگای قەڵات داخەن و کۆرئۆغلو بگرن . کۆرئۆغلو بینی دەگایەکی قەڵاتیان داخست . ڕووی لە حەسەن پاشا کرد و بە نەغمەوە ووتی : لە پەیامبەرێک خەبەرمان وەرگرت و پێێ وتین . قەڵات پێنج ڕێگای هەیە ئەگەر نەعرەتەیک لێ دەین هەموو ڕێگاکان چۆل دەبن . ئەمەی وت و ویستی لە ڕێگای دوەمدا بۆ دەرچی . لەشکر پشتی لێ گرت ، کۆرئۆغلو شمشێری ئاوا داری هەڵکێشا و وەک گورگ چۆن دەکەوێتە ناو میگە لەوە ئەوها کەوتە ناو لە شکرەکەوە . سەرەک قونچکە ئارو دەرژایە سەرزەوی بەڵام لەشکر ئەوەندە زۆر بووریگا نە دەکرایەوە .

کۆرئۆغلو گەڕایەوە بە ڕێگای سێهەمدا برِوا لەوێش ئەوەندەیان گاشەبەرد و ورتکە بەرد روو کرد بوو ئەسپ بە دژواری دەیتوانی ڕێگا دەبکا . کۆرئۆغلو دوبارە کەوتەوە لەشکر و

قەڵاتی لە لاشەیان قەراپەچی کرد . قیراتیش بە سم و قەپاڵ و لەقە لە کۆرئۆغلو کەم دەست تر نەبوو ز

سێ لای قەڵای توقات وشکانی بوو لایەکی ئاو بوو روباری بە خورو سەرشێتی ( تونا )ی پێدا تێدە پەڕی ، حەسەن پاش ئەم ڕێگایەی کرد بۆوە تا کۆرئۆغلویان بکەوێتەوە دەستی سەربازەکانی یان خۆی بە ئاوەکە دا بدا و نوقم بێ . کۆرئۆغلو بینی هەموو ڕێگاکان داخراون ، هەر چەندێکیش شمشێر بوەشێنێ و سەرباز بکوژێ ڕێگاکان زیاتر دەگیرێن . سەیرێکی لای روباری تونای کرد و بینی ڕێگا والآیە قیراتی بۆ ئەو لایە تاودا ووتی : ئەسپەکەم تاوداوە تا دوژمن زارە ترەک بکەم . ئیمڕۆ دەبێ باج و خەراجی حەوت ساڵان لە پاشا بستێنم ، چونکە قیرات وەک کەشتی روباری تونا دەبڕێ .

ئەمەی وت و خۆی بە ئاوەکەدا . ئاو تا گوێیەکانی هەسپە هات . کۆرئۆغلو بینی ئاوەکی زۆرە و ئەسپەکە بە بێ هیوا دەست و پەل دەوەشێنێ . دەستی لە گەردنی قیرات کرد و هاواری کرد هۆ ئەسپی وەک ئاسک بەتاوم . ئەی ئەسپی باڵ هەڵۆییم . خێرتر کە دەێ خێرا کە . هەموو باینی و ئێواران تیمارت دەکەم ، بە ناڵی زێر ناڵت دەکەم ، هەر چونێک بێ لێرەم دەرباز کە و بمگەیەنەوە جنڵیبڵ . قیرات بە بیستنی دەنگی کۆرئۆغلو وەک پەردەرکا وابوو . هەر بە مەلە خۆی گەیاندە کەناری ئەو بەری روبارەکە . کۆرئۆغلو ئێستێکی کرد بینی حەسەن پاشا ئێستاش لە بورجەکە نە هاتۆتە خوارەوە .

ئینجا هاواری کرد : هۆ هۆ پاشا ، ئەم جارەیان لە سەر بورج خۆت حەشاردا چاک لە دەستم رزگار بووی ، جاریکی‌تر دەتبینم بۆ کوێ هەڵدێێ ، یەکتر دەبینینەوە ! ...

ئەوەندەی وت و کەوتە ڕێگا . هات ، هەر هات تا گەیشتەوە جنڵیبڵ .

قیرات کە بۆنی جنڵی بلی بەر لوت کەوت وای حیلاند لە ناو چیا و دۆڵەکاندا دەنگی دایەوە ، هاورێکانی هەموویان دەوریان لە جنڵی بلدا و لی‌یان پرسی : کۆرئۆغلو بەخێر بێیتەوە ! دە بۆمان باس بکە بزانین چیت بە سەر هات ؟ چۆن ئەسپەکەت دۆزیەوە و هێناتەوە ؟ کۆرئۆغلو بە سەر هاتی خۆی لە ئاشەوە تا روباری تونا بۆ برادەرانی گێرایەوە ، هاورێکانی پەشیمان بوونەوە لەوەی کەرەنجاند بوویان و سەریان لە بەرە خۆیان نا ، کۆرئۆغلو ووتی : نارەحەت مەبن هەقی ئێوە بوو ، نەدوبوایە لە هەموو کەسێک دڵنیا بم و کلیلی ئەسپەکەم بە کەچەڵ بدایایە ، ، ئێستاش شتێک بوو رووی‌دا ، بەلام ئەوەش بزانن بە من دەڵێن کۆرئۆغبو ! نیگار خان دیتی کۆرئۆغلو دووبارە تورە ئەبێت و ئەیەوێ و بروا چاوێکی لە



هاوڕێان کرد و ووتی : کۆرئۆغلو ، ئێمە دەزانین کە تۆ کۆرئۆغلوی بەراستی ئەگینا لە دەوروپشتت کۆ نەدەبوینەوە !

راستە پیاوانەی ، دلاوەری ، و شور خۆری ئیشانی بەلام لە بینی خۆمان بێ بۆر و هەمسی ، سەر و ریشێکی جوان و تاریف کراویش نی‌یە . یاران هەموویان دایانە قاقای پێکەنین .کۆرئۆغلو خۆیشی پێکەنی ، پاشدان سازەکەی توند بە سینگەوە گرت و دەستی بە گۆرانی چڕین کرد هۆ ئەو جوانەی کە باسی رەشتاڵەییم دەکەی ، مەگر بڕۆی تۆ رەش نیە ؟ زولف و ئەگریجەت کە بە سەر گەردەنت دا رژاوە رەش نیە ئەی جوانی کێوەکانی جنڵیبڵ ، ئەو دانە خاڵەی رووی وەک مانگت و رۆژت مەگەر رەش نیە کۆرئۆغلو لە دڵەوە خۆشی دەوێیت ، بۆ سازونەوام بۆ دەنگ و سەدام گوێ شل بکە ، ئەو کلەی چاوەکانت پێ رشتوە مەگەر رەش نیە .



# کۆرێژ گەیەکی چەوەندەر فرۆش

چەند ساڵ لەوەو پێش لەدێ یەکدا مامۆستا بووم . قوتابخانەکەمان تەنیا یەك ژووربوو كە پەنجەرەیەك و دەرگایەكی هەبوو . نێوانی لە گەڵ دێ یەكەدا لە سەد مەتر زیاتر نەبوو . سێ ودوو قوتابیم هەبوو . پانزەیان قوتابی پۆلی یەکەم بوون . هەشتیان هی پۆلی دووەم بوون . شەش کەسی لە پۆلی سێیەم و سێ کەسیش لە پۆلی چوارەم . منیان لە ئاخەلێوەی پاییز بۆ ئەوێ ڕەوان کردبوو . منداڵان دوو سێ مانگ بێ مامۆستا مابوونەوە و بە بینینی من زۆر خۆشحاڵ بوون و کردیان بە بەزم و هەرا . تا چوار پێنج ڕۆژ پۆل لەنگ بوو . لە ئەنجامدا توانیم قوتابییەکان لە چۆلی و کارخانەی مافور چنین و لێرەو لەوێدا بۆ قوتابخانەکە ڕاکێشمەوە . نزیکەی تێکڕای منداڵان کە بێکار دەبوون دەچوونە کارخانەی حاجی عەلی ڕایەخ چن . زرنگترینیان دە پانزە ریاڵێك داهاتی ڕۆژانەی بوو. ئەم حاجی قولی یە لە شارەوە هاتبوو . سود و قازانجی لەمەدا بوو کرێکارانی شار پارەی پێشەکیان داوا دەکرد و لە چوار تومەن کەمتریان وەر نەدەگرت . بەڵام زۆرترین کرێ لە لایدا ( ٢٥ ریالەوە تا ( ٣٥ ) ریال بوو .

دە ڕۆژێك زیاتر نەبوو هاتبوومە دێیەکەوە کە بەفر باری و زەوی شەختەی بەست. کاغەزمان لە کەلێن و کورمەکانی پەنجەرەدا ئاخنی تاکو سەرما نەیەتە ژورەوە . ڕۆژێکیان نووسینەوە ( ئیملا) م بە پۆلی سێ وچوار دەکرد . قوتابیانی پۆلی یەکەم و دووەم لە دەرەوە بوون . هەتاو بوو شەختەکە نەرم ببووەوە وە تواپەوە . لە پەنجەرەوە بینیم کە منداڵان دەوریان لە سەگێکی بەرەلا داوەو تۆپەلە بەفر بە سەر و روودا دەکێشن . هاوینانیش بە بەرد بەدوای سەگان دەوکەوتن و زستانیش بە تۆپەلە بەفر پاش کەمێك دەنگێکی ناسك لەو دیو دەرگاوە بەرز بۆوە : منداڵان چەوەندەرم هێنا . چەوەندەری گەرم و شیرینم هێناوە ! ..

لە چاودێری پۆلم پرسی :

مەشهەدی کازم ، ئەمەکێیە ؟ .

مەشهەدی کازم ووتی : مامۆستا لە تاری وەردی بەولاوە کەسی تر نیە ، مامۆستا ... زستانان چەوەندەری کوڵاو دەفرۆشێ ... حەز دەکەی پێی بلێم بێتە ژوورەوە .

من دەرگاکەم کردەوە و تاری وەردی بە خۆی و مەنجەڵە چەوەندەری یەوە هاتە ژوورەوە . شالێکی کۆنی لە سەرو رویدا پێچابوو . لێنگە پێلاوێکی لاستیکی ژنانە بوو ئەوە تریش پیاوانە



. چاکەتەکەی پیاوانە بوو تا ئەژنۆی هاتبوو ، دەستەکانی لە ناو قۆلی چاکەتەکەی وون ببوو . سەری لوتی لەسەرمادا سور هەڵگرابوو تەمەنی دەوانزە ساڵان بوو .

سلاوی کرد . مەنجەلەکەی لە ئەرز دانا . ووتی :

مامۆستا روخسەتم دەدەی دەستەکانم گەرم کەمەوە ؟

مندلان هێنایانە تەنیشت زۆپاکە . من کورسی یەکم بۆ چۆل کرد و ووتم فەرموو دانیشە .

دانیشت و ووتی :

نا مامۆستا من دەتوانم لە سەر ئەرزیشدا دانیشم .

منداڵەکانی تریش بەدەنگی تاری وەردی داهاتبوونە ژوورەوە ، پۆل قەلەبالغ ببوو . هەموویان لە شوێنی خۆیاندانواە . کە تاری وەردی نەختێ گەرمی بوو ووتی :

مامۆستا ، حەز لە چەوەندەر دەکەی ؟

بە بێ ئەوەی چاوەرێی وەڵامی من بێ ، چووە سەر مەنجەڵە چەوەندەرەکەی ودەسماڵە ئەستور و ڕەنگاورەنگەکەی لەسەر دا هەڵدایەوە و لەو لاوی دانا ، هەلمێکی بۆن خۆشی لێ هەڵسا .

کێردێکی دەسك لە قۆچ دروست کراو لە سەر چەوەندەرەکانی بوو. تاری وەردی چەوەندەرێکی هەڵبژارد و دایە دەستم و ووتی :

مامۆستا وا باشترە خۆت پیستەکەی لێ بەکیەتەوە ،.. ڕەنگە دەستەکانی من ... دەباشە ئیتر ئێمە دێهاتین ... شارمان نەدیوە ... ئەتەکێت نازەنین ...

وەك پیرە مێردێکی دونیا دیدە قسەی دەکرد . چەوەندرەکەم لەناولەپم داگوشی و پیستە ئەستۆرەکەی لێ بۆوە و سورایی و ڕەنگە جوانەکەی هاتە دەرەوە . گازێکم لێگرت . شیرین شیرین بوو . نەورۆز لە پشتەوەی پۆلەوە ووتی :

مامۆستا ... چەوەندەری هیچ کەسێك وەکو چەوەندەری تاری وەردی شیرین نابێ .

مەشهەدی کازم ووتی :

مامۆستا ، خوشکەکەی دەیکوڵێنێ ، ئەمەش دەیفرۆشێ ... مامۆستا دایکی نەخۆشە . من سەیری دەم و چاوی تاری وەردیم کرد . زەردەخەنەیەکی شیرین و پیاوانەی بە سەر لێوەکانیەوە بوو. شاڵەکەی گەردنیەوە کردبۆوە . قژی گوێچکەکانی داپۆشی بوو . ووتی :

ئیتر هەر کەسە کار وکاسبیکی خۆی هەیە ، مامۆستا ... ئەمەش ئەم کارەیین . من ووتم :

تاری وەردی دایکت چی یەتی ؟

ووتی قاچەکانی ناجولێین . کێخوا دەلیٚ ئیفلج بووە . چی لێهاتووە باش نازانم ، مامۆستا .

ووتم : باوکت ...

قسەی پیٚ بریم و ووتی : مردوە .

منداڵێک ووتی :

مامۆستا پێیان دەوت عەسکەر قاچاخچی .

تاری وەردی ووتی :

ئەسپ سوارێکی چاک بوو. لە دوایدا رۆژێک لە سەر چیادا گوللەی پێکەوت . پۆلیس لێیاندا . لەسەر ئەسپەوە لیٚ یاندا . کە مێشکش لە بارەی ئەم و ئەو لەم لاو ئەولادا قسەمان کرد ، بابی دووسێ قەرانی چەوەندەر فرۆشتە منداڵان و رۆیشت . پارەی لە من وەرنەگرت .

ووتی :

: ئەم جارەیان مێوانی من بە ، جارێکی تر پارەم بدەیە . سەیر مەکە کە لادەێیم ، مامۆستا . کەمێک رێزو ئەدەبمان لە بارەدایە .

تاری وەردی بەناو بەفر بەرەو دێ دەرۆیشتەوە و دەنگی دەگەیشتە گوێمان و دەیووت :

یاللا چەوەندەر !... چەوەندەری گەرم وشیرینم هێناوە ، خەلکینە !

دوو سەگ  دەوریان دابوو کلکیان بادەدا .

منداڵان زۆر شتیان لە بارەی تاری وەردی یەوە بۆ من گێرامەوە : ناوی خوشکی (سۆلماز) بوو . دوو سێ ساڵ لە تاری وەردی گەورەتر بوو ، ئەو وەختەی باوکیان مابوو ، خاوەن ماڵ و ژیان و جێگا و رێگایەکی باش بوون .

پاشان بەفەلاکەت کەوتن . یەکەم جار خوشکەکەی و لەوێدا خۆی چوونە لای حاجی قولی رایەخ چن . پاشان لەگەل حاجی قولی لێیان بوو بەشەر و هاتنە دەرەوە .

رەزای قولی بێ شەرەف خوشکەکەی ئازار دەدا . مامۆستا بە چاوی خراپەوە سەیری دەکرد .

ئەبول فەزل ووتی :

ما... مامۆستا ... تاری وەردی دەیویست حاجی قولی بە ( شانە ) بکوژێ ما...

هەموو رۆژێ تاری وەردی یەک دووجار سەری لە پۆل دەدا . کاتێکیش لە چەوەندەر فرۆشی دەبووە دەهاتە پۆلەوە و گوێی بۆ دەرس را دەگرت .

رۆژێک پێم ووت : تاری وەردی بیستوومە لە گەڵ حاجی قولی دا دەعواوشەرت بووە .دەتوانی بلیٚ ی لەسەر چی بوو ؟



تاری وەردی ووتی :

قسەگەلیٚ زۆرە مامۆستا ، سەرتان دەیەشێنم . ووتم :

زۆریش حەز دەکەم کەلە زمانی خۆتەوە لە نوکەوەتا پووک لەبارەی شەر و دەعواتانەوە ببیسم .

پاشان تاری وەردی دەستی بە قسە کرد و ووتی :

زۆر بمبوورە مامۆستا ، من و خوشکم لە منداڵیەوە لای حاجی قولی کارمان دەکرد . خوشکم لە پێش منەوە بۆ ئەوی چوو بوو . من لە بەر دەستی ئەودا ئیشم دەکرد . ئەو دوو تومەنی وەردەگرت ، منیش نەختیک کەمتر . دوو سێ ساڵ پێشتر بوو . دایکم دیسانەوە نەخوش بوو . ئیشی نەدەکرد بەڵام نەکەوتبوە جێگاوە . لە ناو کارخانەدا سی تا چل مندالی تێدا هەبوو _ ئێستاش هەر لەوێن _ پێنج شەش وەستای ئیشکردنمان هەبوو . من و خوشکم بەیانی دەرۆیشتین و نیوەرۆ دەگەراینەوە . پاش نیوەرۆش دەچووینەوە و عەسر دەهاتینەوە . خوشکم لە کارگەدا چاڵۆگی لە سەریدا دەهێنا خوارەوە ئیتر رووی لە کەس نەدەکرد . وەستای ئیشەکان کە لە جێی باوکماندا بوو و ئەوانی تریش منداڵ بوون و حاجی قولی خاوەن کارگە بوو .

مامۆستا ، لەم دوایەدا حاجی قولی بێ شەرەف دەهات لەسەر سەرماندا رادەوەستا و هر تەماشای خوشکمی دەکرد و ناوە ناوەش دەستی بە سەری ئەو یا مندا دەهێنا و لە خۆراپێدەکەنی و دەرۆیشت . من هیچم لێک نەدایەوە و دڵی خۆم پیس نەکرد چونکە خاوەن ئیشمانە و ئێمەی خۆش دەوێ . ماوەیەک ڕابوارد . پێنج شەمەیەک کە کرێی هەفتانەمان وەردەگرت ، تومەنێکی زیاتر دایە خوشک و ووتی :

دایکتان نەخۆشە ئەمەی بۆ خەرج دەکەن . پاشان بەرووی خوشکم دا پێکەنی ، من پێم نەخۆش بوو ، خوشکم وەکو ئەوەی ترسابێ ، هیچی نەوت . مامۆستا هەردوکمان هاتینەوە بۆ لای دایکم . کەزانی حاجی قولی کرێی زیاتر داوە بەخوشکم کەوتە بیر کردەنەوە و ووتی :

ئیترپارەی زیاتر وەرنەگرن . بۆ سبەینێ بینیم وەستا و منداڵە گەورەکان لە نێوان خۆیان فسکە فسکا یەنە و لەبن گوێی یەکدا قسە دەکەن کە دیانەوویست من وخوشکم گوێمان لیٚ نەبێ .

مامۆستا ! رۆژی پێنج شەممەی تر لە دوای هەموویاندا چووین هەفتانەمان وەرگرین .

حاجی خۆی ووتی كەسەری چۆڵ بوو بۆ لای بچین . ماموستا ، حاجی پانزە هەزاری زیادی داینی و ووتی :

بەیانی دێمە ماڵتان قسەیەكم لە گەڵ دایكتان هەیە . پاشان بە روی خوشكم پێكەنی و من زۆرم پێناخۆش بوو . خوشكم رەنگی پەڕی سەری لە بەرخۆی نا . ماموستا ، بمبورە ، من خۆت ووتت هەمووی بگێرمەوە پانزە هەزاریەكەمان فڕێ دایەوە بەردەمی و ووتم :

مام حاجی ، ئێمە پێویستیمان بەم پارەیە زیادە نیە . دایكم پێ ناخۆشە . دیسان حاجی پێكەنی و ووتی :

كەر مەبە جانم . لەبەر خاتری تۆو دایكت نی یە تاكو پێتان ناخۆش خۆش بێ یاناخۆش بێ ... ئەو كاتە پارەكەی دەست دایەوە و وویستی لە دەستی خوشكمی بنێ خوشكم كشایەوە دواوە بۆ دەرەوە ڕای كرد لە رقان گریانم دەهات . شانەیەك لە سەر مێزەكەدابوو . هەڵم گرت و تێم گرت . شانەكە دەم و چاوی بری خوێنی لێهات . حاجی هاواری كرد و بانگی خەلكی كرد . من بۆی دەرچووم و ئیتر نەمزانی چی بوو چی نەبوو . هاتمەوە ماڵەوە خوشكم لە پاڵ دایكمدا هەڵتوتوكابوو و دەگریا .

شەو ، مام كێخوا هات . حاجی قولی شكایەتی لێكرد بووم و هەروەها ووتبووی كەوا : دەمەوەێ لە گەڵیان ببم بە خزم وخوێش . دەنا كوڕەكەكان بەدەستی پۆلیسەوە دەسپێرم تا سەر لە گۆری باوكی بنێن . پاشان كوێخا گوتی حاجی منی بۆ خواز بێنی ناردوە . رازین یا نا ؟.

ژن و مندالی حاجی قوایش ئێستا لە شارن ، ئیتر لە چوار تا دە ژنی سیخەی هەیە ماموستا بم بورە . دەلێ ی پیرە بەرازە . تێك سمراوی خرەی تەنگە ڕیشەكەی رەش و سپی ، تاقمە ددانێكی دەستكرد كە چەند ددانێكی زێرەو تەسبیحێكی درێژی بە دەستەوەیە ، دوربێ لە ئێوە ، پیرە بەرازێكی زەبەلاحی پیرو لێ كەوتووە .

دایكم بە كوێخای ووت : گەرمن چەند كچیشم هەبێ یەكیان بەو پیرە لێكوتووە نادەم . ئێمە ئەوشتانەی بینیمان ئیتر بەسمانە . كوێخا . تۆ خۆت دەزانی ئەم جۆرە كەسانە نایەن لەگەڵ ئێمە دێهاتی دا بەراستی خزمایەتیمان لەگەڵ دابكەن.

ماموستا ، كوێخا ووتی :

بەڵێ تۆ راستە دەكەی . حاجی قولی دەیەوێ كچەكەت بە ( سیخە ) مارەبكا . بەڵام قبوڵ نەكەی منداڵەكانت دەردەكا ، پاشان دەردەسەری پۆلیس و ئەوان ... ئەمەیشیان بزانە ! خوشكم لە پشت دایكمەوە سەری كز كردبوو لە گەڵ پرمە پرم و هەنیسكی گریانیشدا



دەیووت : ئیتر من بۆ كارگا ناچم ... دەمكوژێ ... لێی دەترسم .. بۆ بەیانی خوشكم بۆ ئیش نەچوو من بە تەنیا چووم . حاجی قولی لە ناو دەرگادا راوەستابوو و تەسبیحاتی دەكرد . ماموستا من ترسام ، نزیك نەبوومەوە . حاجی قولی برینەكەی دەم و چاوی بە پەرۆیەك بەستبۆوە ووتی : وەرە بچووە ژوورەوە . لاقەت ناكەم .

من بە ترس و لەرزەوە لێ ی نزیك بوومەوە و وویستم لە دەرگا بچمە ژوورەوە قورتمی گرتم و بردیمە حەوشەی كارخانەوە و بەمست و پێ لەقە لێ ی دام . لە ئەنجامدا خۆم دەرباز كرد و چووم هەمان شانەی دوێنیم گرتە دەست ئەوەندەی لێدا بووم شل وكووت ببووم ، هاوارم كرد : قورمساق ، بێ شەرەف ، ئێستا نیشانت دەدەم كە یەخەگیری كێ بووی .. بە من دەلێن كوری عەسكەر قاچاخچی .. تاری وەردی هەناسەیەكی بۆ كێشاو دوبارە ووتی :

ماموستا دمووویست هرلەوێ بیكوژم . كرێكارەكان كۆ بونەوەو منیان بۆ ماڵ بردەوە . من لە داخا دەگریام و خۆم بە زەوی دا دەكێشا خوین لە دەم وچاومدا فیچقەی دەكرد .. لە ئەنجامدا ژیر بوومەوە .

بزنێكم هەبوو من وخوشكم بە بیست تومەن كریبوومان فرۆشتمان و لەگەڵ ئەو پارەیە كە كۆمان كردبوو یەك دوومانگمان پێ رابوارد . لە دوایی دا خوشكم چووە لای ژنە نان كەرەكە و منیش هەر كاریك هاتە پێشم كردم .. ووتم :

تاری وەردی خوشكت بۆ چی شوناكا .

تاری وەردی ووتی :

كوڕی ژنەنانەواكە دەستگیرانیەتی ، من وخوشكم خەریكین بوكێنی و زەماوەندی بۆ ئامادە دەكەین تا میرد بكا .

* * *

ئەمساڵ هاوین بۆ گەشت و گەڕان چوو بومەوە هەمان دێ . تاری وەردیم لە چولی دا بینی ، لەگەڵ چل چل پەنجا سەر مەرو بزن و پێم ووت : تاری وەردی ، بەرو بارگەی خوشكت چار كرد .

ووتی : بەڵێ ، مێردیشی كرد ... ئێستا خەریكم بۆزەماوەند و ژن هێنانی من پارە كۆدەكەمەوە . ئاخر لەوكاتەوە خوشكم بۆماڵە مێردی چووە ، دایكم یەك دەست ماوەتەوە ، كەسێكی دەوی یارمەتی بدا و ئاودەنگیشی بێ .. ماموستا بووە بێ ئەدەبی بم بوورە.

# بیست و چوار کاتژمێر لە خەون و بیداریدا

*خوێنەری بەڕێز :*

*چیرۆکی « خەون و بیداری » لە بەر ئەمەی نەنووسیوم کە بۆ تو سەرمەشقێک بێت . ئەمهەوێ منداڵانی هاووڵاتی خۆت باشتر بناسی و بیر بکەیتەوە کە ڕێگا چارە سەری دەرد و مینەتی ئەوان چی‌یە ؟*

* * *


# بیست و چوار کاتژمێر لە خەون و بیداریدا


_ ئەگەر دز نیت دەبلێ بزانم کێ ئەم پێڵاوانەی بۆ کڕیووی؟ . ئەم جارەیان پێکەنینەکەی بڕایەوە مەحمود دەستی منی لە یەخەی خۆی کردەوە و ووتی :

_ لە جێی خۆت دانیشە ، کوڕە منداڵ ، هیچ لە قسەکانی خۆت دەگەی؟

کوێرە خۆی خستە نیوانمانەوە و نەیهێشت بێت بە شەرمان ؟ ووتی :

_ مەحمود وازی لیبهێنە . لەم کاتەی شەودا ئیتر پێوویست ناکا شەر بنێینەوە. وازبێنە با تامی پێکەنینەکە لە ژێر ددانماندا بمێنێتەوە . ئێمە هەر چوارمان لە خەیاڵی کوتەک بازی و شەڕدا بووین . بەڵام کوێرە و مەحمود بە ڕاستی حەزیان لە پێکەنین و بەزم بو ، مەحمود پێی ووت :

_ خاڵۆ ، ئێمە ئێمشەو نیازی شەڕمان نیە ، ئەگەر ئێش شەڕتان دەوێ بۆ سبەی شەوی هەڵیکرن .

کوێرە ووتی :

_ ئێمە دەمانەوێ ئێمشەو نەختێ گاڵتە جاڕی بکەین ، باشە من ووتم :

_ بوو .

پاسێکی پاک و خاوێن هات و بەرانبەری ئێمە لە ڕوخ جادە ڕاوەستا و شوێنە خالی‌یەکەی پڕ کردەوە . پیاوێک و خانمێکی لاو و تولە سەگێکی سپی و خاوێن لەگەڵ منداڵیکەوە لێی هاتنە خوارەوە . کوریژگەکە هاوەزای ئەحمەد حوسێن بوو پانتۆڵێکی کورت و گۆرەوی سپی و پێڵاوێکی هاوینی دووڕەنگی لە پێدا بوو و قژی شانە کراو و ڕۆن لێ درا بوو . چاوێلکەیەکی سپی بە دەستەوە بوو و بە دەستەکەی دیکەی دەستی باوکی گرتبوو ، زنجیری ملی تولە



سەگەکە بە دەستی خانمەوە بوو کە قوڵ و لاق و لەتەری ڕووت و پێڵاوی پاژنە بڵندی لە پێ دا بوو بە ڕوخ ئێمەدا تێپەری با بۆن و بەرامی خۆشی بە بەر لوتماندا کەوت .

قاسم بەردە کچکەیەکی لە ژێر پێی هەڵگرتە و بە توندی لە پشتی ملی منالەکەی دا .

منداڵەکە گەڕایەوە و سەیرێکی ئێمەی کرد و ووتی :

خوێڕینە ، بەرەڵاینە ! . .

ئەحمەد حوسێن بەرقەوە ووتی :

_ وەل بە هەتیوچە ..!

من بە فرسەتم زانی و ووتم :

_ ئێستا دێم گونت بە چەقۆ دەبرم .

منداڵەکان هەموویان لە قاقای پێکەنینیان دا . باوکە دەستی منداڵەکەی ڕاکێشا و چوونە ناو ئوتێلێکەوە کە چەند مەترێک لەوە لاوەی ئێمە بوو .

دیسان هەموو چاویان لە پێڵاوەکەی مەحمود بریەوە مەحمود بە دۆستانە و خۆشەویستیەوە ووتی :

_ پێڵاو بۆ من زۆر گرنگ نیە . ئەگەر دەتانەوێ با بۆ ئێوە بێ . ئینجا ڕووی لە ئەحمەد حوسێن کرد و ووتی :

_ وەرە بچکۆڵ ، وەرە پێڵاوەکانم لە پێ داکەنە و لە پێ خۆتی کە . ئەحمەد بە گومانەوە چاوێکی لە پێڵاوەکانی مەحمود کرد و نەجوڵا . مەحمود ووتی :

_ بۆچ وا ڕاوەستاوی سەیری دەکەی ؟ پێڵاوی نوێت ناوێ ؟ دەوەرە بیان بە .

ئەم جارەیان ئەحمەد حوسێن هەڵسا و ڕۆیشت بەرانبەری مەحمود داهاتەوە کە پێڵاوەکانی لە پێ داکەنێ ، ئێمە هەرسێکمان سەیرمان دە کرد و هیچمان نەدەوت .

ئەحمەد حوسێن بە توندی پێی مەحمودی گرت و ڕایکێشا بەڵام دەستەکانی هەڵخرین و بە پشتدا کەوتە بەر پێی پیاوەکان . مەحمود و کوێرە بە جۆرێک دایانە قاقای پێکەنین دەموت ئێستا ژان دەیان گرێ .

دەستەکانی ئەحمەد حوسێن ڕەش ببو . کوێرە ئەنیشکی لە کەلەکەی مەحمود ددا و دەیووت :

_ مەحمود نەمووت ؟ .. هاها .. ها .. ! نەم وت ؟ هە .. هە .. هە !

شوێن پەنجە هەڵخزیووەکانی ئەحمەد حوسێن لە سەر پێیەکانی مەحمود دا دەبینرا . ئێمە هەرسێکمان تازە بە خوماندا هاتینەوە لەو هەڵەیەی تێ کەوتبووین . پێکەنینی ئەم دوو

هاوڕێ فێلبازە ئێمەشی گرتەوە ، ئێمەش دامانە پێکەنین . ئەحمەد حوسێنیش کە بە نارەحەتی‌یەوە لە ژێر پێی خەڵکەکەدا ڕاست ببۆوە ، ماوەیەک تێمان ڕاما پاشدان ئەویش دایە قاقای پێکەنین . « ئێستا پێنەکەنێ کەی پێبکەنێ ؟ خەلکە ڕێگوزارەکان سەیری ئێمەیان دە کرد تێدەپەڕین من داهاتمەوە و لە نزیکەوە سەیری پێیەکانی مەحمودم کرد . پێڵاوی چی ! مەحمود تەنیا پێیەکانی ڕەنگ کرد بوو  بە شێوەیەک کە مرۆڤـــ وای دەزانی پێڵاوێکی نوێی ڕەشی لە پێ کردوە ، چون لە خشتە بردنێک بوو ! .

* * *

مەحمود ووتی : با هەر شەشمان لگاو بکەین . من چوار قرانم هەیە . قاسم نەیوت چەندی هەیە ، ئەم دوو برادەرەش پێنج قرانیان هەیە . کوڕی زیوەری بلیت فرۆش تومەنێکی هەبوو . ئەحمەد حوسێن ئەسڵەن هەر پارەی پێ نەبوو . کەمێک لە خوارتر موغازەیەکی داخراو هەبوو . ڕۆیشتین لەوێ لە بەردەمی موغازەکە بۆ یاری کردن و زارمان هەڵدا . بۆ دەست بە یاری کردنیش تیر و پشکمان هەڵدا ، نۆبە کەوتە سەر کوڕی زیوەر . زاری هەڵدا ، پێنجی هێنا . پاش ئەو نۆرەی قاسم بوو ، زاری هەڵدا ، شەشی هێنا ، قرانێکی لە کوڕی زیوەر وەرگرت پاشدان، مەحمود چواری هێنا . دوو قرانی لە قاسم وەرگرت و بە خۆشی یەکەوە دەستەکانی پێکداکێشا و ووتی :

دوبارە زاری هەڵداوە ، دووی هێنا ، ئینجا قوتوی لگاوەکەی دایە مەحمود

_ بەرەکەتە !بەختمان جولاوە . بەم جۆرە دوو دوو زارمان هەڵدەدا و یاریمان دەکرد .

دوو لاوی پۆشتە و پەرداخ لە دەستە ڕاستمانەوە دەهاتن . ئەحمەد حوسێن بەرەو رووبان ڕای کرد و پاڕایەوە :

_ قرانێک ... گەورەم یەک قرانم بدەیە .. تو خوا ... .

یەکێکیان پاڵێکی بە ئەحمەد حوسێنەوە نا و دووری خستەوە ئەحمەد حوسێن ڕای کردەوە و پێشی لێ گرتنەوە و پاڕایەوە :

_ گەورەم قرانێکم بدەیە .. قرانێک هیچ نیە .. بۆ خاتری خودا ..

کە لە بەردەمان تێپەڕین و ئاوا بون پشتی ملی ئەحمەد حوسێنی گرت و بەرزی کردەوە و فڕێی دایە سەر پەرژینی کەنار جادە سەری ئەحمەد لە ناوە ڕاستی جادەوەو پێیەکانی بەلای ڕەسیفەوە لە ئاسماندا ئاوێزان بوو .

ئەحمەد حوسێن پەلە قاژەی کرد تا پێیەکانی گەیشتەوە زەوی و هەر لەوێ لە ڕۆخی جۆگە ڕاوەستا .



دوو کچۆڵەی ناسک لە گەڵ کوڕێکی لاودا بە پێکەنینەوە لە لای چەپەوە دەهاتن . کچەکان کراسی کورت و ڕەنگ ناسکیان لە بەردا بوو لەم لاو لەولای کوڕەکەوە دەڕۆیشتن .

ئەحمەد حوسێن ڕای کرد و لە کچێکیان پاڕایەوە :

_ خانم بۆ خاتری خودا قرانێکم بدەیە ... برسیمە ... قرانێک هیچ نیە خوام کرد بە کژتا !

... خانم هەر قرانێک ! ...

کچەکان بایەخیان پێنەدا ، ئەحمەد دیسان دەستی بە پاڕانەوە کرد .کچەکە پارەی لە جانتا کەیەوە دەرهێنا و خستیە لە پی دەستی ئەحمەدەوە . ئەحمەد بە شادمانی گەڕایەوە لامان و ووتی :

_ منیش یاری دەکەم .

کوڕی زیوەر ووتی : کوا پارەت ؟

ئەحمەد دەستی کردەوە و نیشانیدا . دوو قرانی‌یەکی لە ناو لەپی دەستی دا بوو .

قاسم ووتی :

_هەتیو دیسان سواڵت کرد ؟

ویستی لە ئەحمەد بدا ، مەحمود دەستی گرت و نەیهێشت .

ئەحمەد هیچی نەوت ، جێ بۆ خۆی خۆش کرد و دانیشت . من هەڵسام و ووتم :

_ من لە گەڵ سواڵکەران یاری ناکەم ، من لە قرانێکم زیاتر نەبوو . سێ هەزار چوار هەزارم بردۆتەوە . مەحمود کە زۆری دۆڕاندبوو ووتی :

_ زارێکی‌تر بەسە ، قۆرتانێ دەکەین قاسم پێی‌وتم :

_لەتیف ، دیسان بەم قسانەت یاری‌یەکە تێک مەدە .

پاشدان بە هەموویانی ووت :

_ کی هەڵدەدا؟

کوێرە ووتی: خۆت تەنیا هەڵدە ، ئێمە قۆرتانێ دەکەین . کوڕی زیوەر ئیشارەتێکی بۆ قاسم کرد و ووتی :

_ یاری لە گەڵ ئەوەدا بێسودە . هەر جاری هەڵدەدا پێنج و شەش دەهێنێ . شێر و خەتانێ دەکەین . ئەحمەد حوسێن ووتی : باشە .

مەحمود ووتی : نا قۆرتانێ دەکەین .

شەقام خەرێک بوو چۆڵ دەبوو . چەند موغازەی ئەم لاو ئەولا داخرا بوون . بۆ دەست بە یاری کردن هەر یەکێکمان قرانێکی لە ڕۆلا جۆکەوە بۆ ڕۆخ دیوارەکە هەڵدا ئێستا پارەکان

هەر لە بن دیوارە کەدا بوون کە ئەحمەد هاواری کرد. پۆلیس ! پۆلیس دار بەدەستەوە هەر دوو سێ

هەنگاوی مابوو بگاتە ئێمە . من و ئەحمەد و کوێرە هەڵاتین . مەحمود و کوڕی زیوەریش بە دوای ئێمەدا بۆی دەرچوون قاسم لە گەڵ کوتەک زیڕاندی و پێی بە غارە نا . پۆلیس بە سەریدا هاواری کرد : بەرەڵلای قوماربازینە !... مەگەر ئێوە ماڵ و ژیانتان نیە؟ مەگەر دایک و باوکتان نیە؟ پاشدان داهاتەوە و قڕانەکانی کۆ کردەوە و کەوتەرێ ! کە لە فولکە کەوە ڕەت بووم بینیم تەنیا ماومەوە . چلو کەبابی ئەوبەری جادە داخرا بوو . دوا کەوتم . هەر کاتێک شاگردی چلو کەبابخانەکە خەپەنگەکەی تا نیوە دادەدایەوە ، وەختی ئەوە بوو بۆ لای باوکم بگەڕێمەوە . بە خێرایی لە شەقام و فولکەکانەوە تێپەڕیم و بە خۆم دەوت : ئیتر ئێستا باوکم لێ نووستووە . کاشکی دانیشێ و چاوەڕێم بکا ... ئێستا هەر خەوتووە . پاشدان بە خۆم وتەوە « موغازەی یاری فرۆشی چی ؟ ئەویش ئێستا کە داخراوە . ئەم وەختەی شەو کێ حەوسەڵەی یاری کڕینی هەیە ؟ .. ئێستا وشترە کەشیان بردۆتەوە ناو موغازە و موغازەشیانی داخستوە و ڕۆیشستون .. خۆزیا دەمتوانی دوو قسە لە گەڵ وشترەکەمدا بکەم . دەترسم لە بیری بچێ دوێنی شەو چیمان بڕیاردا . ئەگەر بۆ لام نەیە ؟! ... نا هەر دێ . خۆی ووتی کە سبەی شەو دێم ، منیش سواری دەبم و دەچینە بە تاراندا دەگەڕێین . سوار بوونی وشتریش خۆشە ئا ... » لە ناو کاودا دەنگی ئیستۆپێک بەم ناوەدا بڵاو بۆوە و تۆز و گەردەلوولی بڵاو کردەوە . وام بە خایاڵدا هات کە ئێتر تەواو بووم . کە کەوتمە سەرزەوی تێگەیشتم لە ناوەڕاستی شەقامدا لە گەڵ ئۆتومبیلێک لێکمان داوە بەڵام هیچم لێ نەهاتووە خەریک بووم دەستم دەسڕیەوە کە کابرایەک سەری لە ئوتۆمبیلەکە دەرهێنا و هاواری کرد . دە لە بەردەمی ئۆتۆمبیلەکە ون بە !... خۆ بت نیت . لە ناکاودا بە خۆم هاتمەوە . پیرەژنێکی ماکیاج کردو لە پشتی

سوکانەوەدا نیشتبووە و پیرە سەگێکیشی لە تەنیشتەوە هەڵترو کابوو و پاسی ناوەوەی دەکرد . ملوانکەی سەگەکە بریق و هۆڕی بوو ، وام لێهات بە جارێ حالم گۆڕا بیرم کردەوە ئەگەر ئێستا کارێک نەکەم ، مەسەلەن ئەگەر شوشەی ئۆتۆمبیلەکەی نەشکێنم لە توڕەیی یان شەق دەبەم ، هیچ کاتیک ناتوانم لە شوێنی خۆمدا بجولێم . پیرەژن یەک دوو جار هۆڕنی لێدا و دوبارە ووتی : کوڕە دیارە کەڕی ؟ لە بەردەمی ئۆتۆمبیلەکە وەل بە ! ... یەک دوو ئۆتۆمبیلیتر هاتن بە تەنیشتماندا تێپەرین ، پیرەژن سەری دەرهێنا و ویستی



شتیک بڵێ کە من تۆپەڵە تفێکم لە ڕووی کرد ، یەک دوو جوێنی موستەحەقیسم پێدا و بە خێرایی لەوێ ڕام کرد .

کە تۆزێک ڕۆیشتم ، لە سەر سەکۆی موغازەیەکی داخراو دانیشتم . دلم کوت کوت لیێ دەدا . مغازەکە دەرگایەکی ئاسنی کون کونی هەبوو ، ناو موغازەکە روناک بوو . پێڵاوی جۆراوجۆریان لە پشت جامخانەوە دانابوو . رۆژێکیان باوکم دەیووت ئێمە بە داهاتی دە رۆژیشمان ناتوانین پێڵاوێکی وا بکڕین .

سەرم بەدەرگاکەوە نا و پێیەکانم درێژ کرد . دەست و مەچەکم تا ئێستاش هەر ژانی دە کرد . دڵم دەبورایەوە بە بیرم دەهاتەوە کە تا ئێستا نانم نەخواردوە .بە خۆم ووت :

_ « دەبێ ئێمشەویش بە برسیەتی سەر بنێمەوە : خۆزگە باوکم شتێکی بۆ دانابم .. » لە نکاو بە بیرم هاتەوە کە ئیمشەو وشترەکەم دێ تا سوارم بکا و بمباتە گەڕان لە جێگای خۆم ڕاپەریم و بە خێرایی کەوتمەڕێ.

کەل و پەلی یاری فرۆشتن داخرا بوو بەڵام دەنگە دەنگی یارییەکان لە پشت دەرگا ئاسنەکەوە دەگەیشتە گوێم . جارێک شەمەندەفەر تەقە تەقی دە کرد و فیتەی لێدەدا پیرە ورچێکی رەش لە پشت رەشاش

دانیشتبوو گوللەی دەتەقاند و بوو کەشوشە ئێسک سوک و نەرموڵە جوانەکانی دەترساند . مەیمونەکان لە قوژبنێک وە بۆ قوژنبێک بازیان دەدا و خۆیان بە کلکی وشترەکەوە دەکرد کە وشتر تورەدەبوو پێی دەوتن گوەڕاینە بەدینە . کەری گوێ درێژ ددانەکانی لە جیرەوە دەبردو دەزەڕی بەچکە ورچ و بووکە شوشەکانی سواری پشتی خۆی دەکرد بە چوار ناڵە بۆ دور هەڵیدە گرتن . وشتر گوێی بۆ چکەچکی سعاتی دیوار شل کرد بوو وەک ئەوەی وەعدەی لە گەڵ کەسێکدا هەبێ . فڕۆکە و هێلیکۆپتێرەکان بە ئاسماندا دەسوارنەوە ، کیسەڵەکان لە ناو قەپێلکیانەوە باوێشکیان دەهاتێ ، دێڵە سەگان گوجیلەکانیان شیردەدا ، پشیلە بە پێ دزە هیلکەی لە ژێر سەبەتەوە دردەهێنا . کەروێشکەکان بە سەرسامی یەوە سەیری ڕاوچی ناو تاقەکانیان دەکرد . مەیمونە رەشە شمشالە زێرینەکەی منی دەژەنی کە هەمیشە لەو دیوی جامخانەکە بوو بە لێوە ئەستوورەکانی دادەهێنا و نەغمەی خۆشی لێ بەرزدە کردەوە . ئۆتۆبوس و ئۆتۆمبیلەکان بوو کە شوشەکانیان سوار کرد بوو و گەشتیان دەکرد . تانک و تفەنگ و دەمانچە و رەشاشەکان خێرا خێرا تەقەیان دەکرد . بەچکە کەروێشکی سپی گێزەری گەورەیان بە دەستەوە گرتبو و دەیان خوارد . لە هەموویان گرنگتر ووشتری من بوو کە دەیوویست بجوڵیتەوە هەموو شتەکانی پێکدا دەڕژاند .

ئەوەندە گەورە بوو ئیتر لە پشتی جامخانە جێ نە دەبۆوە بە درێژایی ڕۆژ بەرانبەری ڕێبواران ڕادەوەستا و سەیری خەڵکی دە کرد . ئێستاش لە ناوەڕاستی موغازەکە وەستا بوو زەنگۆڵەکەی ملی زرنگە زرنگی بوو ، بنێشتی دەژوویی گوێ بۆ چرکە چرکی سەعات ڕاگرتبوو ، دوو بەچکە حوشتری موو سپی لە ناو دەلاقەوە
هاواریان دەکرد :: دایە ، ئەگەر بچیتە سەر جادە ئێمەش لە گەڵت دێین باشە ؟
وویستم دوو قسە لە گەڵ وشترەکەم دا بکەم هەرچەندی هاوارم کرد گوێ کە دەنگم نەبوو . ناچار چەند پێ لەقەیەکم بەدەرگاکەدا کێشا بەڵکو ئەوانیتر بێدەنگ بن لەو کاتەدا یەکێک گوێی کرتم و ووتی : کوڕە تو دەڵێ شێت بوویی ؟ وەرە بڕۆ بخەوە . ئیتر ماوەی وەستان نەما بوو . خۆم لە دەستی پۆلیس رزگار کرد و پێم بە غارەوە نا و تا لەوە زیاتر دوا نەکەوم .
کاتێ گەیشتمەوە لای باوکم . شەقامەکان هەمووی مات و چۆڵ و هۆل بوون تاک و تەراک تاکسی دەهات و تێدەپەڕی . باوکم بە شێوەیەک لە سەر عەرەبانەکەی نووستبوو ئەگەر منیش بمویستا بخەوم ، ئەوە ناچار بووم بێداری کەمەوە تا لاقەکانی وێوە ببا و جێم بکاتەوە . جگە لە عارەبانەکەی ئێمە گەڵی عارەبانەی تریش لە کەناری جۆگە و دیوارەوە خەوتبوون . ئەوێ سەرە فولکە بوو یەکێک لە خەلکی شارەکەمان هەر لەوێدا دوکانی سەهۆڵ فرۆشتنی هەبوو ، سەراپام خەودەی بردەوە ، خۆم خستە سەر عارەبانەوە لێ خەوتم .

* * *

جرینگ .. جرینگ .. جرینگ
__ لە تیف گیان ، گوێت لە دەنگمە ؟ من وشترم . هاتووم بچینە گەڕان دەوەرە سوار بە بڕۆین ، کە وشترەکە گەیشتە ژێر هەیوان من لە ناو جێگاگەم دا هاتمەدەرەوە و لەو بەرزایی یەوە خۆم هەڵدا و کەوتمە سەر پشتی ئەو بە پێکەنینەوە وتم :
__ وا من سواری پشتت بووم ئیتر بۆ هاواردەکەی ؟
وشتر بە بینینم خۆشحال بوو کەمێ بنێشتی هاویشتە دەمی‌یەوەو کەمێکیشی دایە من و مەوتینەڕێ . نەختێک ڕێمان کرد بوو کە وشتر ووتی :
__ شمشاڵە کەشتم هێناوە و ، بیگرە تۆزێک بژەنە با گوێت بۆ ڕاگرین .
شمشالە جوانەکەم لە وشتر وەرگرت و بە تووندی دەستم بە ژەنین کرد . وشتریش بە زنگە زنگی زەنگوڵە گەورە و بچوکەکانی لە گەڵ ئاوازی شمشاڵەکەی مندا دەرۆیشت .
وشتر سەری بۆ لای منەوە سوڕاند و ووتی :



__ لە تیف شێوت خواردووە ؟
من وتم : نا ، پارەم نەبوو .
لە هەمان کاتدا کەروێشکێکی سپی لە سەر دارێکەوە هاتە خوارەوە و ووتی :
__ وشتر گیان ، ئیمشەو شێومان لە ( ڤیەلا ) دا دەخۆین . دەچم تا ئەوانیتر ئاگادار کەمەوە ، ئێوە بۆ خۆتان بڕۆن . کەروێشکەکە تا ئێستاش ناوکە گێزەری دەخوارد ، ناوکە گێزەری فڕێ دایە ناو جۆگا و بە قونە قون لە ئێمە دور کەوتەوە . وشتر ووتی :
__ دەزانی ڤیەلا مانای چیە ؟
من وتم : وای تێبگەم یەعنی هاوینە هەوار.
وشتر ووتی:
__ هاوینە هەوار نا ، ملێونێرەکان لە جێ فێنک و سازگاردا خانوی ڕازاوە بۆ خۆیان دروست دەکەن ، هەر وەختێک ئارەزویان کرد دەڕۆن لەوێ ئیستراحەت دەکەن و بە شادی ڕادەبوێرن ؟ بەو خانوان دەلێن ڤیەلا هەڵبەتە ( ڤیەلاکان ) حەوز و کوفارە باغ و وباخچەی گەورە و پڕ لە گوڵ و گوڵزاریان تێدایە ، دەستەیەک باغەوان و چێشت لێنەر و نۆکەر و کارە کەریشی تێدایە .
هەندێک لە ملیونێرەکان چەند ڤیەلایان لە دەرەوە هەیە وەک سویسرا و فەرنسا ، ئێستا دەچینە یەکێک لەم ( ڤیەللا ) یانەی ژووروی تاران تا گەرمای هاوین لە خۆمان دەرکەین . وشتر ئەمەی وت وەک ئەوەی باڵ بکرێ بە ئاسماندا فڕی . ژێرەوەمان پڕی خانوی قەشەنگ و جوان جوان بوو . بۆنی دوکەڵ و بۆن بۆگەنی لە هەوادا نەبوو ، خانو و کۆڵانەکان بە جۆرێک بوون کە من وام دەزانی سەیری فلیمی سینەما دەکەم . سەرەنجام بە وشترم ووت :
__ وشتر ، ناکا لە تاران چووبینە دەرەوە !
وشتر ووتی :
چون بوو ئەمەت بە بیردا هات ؟ من ووتم :
ئاخر لەم ناوانە بۆنی پیسایی و گەنیو نایە . خانووەکان هەمووی گەورەن ، وەک چەپکە گوڵن.
وشتر پێکەنی و ووتی: ناهەقت ناگرم لەتیف گیان ، تاران دوو بەشە ، هەر بەشێکی شتێکی ترە بۆ خۆی . باکور و باشور . باشور پریەتی لە دوکەل و پیسی و تەپ و تۆز بەلاَم باکور پاگژ و خاوێنە ، لە بەر ئەوەی هەموو ئۆتۆبوس و ئۆتۆمبیلە شکاوەکان لەولادا کاردەکەن ،

هەموو کورەکانی خشت دروست کردن لەو بەرن . هەموو دیزل و ئۆتۆمبیلە بارهەلگرەکان لەو بەر هاتوچۆ دەکەن .

_ زۆربەی کوچە و کۆلآنو جادەکانی باشور خۆلن ، هەمووی گواو و سیانی جۆگەکانی باکور بۆ باشور سەرەو خوار دەبێتەوە ، بە کورتی

_ باشور ناوچەی مرۆڤە هەژار و برسیەکانی و باکور شوێنی دەولەمەند و پارەدارەکانە .

تۆ لە ( حەسیر ئاباد ) ، ( نازی ئاباد ) شەقامی حاجی عەدول مەحمود خانوی دە نهۆمی مەرمەڕێت دیوە ؟ ، ئەمانە خانوبەرەی بڵندن ژێرەوەیان موغازەی زەنگینەکانی تێدایە و موشتەریەکانیان سی‌گی چەند هەزار تومەنیان هەیە . من ووتم :

_ لە ناوچەکانی باشوردا شتی لەم بابەتانە بەرچاو ناکەوێ ، لە وێدا کەس ئۆتۆمبیلی نیە بەڵام زۆربەعان عارەبانەی دەستیان هەیە و لە کەلێن و قژبنان دەنوون . ئەوەندەم برسی بوو لە چراغی رەنگاوەرنگ ، فینک و سازگار و پڕ گوڵ و درەخت . کۆشک و باڵە خانەیەکی گەورە وەک چەپکە گوڵ لە ناوەراستی دا بوو و چەند مەترێک لەو لاترەوە حەوزێکی گەورەی پڕ ئاوی روون و سورە ماسی هەبوو دەوروبەری مێز و کورسی جوانی لێدانرابوو . لە سەر مێزەکاندا دنیا یەک خواردنی هەمە چەشی ریز کرا بوو کە بۆنیان مرۆڤی مەست کرد .

_ وشتر ووتی : با دابەزین ، شێو ئامادەیە .

_ من ووتم : ئەدی خاوەن باغ لە کوێیە ؟

_ وشتر وتتی : بیری ئەو مەکەوە لە ژێر زەمیندا لێ راکێشاوە و نووستووە وشتر لە سەر کا شیە رەنگاورەنگەکانی رۆخ حەوزەکە دانیشت و من قەڵەمم بازێکم دا و هاتمە خوارەوە ، کەروێشک ئامادە بوو . دەستی منی گرت و بردمیە سەر مێزێک و دای نیشاندم . پاشی کەمێک میوانەکان بە دیار کەوتن ، بووکە شوشەکان بە سواری قەمەرەوە هەندێکیان بە فرۆکە و هێلیکۆپتێرەوە ، وڵاغ بە جووتە ، کیسەڵەکان بە کلکی بەچکە

وشترەکانەوە ، مەیمەنەکان بە بازبازێن و ئاوێنرانەوە و کەروێشکەکان بە قونەقون بە سەر ڕاگەیشتن .

میوانداریەکی سەیر و پڕ لە سەیر سەمەرە بوو پڕ لە خواردنی هەمەڕەنگ کە تەنیا بۆن و بەرامەیان ئاوی لە دەمی پیاودا دەتێنراند . عەلەشێش سورکراوە ، جوجە کەباب ، بەرەکەباب . پلآو و خۆراکی جۆرا و جۆر و گەلێ شتی دیکەش کە من ناتوانم بزانم چ خواردنێکن لە هەر جۆرە میوەجاتێک دەویست مەعاف بوو ، لە ژێر دەست و پێیاندا



ڕژابوو ، وشتر لە وسەری حەوزە کەوە ڕاوەستاو بە ڕاوەشاندنی سەروملی هەموویانی بێدنگ کرد و ووتی :

گەورە و بچوک هەمووتان بەخێرهاتن .

خۆشیتان هێنا . بەڵام دەمویست لێتان بپرسم ، ئایا دەزانن لە بەر خاتری کێ و بۆچی ئەم دەعوەتە پڕ خەرجی‌یەمان کرد ؟ کەرویشک ووتی :

لە بەر خاتری لەتیف. دەمان وویست ئەویش ژەمێک تێر بە سکی خۆی بخو ، ئەم حەسرەتە لە دڵیدا نەمێنێتەوە .

ورچ لە پشت رەشاشەکەیەوە ووتی : ئاخر لەتیف ئەوەندە دێ و تەماشامان دەکا ئێمە هەموومان خۆشمان دەوێ .پڵنگ ووتی :

بەڵێ، هەروەک ئەوەی لەتیف حەزدەکا ئێمە بۆ ئەو ببین ، ئێمەش حەزدەکەین بۆ ئەو بین . شێر ووتی :

بەلێ ، منداڵی مڵیو نێرەکان زۆر زوو لێمان تێردەبن . باوکیان هەر رۆژەی جۆرە یاری یەکی تریان بۆ دەکڕی ئەوساکە یەک دوو جار یاریان بە ئێمە کردووە و بێزار دەبن و ئیتر یاریمان پێناکەن و فرێمان دەدەنەلاوە تابمێنینەوە و برزین و لە ناوبچین من هاتمە دەم و ووتم : ئەگەر هەر یەکێکتان هی من بن ، پەیمان دەدەم کە هیچ

کاتێک لێتان تێرنەبم . هەمیشە یاریتان لەگەلٚ بکەم و بەتەنیا جێتان نەهێڵم .

یاری یەکان هەموو بەیەک دەنگ ووتیان : دەزانین ، ئێمە چاکت دەناسین . بەڵام ئێمە ناتوانین بۆ تۆ بین ، زۆر گرانمان دەفرۆشن . پاشدان یەکێکیان ووتی :

من لەو باوەڕەدانیم کەدەرامەتی مانگێکی باوکت بەشی کڕینی یەکێکمان بکا .وشتر دیسانەوە هەمووی بێ دەنگ کردن و ووتی :

بابگەرێینەوە سەر مەبەستمان . هەموو قسەکانی ئێوە ڕاستە ،بەڵام ئێمە مێوانداری ئیمشەومان لەبەر خاتری شتێکی گەلێ گرنگ بوو ئێوە باستان نەکرد . من دیسان هاتمەوە گۆ ووتم : من خۆم دەزانم بۆچی منیان بۆ ئێرەهێنا . ئێوە ویستتان پێم بڵێن کەببینە هەموو مرۆڤ وەک باوکت بە برسی یەتی لەرۆخ شەقامەکاندا نانوون .

چەند ژن و پیاوێک لەچوار دەوری مێزەوە دانیشتبون خێرا خێرا بە هەڵپە نانیان دەخوارد . دیار بوو نۆکەر و کارەکەری ماڵەکە بوون . منیش دەستم کردبە خواردن ، بەڵام دڵم ئەوەندە پڕکەلێن بوو هەرچیەکم دەخوارد تێر نەدەبووم و سگم قورە قوری دەکرد ، وەک

ئەو وەختانەی کە زۆر برسی دەبم . بیرم کردەوە ناکا خەون بێ بۆیە تێر نابم ؟ دەستم بە چاوەکانم دا هێنا بینم چاوەکانم کرانەتەوە بە خۆم ووت:

« من نووستووم ؟ نا نە نووستووم . مرۆڤــ کە دەنوێ ئێتر چاوەکانی زەق نین و هیچ جێیەك و هیچ شتێك نابینێ. ئەدی بۆ چی تێر نابم ؟ بۆ چی وا خەریك بوو بە چوار دەوری باڵە خانووە کەدا دەخولامەوە و دستم بە دیوار و بەردە بە

نرخەکانیدا دەهێنا ، نازانم لە کوێوە تۆز و خۆڵ دەهات و

یەکەوراست بە رووی من دەکەوت .لەو وەختەدا لە ژێر زەمیندا بووم وام دەزانی تۆز و خۆڵ لەوێیە . لە یەکەمین پێچکە تۆز و خۆڵ بە جۆرێك بە دەم و لوتم کەوت پشمین گرتمی : هاپ ش ! » بە خۆم ووت : چی بووم ؟ من لە کوێم ؟

کەناسەکە بە رێکی بە بەردەممدا تێپەری تۆز و خۆڵی رەسیفەکەی بە دەم و چاوەدا دا . بە خۆم ووت :

چی بووە ؟ من لە کوێم ؟ ناکا خەون بینم ؟ بەڵام نەخەوتبووم . عەربانەکەی باوکم بینی ، پاشدان گوێم لە گرە گری ئۆتۆمبیل بوو ئینجا لە تاریك و روونی بەیانیدا چاوم بە خانو و ساختمانەکانی دەوروبەرم کەوت . ئێستا نەنووستبوم . کەناسەکە ئێستا لە لامەوە رەت ببوو بەڵام ئەوەندەی تۆز و گەردا نابۆوە سەرکۆیەکەی خەت خەت دەکرد و بەرەو پێشەوە دەچوو . بە خۆم وت :

تێکرای ئەمانە خەون بوون ؟ نا !.. بەڵێ ئیتر خەوم بینی نا !.. نا !.. نا !.

کەناسەکە گەرایەوە و سەیری منی کرد . باوکم لە سەر عارەبانەکەوە سەری شۆر کردەوە ووتی : لە تیف ، خەوتوویی ؟

من ووتم بەڵێ راستە وشتر باڵی نیە .

باوکم ووتی : ئەگەر نەخەوتوویی بۆ چی هاواردەکەی ؟ وەرە سەرەوە بۆ باوەشی خۆم .

چوومە سەرەوە ، باوکم دەستی خستە ژێر سەرمەوە بەڵام من نەنووستم و خەو نەکەوتە چاوەکانم ؟ دڵم دەبواریەوە ، سکم بە

تەواوی بە تەختەی پشتمەوە نوسابوو . باوکم کە بینی خەوم لێ

نامەوێ ووتێ: شەو دواکەوتی منیش ماندوبوم و زوو خەوتم .

ووتم : دوو ئۆتۆمبیل لێکیان دابوو و راوەستا بووم سەیرم دەکردن . پاشدان ووتم : بابە . وشتر دەتوانێ رفرێ و قسەبکا ... باوکم ووتی: نا ناتوانێ .



من ووتم بەڵێ راستە وشتر باڵی نیە . باوکم ووتی : کورم تۆ چیتە ؟ هەر بەیانی کە لە خەو هەڵدەستی باسی وشتر دەکەی . من لە خەیاڵی شتێکی تردا بووم ووتم : پارەداریش شتێکی باشە ، بابە ، مەگر وا نیە ؟ . مرۆڤــ ئارەزوی بۆ هەرچی یەك چوو دەتوانی بیخوا هەرچی وویبستی هەیبێ ، مەگەر وا نیە بابە ؟ باوکم ووتی : ناشوکریان مەکە کورە ، خوا خۆی باش دەزانی کی پارەدار و ، کێ بێ سامان دەکا .

باوکم هەمیشە ئەم قسەی دەکرد . تازە دونیا روناك ببۆوە و باوکم سۆڵەکانی ژێر سەری هەڵگرت و لە پێ کردن . پاشدان ، لە عەرەبانەکە دابەزین و باوکم ووتی: دوێنی نەم توانی پەتاتەکان بشۆمەوە .نیوەی زیاتری بە دەستمەوە ماوەتەوە من ووتم : دەتویست شتێکیتر بفرۆشی .باوکم قسەی نە کرد . قوفلی عەرەبانەکەی کردەوە دوو کیسەی پری دەرهێنا و لە سەر عارەبەنەکەی بەتالی کردن ، منیش تەرازو کێلۆیەکانم دەرهێنا و رێکم خستن ، پاشدان کەوتمەرێ. باوکم ووتی : دەچین چیشت دەخۆین .

هەر کاتێك باوکم بیگوتایە « دەچین چێشت دەخۆین من تێدەگەشتیم کە شەو شێوی نەخواردوە .

کەناسەکە تا ناو شەقامەکەشی خەت خەت کرد بوو . ئێمە بەرەو لای باغی شار دەچوین. پیرەمێردی چێشت فرۆش وەك هەمیشە لە بەردەمی ، لەسەر پرێمزێك قولپە قول پی دەدا . سێ موشتەری ژن و پیاو لە دەوری دانیشتبون و لە لەگەنی فافۆن کە پڕ بون لە خواردن نانیان دەخوارد . ژنەکە پلین فرۆش بوو . وەك زیوەری پلیت فرۆش ، چارۆکێکی بەسەر سەرەوە بوو ، چوارمشقی لێ دانیشتبوو دەستە پلیتەکانی لە کۆشی دانابوو و چارۆکەکەی لە قەدی یەو ئاڵانە بوو .

باوکم چاك و خۆشی لە پیرە مێردەکە کرد و دانیشتین ، دوجێ خواردنی بچوکمان لە گەڵ دوو لەتە نان خوارد و هەڵساین ، باوکم دوو قرانی دامێ و ووتی :

من دەرۆم تا بگەرێم و نیوەرۆ دێمەوە ئێرە و پێکەوە فراوین دەوێن .

یەکەم کەس کە بینیم کوڕی زیوەری پلیت فرۆش بوو . پێشی پیاوێکی گرتبو و پێی دەوت : گەورەم پلیتێك بکرە ، ئینشائەڵلا بۆت دەردەچێ گەورەم توخوا بکرە . پیاوە بە زۆری و زۆرەکی لە دەستی کوڕی زیوەر قوتار بوو و رۆیشت ، کوڕی زیوەر چەند جوێنی لە ژێر لێوەوە دا دەیویست بکەوێتەرێ و من بانگەم کرد و ووتم : نەت توانی بیگری ، نەت توانی لە شیشی دەی ! کوڕی زیوەر ووتی :

ڕووی تاڵ بوو ، وەك لە گەڵ ژنەکەی بەشەرِ هاتبێ .

پێکەوە ڕیمان کرد ، کوڕی زیوەر بە دەستە پلیتە دەدەیی و بیستیەکانیەوە پێشی خەڵکی دەگرت و بێ پسانەوە دەی وت :

گەورەم پلیت خانم پلیت ؟ کوڕی زیوەر بۆ هەر پلیتێکی کە دەیفرۆشت قرانێکی لە دایکی وەردەگرت هەرکە خەرجی خۆی دەردەهێنا ئتیر پلیتی نەدەفرۆشت ، دەرۆیشتە دواى یاری و گەڕان و شەڕ و ، سینەما لە

هەمووماں دەوڵەمەندتر و پارەدارتر بوو عادەتی بوو نیوەڕۆیان لە ناو جۆگەیەکدا ، لە ژێر پروێک درێژ بێ و یەک دوو سەعات بنوێ .

بە یانیان هەتاو هەڵنە دەهات بێدار دە بۆوە و پلیتەکانی لە دایکی وەردەگرت و دەکەوتەڕێ تاکو کریارەکانی بەیانیان لە دەست نەدا و پیش نیوەڕۆ کارەکەی تەواوبکا . دڵی نەدەهات پاش نیوەڕۆیان بە پلیت فرۆشتن لە خۆی حەڕام بکا .

تا شەقامی نادری کوڕی زیوەر سێ پلیتی فرۆشت ، کە گەیشتە ئەوێ ووتی : ئیدی من دەبێ لێرەدا بمێنمەوە .

موغازەکان تاک و توک کرابوونەوە . موغازەی یاری فرۆشی داخرا بوو . ووشترەکەمیان نەهێنابووە سەر سەکۆیەکە . دڵم نەهات لە درەگا بدەم نەبادا خەوی بەیانی لێ بتەرێنم . تیپەڕیم بەروە سەرەوە و ڕۆیشتم . شەقامەکان پڕی لە قوتابی بوو . لە ناو هەر قەمەرە یەک دوو منداڵە قوتابی لە تەنیشت دایک و باوکیانەوە دانیتبون و دەچوونە قوتابخانە .

لەو وەختەی رۆژدا تەنیا دەمتوانی ئەحمەد حوشێن ببینمەوە تا وەکو لە دەستی تەنیایی دا رزگاربم . دیسان چەند شەقامێک رۆشتم تا گویشتمە چەند جادەیەکی زۆر قەڵەبالغ ، بۆنی دوکەڵ و پیساییان لێ نەدەهات . مەورە و بچوکیان بەرگی جوان و خاوێنیان لە بەردا بوو . دەم و چاویان دەبریقایەوە کچەکان و ژنەکان وەک گوڵی ڕەنگاوڕەنگ درەوشاوە بوون . موغازە و خانوەکان لە ژێر تیشکی خۆردا وەک ئاوێنە خۆیان دەنواند . من هەر کاتێک بەو شوێنانە تێدەپەڕیم لام وا بوو لە سینەما دانیشتبووم سەیری فیلم دەکەم .

هیچ کاتێک تێنەدەگەیشتم چۆن لەناو ئەم خانوانەدا بەم بڵندی و خاوێنیەوە نان دەخۆن و چۆن دەنون ، قسە دەکەن و جل لەبەر دەکەن تۆ دەتوانی لەوە بگەی کە چۆن لە ناو سکی دایکت دا دەژیای ؟ بۆ وێنە دەتوانی خۆت لە نغاو سکی دایکت دا ببینی چۆن نانت دەخوارد ؟ نا ناتوانی . منیش وەک تۆ بووم ئەسڵەن هەر نەم دەتوانی بیرشی لێبکەمەوە ، لە بەردەمی موغازەیەک سێ منداڵی جانتا بە دەست ڕاوەستا بوون ، سەیری شتەکانی پشت جامخانەیان دەکرد . منیش لە پشتیانەوە ڕاوستام . بۆن و بەرامی خۆش لە سەر و قژیانەوە



دەهات ، بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێ پشتی ملی یەکێکانم بۆن کرد ، منداڵەکان ئاوڕیان دایەوە و منیان دایە بە تف و نەفرت و رۆیشتن و لێم تێپەڕین . لە دورەوە گوێم لێ بوو بەکێیان دەیووت : چ بۆنێکی نا خۆشی لێدەهات بە فرسەتم زانی وێنەی خۆم لە ناو شوشەی موغازەکەوە ببینم .

قژم ئەوەندە درێژ و ئاڵوژ ببوو کوێیان دا پۆشی بووم . وەک ئەوەی کلاوێکی توکنم لە سەر نابێ کراسەکەم ڕەنگی پەڵاوی و تاریک ببوو و لە یاخە دا دڕاوەکەمەوە لەشە هەڵقر چاوەکەم دەبینرا . پێیەکانم پەتی و پیست و پاژنەم شەق شەق ببوو .

حەزم دەکرد مێشکی هەرسێ منداڵەکان بپڕژێنم .

ئایا گوناهی وان بوو من بەم شێوەیە دەژیام ؟.

پیاوێک لە ناو موغازەوە هاتەدەرەوە بە ئیشارەتی دەست منی دەر دەکردو ووتی : بڕۆ کوڕە ، بەو سبەینەی ساڵحان سفتاحمان نەکردوە تا خێرێکت پێبکەم . من نەجولاٌم و هیچم نەوت ، پیاوەکە دیسان تێی ڕاخوڕی مەوە و ووتی : دە وەلبە ، ڕووی چەند قایمە ! من نەجوولاٌم و ووتم : من سواڵکەر نیم . پیاوەکە ووتی :

ببورە مام پیاو ، ئەدی چکارەی ؟ ووتم :

کارم نیە ، بۆ خۆم سەیر دەکەم و رۆیشتم .

پیاوەکە چۆوە ناو موغازەکە ، پارچە کاشیەکی سپی لە ناو جۆگاکە دەبریایەوە ، چی ئێتر ڕانەوەستام ، پارچە کاشیەکەم هەڵگرت و بە هەموو هێزم بە شوشەی موغازەکەم دا کێشا . شوشەکە خڕەی لێوە هات و وردوخاش بوو . دەنگی شکانی جامخانەکە بارێکی ئەوەندە گرانی لە سەر دڵم هەڵگرت ئەو کاتە دوو پێم هەبوو دووی تریشم قەرز کرد و هەلاٌتم ، نازانم لە چەند شەقام ئاوا ببووم کە تووشی ئەحمەد حوسێن بووم زانیم ئیتر لە موغازەکەوە زۆر دوور کەوتومەتەوە ، ئەحمەد حوسێن وەک هەمیشە لە بەردەمی قوتابخانەی کچان ئەم بەر و ئەوبەری دەکرد و لە لای ئەو پاسانەی کە کچەکانی لێ دادە بەزین سواڵی دەکرد . هەموو بەیانی یەک زوو ئەمە پیشەی ئەحمەد بوو .

من هەتە لە دواییشدا نەمزانی کە ئەحمەد حوسێن لە کوێ دەژەی بەلاٌم قاسم دەیووت ئەحمەد حوسێن تەنیا پیرە دایکێکی هەیە و ئەویش سواڵکەرە . ئەحمەد حوسێنیش خۆی هیچی نەدەووت . کاتێک زەنگی قوتابخانە لێ دا مندالاٌن رۆیشتن و چونەوە پۆلەکانیان و ئێمەش کەوتینەڕی . ئەحمەد حوسێن ووتی :

ئێمرۆ باشم چنگ نەکوت . هەموویان دەلێن خوردەمان نیە . من ووتم :

ئێستا دەمانەوێ بۆ کوێ بچین ؟

ئەحمەد حوسێن ووتی: بەم ناوەدا دەڕۆین .

من ووتم : ئەوها نابێ دەبێ بڕۆین قاسم بدۆزینەوە یەکی پەرداخێك ماستاو بخوینەوە .

قاسم لە ناوەراستی جادەی سی مەتری پەرداخێك ماستاوی یەك قران بایی هەلدەقوڕاند ، هەر کاتێك ئێمەش دەچووینە لای سەرو جامێکمان ماستاو بە خۆڕایی دەخواردەوە . باوکی قاسم لە شەقامی حاجی عەبدوۆل مەحمود کونە فرۆش بوو . کراس یەکی بە پانزە قران ، دەرپێ دووی بە بیست و پێنج قران و چاکەت و پانتۆڵ بە هەفت هەشت تومەن . دوکانی قاسم لە یەکەم پێچی شەقامی حاجی عەبدوول مەحموددا بوو . دەر و دیوار و سەرزوی شەقامەکە پڕی لە شتە کۆن و شکاو بوو خاونەکانیان لە سەریانەوە ڕاوەستا بوون و بانکی کڕیاریان دەکرد .

باوکی قاسم دوکانێکی گەلێ بچووکی هەبوو شەوانیش لە گەڵ ژنەکەی و قاسم کوڕیان تێیدا دەخەوتن . خانوویەکی تریان نەبوو . دایکی قاسم لە بەیانی تا ئێوارە ، ئەو جلە دڕاو چلکنانەی دەشوشت و پینە دەکرد ، کە باوکی قاسم لەم و لەوی دەکڕین .

شەقامی حاجی عەبدوول مەحمود خولین بوو جۆگەی لێ نەبوو ، هیچ ماشینی پێدا تێنە دەپەڕی .

من و ئەحمەد حوسێن پاش یەك دوو سەعات ڕۆیشتین گەیشتینە شوێنەکەی قاسم . قاسم لەوێ نەبوو چووینە شەقامی حاجی عەبدوول مەحمود ، باوکی قاسم ووتی دایکی بۆ خەستەخانەی بردوە . دایکی قاسم هەمیشە یان قاچی بادار بوو یان گەدەی دەیەشا .

نزیکە عەسرانێك بوو من و ئەحمەد حوسێن و کوڕی زیوەر لە شەقامی نادریدا لە رۆخ جۆگا لە نزیك وشترەکەوە دانیشتبووین « ناوکە شوتیمان دەتوکاند » و لە بارەی نرخی وشترەوە قسەمان کرد . لە دوایی‌دا بریارمان دا کە بچینە ناو موغازە و لە فرۆشیارەکە بپرسین کە نرخی وشترەکە چەندە .

کابرا بە خەیاڵ ئەوەی گوایە ئێمە سواڵکەرین هێشتا نەگەیشتبووینە ناو دەرگاکە ووتی : بڕۆنە دەرەوە ، خوردەمان نیە .

من ووتم : قوربان پارەمان ناوێ ، وشترەکە بە چەندی دەفرۆشی؟

بە دەست ئیشارەتم بۆ وشترەکە دەکرد ، خاوەن موغازەکە بە واق وڕمانێکەوە ووتی : وشتر ؟!

ئەحمەد حوسێن و قاسم لە دوای منەوە وتیان : بەڵێ وەشترەکە بە چەندی دەدەی ؟



خاوەن موغازەکە ووتی : بڕۆنە دەرەوە .. بابە ، وشتر فرۆتەنی نیە .

بە دڵشکاوی لە موغازەکەوە هاتینە دەرەوە ، ئێستا ئەگەر فرۆتەنیش بوایە ، ئەوندەمان پارەی نەقد هەبوو بیدەین و جڵەوی وشترەکە بگرین و بیبەین !. وشترەکە لە جێی خۆی‌دا قیت وەستا بوو وامان بە خەیال دادە هات کە دەتوانێ هەر سێکمان بە جارێك هەڵگرێ و تۆزقالێکیش لای زەحمەت نەبێ . دەستی ئەحمەد بە زۆر دەکەیشتە سکی وشترەکە . کوڕی زیوەریش دەیوویست دەستی خۆی تاقی بکاتەوە ، لە گەڵ فرۆشیارەکە هاتەدەرەوە و گوێ قاسمی گرت و ووتی: هەی ولاغ ، مەگەر نابینی نوسیویانە دەستی مەدەنێ ؟ و بە دەست پا رچە کاغەزێکی نیشان دا کە لە سەر سینگی وشترەکەوە بە دەرزیلەیەك قایم کرابوو و شتێکیان لە سەر نوسرابوو بەڵام ئێمە هیچیەکمان سەرمان لێدەرنە دەکرد . لەوێ دوور کەوتینەوە و دەستمان بە تۆشکاندن و پیاسە کرد . پاشە کەمێك کوڕی زیوەر ووتی خەوم دێ و جێگایەکی چۆلی دۆزی‌یەوە و چووە ناو جۆگەکەوە ، لە ژێر قردێك لاَ نووست .

من و ئەحمەد حوسێن بڕیارمان دا بچینە باغی شار ، هەوا گەرم و وەستاو بوو عەرەقەیەکی وامان کرد بوو هەر باسی ناکرێ. هیچمان قسەمان نەدەکرد . من حەزم دەکرد ئێستا لە لای دایکم بومایە ، ئیجگار هەستم بە غەریبی دەکرد .

لە ناو دەرگای باغی شار دا ئەحمەد حوسێن دوو قرانی دا و لەفەێکی هێلکەینی کڕی و قەپالێکیشی دایە من ، پاشدان بۆ ناو جۆگاکە شوێنە هەمیشەیی‌یەکەمان چووین تا مەلە بکەین . چەند منداڵێکی تریش لە سەروی ئێمەوە مەلەیان دەکرد و شەڕە ئاویان دەکرد، س من و ئەحمەد حوسێن بە بێ دەنگی لە ناو ئاوەکەدا ڕاکیشاین و سەر بەدەنمان شوشت و کارمان بە کاری ئەوانەوە نەبوو . شورتەی باغ بە های و هاوار تێ ڕاخورین و بەرەو لامان هات و هەمووومان پێمان بە غارەوە نا و

چوینە بەر هەتاو لە سەر قوم دانیشتین . من و ئەحمەد حوسێن لە سەر قومەکە ویچنەی وشترمان کێشا ، لە ناکاو دەنگی باوکم لە سەرمانەوە هات . ئەحمەد حوسێن هەڵسا و ڕۆیشت ، من و باوکم چوینە دوکانی جگەرچی و فراوینمان خوارد ، باوکم مە بینی بێدەنگم و قسە ناکەم لە بیر کردنەوەدام ووتی : لەتیف ، چی قەوماوە ؟ حالت باش نی یە .

هاتین لە ژێر درەختەکانی باغی شار ڕاکشاین کە بخەوین . باوکم بینی من دەگەوزێمەوە و ناتوانم بخەوم . ووتی : لەتیف شەڕت کردوە؟ مەس قسەیەکی پێ ووتویی ؟ ئاخر دەپێم بڵێ چی بووە ؟ ئەسڵەن من هەر توانای قسە کردنم نەبوو . کەیفم بەوە دەهات کە بە بێ قسە کردن خەم بخۆم . لەم وەختەدا حەزم دەکرد بۆنی دایکم بکەم و گوێم لە دەنگی بێ و

لە باوەشی بکەم و ماچی بکەم . لە هێکرا لە هارژنی گریانم دا سەرم خستە کۆشی باوکمەوە . باوکم ڕاست بووە و دانیشت و لە باوەشی کردم ، وازی لێهێنام تا بۆ خۆم تێر بگریەم .

بەڵام دیسان بە باوکم نەوت ، تەنیا ووتم بیری دایکم دەکەم ئەڵهای دیدەنی دەکەم ، پاشدان خەو بردمیەوە ، کەچاوم هەڵێنا ببینم باوکم بە سەر سەرمەو ، دانیشتوە و دەستی چۆکی وەرهێناوە و سەریری خەڵکی دەکا ، من پێ کانیم گرت و رام تەکاند و ووتم : بابە ! باوکم سەیری کردم و دەستی بە قژم دا هێنا و ووتی : گیانە ، هەلسای ؟ بە سەر راتە کانێکەوە وەڵامم دایەوە ، بەڵێ.

باوکم ووتی: بەیانی دەگەڕێینەوە شاری خۆمان ، دەچینەوە لای دایکت ، ئەگەر کارێك هەبوو لەوێ دەیکەین و پارویێك نان دەخۆین ، ئەگەر نەشبوو ئەوا نەبوو ، هەرچۆنێ بێ لەوە باشترە ئێمە لێرە و ئەوانێش لەوێ هەتیو و بێکەس بمێنن .

لە ڕێگادا ، لە باغی شارەوە تا کەراج ، نەم دەزانی خۆشحال بم یان نا .

دڵم نەدەهات لە وشترەکە دوور کەومەوە ، ئەگەر دمتوانی وشترەکەش لە گەڵ خۆمدا ببەم ، ئیتر هیچ خەمێکم نەدەما .

چووین پلیتی سەفەرمان بڕی ، بە شەقامەکاندا کەوتینە گەڕان . باوکم دەیوویست هەر چۆنێ بێ تا عەسر عارەبانەکەی بفرۆشێ ، من ئارەزوم دەکرد بەهەر شێوەیەك بێ جارێکی دی تێر سەیری وشترەکەم بکەم . بڕیارماندا شەو کە بێینەوە لای گەراج بخەوین . باوکم نەی دەوویست من تەنیا بە جێ بهێڵێ بەڵام من ووتم : دەمەوێ بڕوم کەمێك بگەرێم و دڵم بکرێتەوە .

*　　　　*　　　　*

بەرەبەرەی ئێوارە بوو . نازانم چەند سەعات سەیری وشترەوە ڕاوەستا بووم کە بینیم ئۆتۆمبیلێکی « تەنتا »لە ڕێگاوە گەیشت و لە نزیك من و وشترەکەوە وەستا . پیاویچك و کچۆڵەیەکی پاگژ و خاوێن لە ناو ماشێنەکە دانیشتبوون .

کچەکە چاوی لە وشترەکە بڕی بوو بە شادمانیەوە پێدەکەنی . دڵم خەبەری دا کە دەیانەووێ وشترەکە بکڕن و بۆ ماڵەوەیانی ببەن ، کچۆڵەکە دەستی باوکی گرت و لە ئۆتۆمبیلەکە ڕای دەکێشا دەرەوە و پێ دەوت: خێرا کە پا .. پا ئێستا یەکێك دی و دەیکرێ ، باوکە و کچە دەیانەوویست بچنە ناو موغازەکەوە ، کە بینیان من لە بەردەمیان ڕاوەستاوم و ڕێگام گرتووە ، نەم دەزانی لە چ حاڵێك دا بووم ، دەترسام ؟ گریانم دەهات ؟ خەمی شتێکم دەخوارد ؟ نەم دەزانی لە چ حاڵێك دا بووم . هەر ئەوندە دەزانم کە پێشی



کچە و باوکەکەیم گرتبوو هەر دەمووت : گەورەم ، وشترەکە فرۆتەنی نی‌یە . بەیانی خۆی وای پێ ووتم ، باوەڕ بکە بۆ فرۆشتن نی‌یە .

پیاوەکە بە توندی پاڵێکی بە منەوە نا و ووتی : کوڕە بۆ چی ڕێگات گرتووە ؟ بڕۆ بەو لاوە.

هەردوکیان پێکەوە دەچوونە ناو موغازەکەوە ، پیاوەکە لە گەڵ خاوەن موغازەکەدا دەستیان بە قسە کرد . کچەکە هەر ئاوڕی دەدایەوە و سەیری وشترەکەی دەکرد . کەیفێکی ئەوەندە خۆشی هەبوو مرۆڤــ وای بە خاياڵدا دەهات کە لە ژیانی‌دا تۆز قاڵێك خەمی نەخواردوە ، من بە شێوەیەك زمانم لاڵ ببوو ئەژنۆم شکا بوو ، لە ناو دەرگاوە وەستا بووم و سەیری ناو موغازەکەم دەکرد .مەیمونەکان ، بەچکە وشترەکان ، ورچەکان ، کەروێشکەکان و ئەوانیتر تێکڕایان سەیری منیان دەکرد و وام بە خەیاڵدا دەهات بەزەی‌یان بە حاڵی مندا دەهات .

کچۆڵەکە و باوکی وویستیان لە موغازەکە بێنە دەرەوە ، پیاوەکە دوو قرانیەکی بۆ من درێژ کرد . من دەستەکانم لە پشتەوە گرت و سەیری ناو چاویم کرد . نازانم چۆنم سەیر کرد بوو کە خیرا دوو هەزاری‌یەکەی لە ناو باخەڵی خۆی ناوە و تێپەری . ئینجا خاوەن موغازەکە منی لە ناو دەگاکە دوور خستەوە . دوو کرێکاری ناو موغازەکە هاتنە دەرەوە و بۆ لای وشترەکە چوون . کچەکە چو بوو لە ناو ئۆتۆمبیلەکە دانیشتبو سەیری وشترەکەی خۆی قوربانی چاوو برۆی دەکرد . هەر کرێکارەکان وشترەکەیان هەڵدەگرت من لە خۆمەوە ڕام کردە بەردەمیان و قاچی وشترەکەم گرت و هاوارم کرد ئەم وشترە هی منە ، بۆ کوێ دبەن . من ناهێڵم .

کرێکارێك ووتی : کوڕە بڕۆ بەولاوە ، دیارە شێت بوویی ! باوکی کچەکە لە خاوەن موغازەکەی پرسی : سواڵکەرە ؟

خەڵکی بۆ تەماشامان کۆببونەوە . من پێی وشترەم بەر نەدەدا لە دوایی دا کرێکارەکان ناچار بوون وشترەکە دانێنەوە شوێنی خۆی و بە زۆر من

دور کەنەوە . دەنگی کچەکە هاتە گوێم ، کە لە ناو ئۆتۆمبیلەکەوە بە باوکی دەیوت : پاپا ، مەهێڵە چیتر دەستی لێبدا. باوکەکە رۆیشت و لە پشت سوکان دانیشت . وشترەکەیان لە پشت سەری کچەکە و باوکەکەی‌یەوە دانا .

ئۆتۆمبیلەکە ویستی بڕوا من خۆمم دەرباز کرد و بۆ لای ئۆتۆمبیلەکە ڕام کرد . بە هەر دوو دەستم بە ئۆتۆمبیلەکەوە چەسپام و هاوارم کرد : وشتری منە بۆ کوێ دەبەن ، وشترەکەم

دەوێتەوە ، ئێستاش بە بیرم دێ کەس گوێ لە داد و فیغانم نەگرت . وەک لاڵ بووبم دەنگم لە قورگمەوە دەر نەدەهات و تەنیا ئەوەندم دەزانی کە هاوار دەکەم .

ئۆتۆمبیلەکەی بە گەڕ کەوت و یەکێك لە پشتەوە منی گرت . دەستی لە ئۆتۆمبیلەکەی کردمەوە و دەماودەم بە سەر جادەکەدا کەوتم . سەرم بەرزەو کرد و بۆ دوا جار وشترەکەم دیت دەگریا و بە تورەییەوە زەنگوڵەکانی ملی خستبووە زرینگە زرینگ . چاوم بە خوێنە ڕژاوەکەی لوتم کەوت کە بە سەر زەوی دا ڕژابوو ، قاچەکانم بە زەویدا کێشا و قوڵپ و هوڕ گریام .

*« ئێستا حەزم دەکرد ڕەشاشەکەی ئەو دیوی جامخانەکە بۆ من بێ »*



# بە سەر هاتی کڵۆی بەفر

ڕۆژێکی بەفرانبار لە پشت پەنجەرەوە ڕاوەستا بووم و تەماشای دەرەوەم دەکرد . کڵۆ بەفرەکان بە لار و لەنجەوە دەهاتن و لە سەر هەموو شتێك دەنیشتنەوە . لە سەر ڕستی جلکان ، لە سەر دەرختان ، لە سەر دیوار و سواندان و جلۆکان دەنیشتنەوە ، کڵۆیەکی گەورە بەرەو پەنجەرە کەم دەهات .

دەستم لە پەنجەرەکەدا بردە دەرەوە و لە ژێر کڵۆ بەفرەکەم ڕاگرت. کڵۆ بەفرەکەش بە ئارامی لە لەپی دەستم دا نیشت ئای چەند سپی و خاوێن بوو !.. شێوە و روخسارێکی جوان و ڕێک و پێکی هەبوو ! لە ژێر لێوەوە بە خۆم ووت:

- خۆزگەم ئەم دانە بەفرە زمانی هەبوایە و بە سەر هاتی خۆی بۆم بگێڕایەتەوە ! لەو کاتەدا کڵۆ بەفرەکە هاتە قسە و ووتی:

ئەگەر پێت خۆشە بزانی بەسەر هاتی من چیە ، گوێ بگرە بۆتی بگیرمەوە ، من چەند مانگ لەوەو پێش دڵۆپە ئاوێک بووم لە ناو دەریای خەزەر دا بووم . لە گەڵ ملیارەها ملیارد دڵۆپی دیکەدا ئەم بەر و ئەو بەرم دەکرد ، دەرۆیشتم و ڕۆژم بەرێ دەکرد .

ڕۆژێکی هاوین بە سەر ڕووی دەریاوە پیارسەم دەکرد ، هەتاوێکی گەرم تیشکی دەدا . گەرم داهاتم و بووم بە هەڵم هەزاران هەزار دڵۆپی تریش لە گەڵمدا بوونە هەڵم . لە بەر سووکی خۆمان باڵمان گرتەوە .

هەر لە خۆمانەوە سەر دەکەوتین . با بە دومان کەوتبوو بەم لا و ئەولای دا ڕادەکێشاین . ئەوندە بەرز بوینەوە کە ئیدی هیچ کەسێکمان نەدەدیت . لە هەموو لایەکەوە کۆمەڵە هەڵم دەهات و پێمانەوە دەنووسا و جاروباریش ئێمە دەرۆیتین لە گەڵ هەڵمی گەورەتردا تێکەڵ دەبووین دەچووینە یەک و تێک هەڵدەشێلراین و دیسان بە قەرە پەستان پێکەوە ڕێمان دەکرد بەرز دەبوینەوە و دورتر دەکەوتینەوە و زۆرتر دەبوین و زیاتر هەڵدەوشاین . جارێ بەردەمی خۆمان دەگرت ، جارێ بەردەمی مانگ و ئەستێرەکان و ئەو کاتە شەومان زیاتر تاریک دادەهێنا وەک هەندێک اە هەڵمە ووردەکان دەیان گوت . ئێمە ببوین بە هەور با بە ناوماندا هەڵی دەکرد و ، شێوەی سەیر و سەمەرەی لێ دروست دەکردین .

خوم لەناوە دەریادا بووم ،جاریک هەورەکانم لەشێوەی وشترو جارێکی ترمرۆڤـ و ئەو جارەیان لەشێوەی گوێ درێژدا ... دەدیت . ئێمە زۆر بەرزبوینەوە . هەوا سارد ببوو . ئەوندە بەیەکەدا چوو بون نەمان دەتوانی دەست و پێمان درێژ بکەین ... دەستە دەستە بەپەلەوەبۆی دەجماین . من نەمدەزانی بەرەو کۆی دەچین و دەوروبەری خۆشم نەدەبینی .

سەروسەدای خۆر نەبوو ، گۆیا ... هەر خۆمان پێش هەتاومان گرتبو . زۆر بلاۆوبووینەوە .. پایانی چەند کێلۆمە ترێکمان داگرتبوو . من دەموویست ببمە باران وبگەڕێمەوە سەر زەوی ، لەشەوق وئاروزووم بۆ سەرزەمین دڵم لای خۆم نەبوو .

ماوەیەك بەسەرچوو . نیوەمان بووینە ئاو ونیوەشمان بەهەڵم . خەریك بوو دەبووینە باران . لەهیکرا هەوا ئەوەندە سارد بوو ، من دەلەرزیم و ئەوانیش هەموو یان هەڵدەرزین . سەیری دەورو بەری خۆم کرد، بەیەکێکم ووت :

چی بووە ؟ وەلاۆمی دامەوە :

ئێستا ئەم شوێنەی کەئێمەی تێداین سەر زەوی یە و زستانە. هەڵبەتە هەوا لە شوێنی‌تر ڕەنگە گەرم پیٚ ئەو سەرما لە ناکاوە نایەڵیٚ ببیتە باران . سەیرکە! من دەبمە باران ،تۆ خۆشت .... هاوڕیٚ کەم نەی توانی قسەکەی تەواو بکا و ،بووبە بەفر و بەرەو زەوی کەوتە ڕیٚ . بەدوای ئەودا من و هەزاران هەزار هەڵمی‌تر یەك بەدوای یەك دا بووینە بەفر و بارینە سەر زەوی . وەختیٚ لەناو دەریادا بووم ، قورس بووم ، بەلاۆم ئەو کاتە سوك ببوم ، وەك کا لە هەوادا باڵەفرِەم دەکرد. هەرچەندە سەرمامان بوو ، سەمامان دەکرد و دەهاتینە خوارەوە . کاتێك لە زەوی نزیك بوینەوە ، بینیم بەسەر شاری تەورێزا دێمە خوارەوە، لە دەریای خەزەردا چەند دوور کەوتبوومەوە! لەو بەرزایی یەوە دەمدیت منداڵێك بە سوارِك لە سەگێکی دەدا و سەگەگەش دەیقوزاند ، تکام لە با کرد رزگارم کا و بۆ شوێنێکی دیکەم ببا . با تکاکەی قبول کردم منی هەڵگرت و بۆ ئێروکانەی هێنام . کاتیٚ دیتم تۆ دەستت لە ژێر مندا گرتۆتەوە منیش دڵم بە تۆ خۆش بوو ..



# یەك قۆخ ، هەزار قۆخ

لە نزیکی گوندێکی هەژار و بی ٚئاودا باغێکی زۆر گەورەی هەبوو ، ئاوەدان و پر ٍلە دار و درەخت ،پرِی لە جۆرەها دەرختی میوە وئاوی فرەبوو .

باغەکە ئەوەندە گەورە و پرٍ لە دار و درەخت بوو کە ئەگەر لەم سەرەوە بە دووربینیش سەیرت کردبایە نەتدەتوانی ئەو سەرەکەی تری ببینی . چەند ساڵێك پێشتر ا ئاغای دیٚ یەکە زەویەکانی بەش بەش کردبوو فرۆشتبوویە لادیٚ ییەکان و بەلاۆم باغەکی بۆ خۆی هێشتبووە . هەڵبەتە زەوی لادیٚی ییەکان تەخت و پردار و درەخت نەبووئاویشی نەبوو. ئەسڵەن دیٚ یەکە تەختایەکی لە ناو دۆڵەکەدا هەبوو ئەویش باغەکەی ئاغا بوو، هەندێك زەوی نارێك لە سەر گردە و سەرەوەو خوارەوەی دۆڵەکەدا هەبوو کە لادیٚی‌یەکان لە ئاغایان کرِی بوو گەنم و جۆی دێمیان لێدەچاند .

مەخلەس . با واز لەم قسانە بهێنن چونکە ڕەنگە پەیوەندی بە چیرۆکی ئێمەوە نەبیٚ . دوو دار قۆخیان لە ناو باخەکەدا چاندبوو ، یەك لەیەك بچوکترو نەمامتر . گەلاۆ و گوڵی ئەم دوو درەختە کوت و مت وەك یەك بوون . بە جۆرێك کە هەر کەسیٚ یەکەمجار دەیبینین وای دەزانی هەر دوو درەخت یەکن . دارە گەورەکەیان موتوربە بوو هەموو ساڵێك قۆخی گەورە و ناسك و جوانی دەگرت . کە بە زۆری لە ناو دەستدا جیگایان دەبۆوە و مرۆڤ دڵی نەدەهات گازیان لێبگریٚ و بیان خوا . باغەوانەکە دەیووت ئەندازیارێکی بێگانە دارە گەورەکەیانی مووتربە کردووە و نەمامەکەیشی هەر لە وولاۆتی خۆیاندا هێناوە . مەعلومە دار قۆخێك ئەوەندەی پارە لیٚ خەرج کرا بیٚ ، دەبیٚ چ نرخێکی هەبیٚ . لە قەدی هەر دوو دارەکەدا لە سەر پارچە تەختی یەکەوە ئایەتی « وان یکاد » نووسرابو و پێوەیان هەڵواسیبوو تا لە چاو نەچن . درەختە بچووکەکەی هەر ساڵێك نزیکەی هەزار گوڵی دەدا بەلاۆم قۆخێکی پێنەدەگەیاند ، یان گوڵەکانی هەڵدەوەراند یان قۆخەکانی بە کاڵی و سەفرایی دوچرۆسکاند و دەیوەراند ، باغەوان هەرچەیەکی لە دەست بهاتایە بۆ دارە بچوکەکەی دەکرد بەلاۆم هەر نەدەگۆڕا ساڵ لە دوای ساڵ لق و گەلاۆی زیاتری دەردەکرد بەلاۆم قۆخێکی ئەگەر بۆ دەرمانیش بووبیٚ پێنە دەگەیاند .

باغەوان وای بیرداهات کە دارە بچوکەکەیش موتورو بە بکا بەلاۆم هەمدیس درەختەکە نەگۆڕا و کارەکەی بەم ڕەقەبەریە گەیاندبوو . لە ئەنجامدا باغەوان تەنگاو بوو ، ویستی فێڵێك بکا و دار قۆخەبچوکەکە بترسێنی . چوو مشارێکی هێنا و ژنەکەیشی بانگ کرد ، لە بەردەمی درەختە بچوکەکە دەستی کرد بە تیژ کردنی مشارە گوایان درەختەکە ئەبرێت و

پاشدان مشارەکەی تیژ بوو . . . کشاوە پشتەوە و لەناکاو تاوی دا درەختەکە گوایە دەیەوێ لە ڕەگ و پیگەو ، بە مشار بیبرێ و بۆ دووری هەڵدا و تا مابێ قۆخەکانی هەڵنەوەرێنێ ، باغەوان لە نیوان ڕێگاوە بوو ژنەکەی لە پشتەوە دەستی گرت و ووتی : تو مەرگی من وازی لێبێنە . پەیمانت دەدەمێ ساڵی ئاینده ئاگای لە قۆخەکانی بێ پێیان بگەیەنێ . خۆ ئەگەر دیسان تەمبەڵی کرد ئەوساکە پێکەوە قەدەکەی دەبڕین و دەیخەینە ناو تەنوورەوە تا بسوتێ ببێتە خولەمێش .

ئەم فێڵ و کەلەک بازی و ترساندنەش ڕەفتاری درەختەکەی نەگۆڕی . دیارە ئیوەش دەتانەوێ بزانن دارقۆخە بچکۆلەکە چی دەویست قسەی چی بوو . بۆچی قۆخەکانی پێنەدەگەیاند . زۆر باشە . لێرەوە بە دواوە لەم باوەڕەدەدوێین .

* * *

گوێ بگرن !..

باش گوێتان شل کەن دار قۆخە بچکۆڵەکە دەیەوێ قسە بکا . چیتر قاوقێژ مەکەن با بزانین دار قۆخە بچوکەکە چی دەڵێ .

وەک ئەویە بەسەرهاتی بگێرێتەوە :

_ « ئێمە سەد سەد و پەنجا قۆخ بووین لە ناو سەبەتەیەکدا دانیشتبوون . باغەوان هەموو سەبەتەکە و سەرو کەنارەکەنی بە گەڵا میو پۆشی بوو . تاکو هەتاو پێستە ناسکەکەمان ووشک نەکاتەوەو تۆز و گەرد لە سەر ڕومەتە ناسکەکانمان نەنیشێ ، تەنیا کەمیک ڕووناکی لە کەلێنی گەڵا میوە ناسکۆلەکان دا دەهاتە ژوورەوە و دیمەنێکی دڵگیری دروست دەکرد باغەوان بەیانی زوو پێش خۆر کەوتن ئێمەی چنی بوو . لە بەر ئەوەی لەشی هەموومان فێنک و شێدار بوو . تا ئیستاش سەرمای شەوانی پایزمان لە لەشدا بوو ، کەمێک گەرمی لە گەڵا سەوزەکانمانەوە دەهاتە لەشمانەوەو بە دڵمان دەنووسا هەڵبەتە ئێمە هەموومان بێچوەی درەختێک بوین .

هەموو ساڵێک باغەوان قۆخەکانی دایکمی دەچنی سەبەتەی لێ پڕدەکرد بۆ شاری دەبرد و دەچوو لە دەرگای ماڵی ئاغای دەدا و سەبەتەی دەدانێ دەگەڕانەوە ، وەکو ئێستا .

دەموویست بڵێم کە ئێمە سەد سەد و پەنجا دانە قۆخی گەیو و ئاودار بووین . باخۆم بڵێم کە پڕم لە ئاوی شیرین و بەلەزەت بووە . پێستی ناسک و نەرمۆلە خەریک بوو بقلێشێ . ئەوەند ئاڵی پەرییووە کە ڕوومەتوکانم ئەگەر منت بدیبایە وات دەزانی لە شەرمی ڕووتی خۆم سور هەڵگەڕاوم . بە تایبەتی تا ئێستاش سەر و ڕووم بە شەونمی پایزی تەڕ بوو .



وەک خۆم شوشتبێ . ناوەکە تا ڕەق و گەورەکەم لە بیری ژیانێکی نوێ دابوو ، وا باشترە کە خۆم بیرم لە ژیانێکی نوێ دەکردەوە . چونکە ناوکەکەم لە من جیا نەبوو .

باغەوان منی لە سەرەوەی تریانەکە دانابوو تا لە یەکەم سەیر کردندا ببنیرێم . ڕەنگە هەر لە بەر ئەوەی بوبێ کەهەمووان درشت و ئاودارتر بووم . هەڵبەتە تاریفی خۆم ناکەم . هەر قۆخێک ماوەی بوو بێ پێگا و گەورە بێ و بگا ، درشت و ئاودار دەبێ مەگەر ئەوقۆخانەی تەمبەڵی دەکەن فریوی کرمەکان دەخۆن و ماوەیان دەدەن تا بێنە ناو توێکڵ و گۆشتیانەوە ، خۆ ئەگەر هەر بەو شێوەیەی لە ناو سەبەتەکەوە دانیشتبوین بۆ ماڵی ئاغا دەچووین ، گومانت نەبێ بە قیسمەتی کچە تاقانە خۆشەوویستەکەی ئاغا دەبووم کچەکەش گازێکی لە ڕوومەتم دەگرت و بۆ دوور هەڵی دەدام ، ئاخر خۆ ماڵی ئاغا وەکو ماڵی ساحێب عەلی و پۆلاد نەبوو لە ژیانیاندا دانەیەک زەردەلو و خەیار و قۆخ لە درگای ماڵیاندا نەچوو بووە ژوورەوە . بەو قسەبێ کە باغەوان دەیگێڕایەوە دەبێ ئاغا لە وولاتانی دەرەوە میوەی بۆکچەکەی بهێنێ ، هەڵبەتە بۆ ئەم کارانە پارە وەک کا خەرج دەکا . ئێستا خۆت بیژمێرە بزانە پارەی جل و بەرگی قوتابخانەو خواردن و دختۆر و خزمەتکارو نۆکەر و کەل و پەلی یاریەکان و سەفەر و گەشت و گەڕانی کچی ئاغا چەند دەبێ ، تۆ بڵێ هەر مانگێ دە هەزار تومەن . . . دیسانەکێ هەر کەمت ووتوە . لەمەبەست دوور کەوتمەوە .

باغەوان بە خوونتریانەوە لە شەقامی ناو باغەکەدا دەرۆیشت لە گەڵ کونە مشکێک لە ژێر پێی ی دا تەپی هێندەی نەمابوو بکوێتە ئەم گۆڕەوە ، بەڵام خۆی لە سەر پیداو وەستاوە تەنیا تریانەکە تەکانێکی خراپی دا و لە ئەنجامدا من هەڵخزیم و کەوتمە سەرزەوی ، باغەوان منی نەبینی و ڕۆیشت .

لەو کاتەدا هەتاو لە ناو باغدا ڕاکشا بوو. خاک و بان کەمێ گەرم داهاتبوو بەڵام هەتاوەکە زۆر گەرم بوو . ڕەنگیشە لە بەر ئەوەی لەشی من فێنک بوو وامدەزانی زۆر گەرمە . بەرە بەرە گەرما بە پێشتم دا دەچوو گەیشتە گۆشتم . شیرەی لەشیشم گەرم داهاتبوو و جۆشی خوارد بوو . ئەوساکە گەرما گەیشتە ناوکم پاشی دەمێک هەستم کرد خەریکە تێنووم دەبێ . کە لەلای دایکم بووم هەر وەختێک تێنوم بهاتایە ئاوم لێ ی دەخواردەوە و سەیری خۆرم دەکرد تاکو زیاتر لێم بدا و زۆرتر گەرمم بکاتەوە . خۆر لێ ی دەدام و ڕوومەتم گەرم دادەهات ، ئاوم لە یکمەوە دەمژی ، خواردنم دەخوارد ، شیرەی لەشم دەهاتە جۆش و ڕۆژ لە دوای ڕۆژدا درشت تر جوانترو گەشاوە و ئاودارتر دەبووم ،

زیاتر ئاڵی دەپڕژایە دەمارەکانی رووم و قورستر دەبووم بازوی دایکم دەچەماندەوە و بەهێز دەبووم . دایکم دەیووت :

_ کچە روح سوکەکەم ، قەت خۆت لە هەتاو مەدزەوە ، خۆر دۆستی ئێمەیە زەوی خواردنمان دەداتێ و خۆریش لێ ی دەنێ و بۆمان ئامادە دەکا . سەرەڕای ئەوە ئێسک سوکیت لە خۆرەوەیە . ئەوانەی خۆیان لە خۆر دەدزنەوە چەند جیقازەرد و لەڕ و لاوازن . کچە کەژڵەکەم ، بزانە ئەگەر رۆژیک هەتاو لە زەوی تورە بێ و لێی نەدا ئیدی زیندەوەرێک لە سەر ڕووی زەویدا نامێنێ چ ڕوەک بێ یان گیانلەبەر . لەبەر ئوەتا دەمتوانی لەشم بەبەر هەتاو دەدا و گەرمای خۆم هەڵدەمژی و لە ناو خۆمدا کۆم دەکردەوە و دەم دیت ڕۆژ بەڕۆژ هێزم زیاتر دەبێ . هەمیشە لە خۆم دەپرسی :

« ئەگەر رۆژیک کەسێک هەتاو بڕەنجێنێ خۆر لێمان تورەبێ ، چ ٠خاکێک بە سەرماندا دەکەین ؟ » پاشدان هیچ وەڵامێکم نەبوو بیدەمەوە و لە دایکمم دەپرسی :_ دایە ، ئەگەر رۆژێک یەکێک هەتاو خانم بڕەنجێنێ و ئەویش لێمان تورە بێ ، ئیمە چی دەکەین ؟

دایەم بە گەڵاکانی تۆزو گەردی لە روومدا سڕیەوە و ووتی :_ چ بیرێک دەکەیەوە ! وا دیاردەدا کە تۆ کچێکی هۆشیاری . دەزانی کچی خۆم خۆر لەبەر خاتری چەند کەسێکی زۆردار و مەردوم ئازار و خۆ پەرست لە ئێمە تورە نابێ بەڵام ڕەنگە رۆژێک دابێت گەرمی و ڕووناکی بەرە بەرە کەم بێتەوە و بمرێ ، ئەوساکە دەبێ بیر لە خۆرێکی تر بکەینەوە دەنا لە تاریکیدا دەمێنینەوە و لە سەرمان دەبین بە شەختە و وشک دەبینەوە .

ئەرێ بەراست لە کوێی چیرۆکەکەدا بووین ؟..

بەڵێ خەریک بووم دەمووت گەرما گەیشتە ناوکم و تێنووم بوو . پاشی کەمێک شیرەی لەشم هاتەجۆش و پیستم دەستی بە ووشک بوونەوە کرد و قلیشاوە. مێرووڵەیەک بە غارە غار لە رێگاوە گەیشتە لام بە دەوروبەرمدا خولایەوە کاتێک کە لە سەر سەبەتەکە کەو تبوومە خوارەوە ، لە شوێنێک دا پیستم تەقی بوو و کەمێک شیرم ڕژابوو دەرەوە لە بەر هەتاو مەیی بوو . مێرووڵە دەمی لە شیرەکەم نا و فڕی کرد پاشدا ڕۆیشت . ماوەیەک بە سەرسامی سەیری جێی دەمی خۆی کرد پاشدان دووبارە دەمی تێی ناو شاخەکەی راست کردەوە و پێیەکانی بە زەویەوە نووساند و ئەوەندە دەستی بەدواردن کرد و من بەخۆم ووت ئێستا دەمی لە ڕێسمەوە دەچێ . مێرووڵەکە دیسان هێزی دایەوە بەر خۆی . لە ئەنجامدا پارچەیەک شیرەی مەیی وی لێ کردەوە و بە شادمانی و ڕاکردنەوە لە من دوورکەوتەوە .



لەو کاتەدا گوێم لە دەنگێک بوو ، دوو کەس لەسەر دیوارەوە خۆیان فڕێ دایە ناو باغەکە و غارە غار بۆ لای من هاتن . ساحێب عەلی و پۆلاد بوون هاتبوون خۆیان تێر میوە بکەن . ئەو لادێ یانە هیچ لە تفەنگی باغەوانەکە نەدەترسان . ئەم لادێ یانە هیچ کاتێک پێیان نە دەنا ناو باغەکەوە ، بەڵام پۆڵاد و ساحێب عەلی هەمیشە بە پێ خاوسی و شەرواڵێکی دڕاو و پێناوی یەوە لە ناو باغدا دەسورانەوە . هەتا چەند جارێک باغەوان گوللەی پێوە نابوون بەڵام پۆڵاد و ساحێب عەلی بۆی دەرچوو بوون . ئەو ساکە هەر دووکیان هەفت هەشت ساڵان بوو . مەخلەس ، بە غارەغار هاتن بە سەر مندا بازیان دا و بە سۆراخی دایکم دا چوون . پاش دەمێک دیتم خەریکن دەگەڕێنەوە بەڵام روویان گرژ و تاڵە . لە قسەکانیانەوە تێ گەیشتم کە لەدەستی باغەوان وا تورڕبوون .

پۆڵاد دەیووت : بینیت ؟ ئەمەش پاشە بەرەی میوەی باخچە هەتا دانەیەکیشمان بە بەر نەکەوت .

ساحێب عەلی ووتی : ئاخر چبکەین ؟ ئەوا مانگێکی بە ئەژمارە نێرەکەر بەخۆ و تفەنگەوە لە ژێر درەختەکەدا دانیشتبوو ناجوڵێ .

پۆڵاد ووتی : سەگبابی لەعنەتی ! هەر دانەیەکیشی بۆمان نەهێشتووتەوە ئاخ . . . چەندەم حەز دەکرد بە زۆری دانەیەک لە قۆخە ئاودارەکانی لە دەم بئاخنم ! . . بەبیرت دێ پارەکە چەندمان لەم قۆخە خوارد ؟

ساحێب عەلی ووتی : دیارە ئێمە مرۆڤ نینە . هەموو شتێک دانە دانە دەچنێ و دەیبا دەیداتە ئەو سەگبابە تا زەقنی کا . هەموو گوناهی ئێمەیە دەستمان لە سەر دەست دانا وە و دانیشتبووین لێ ی دەگەرێین رووت بکاتەوە و بە تاڵان بیبا .

پۆڵاد ووتی دەزانی ساحێب عەلی ، یان دەبێ ئەم باغە بۆ خەڵکی دێ یەکە بێ یان ئاگر لەم ڕەز و باغە دەدەم .

ساحێب عەلی ووتی :_ پێکەوە ئاگری تێبەر دەدەین .

پۆڵاد ووتی :بێغێرەتین ئەگەر ئاگری تێبەر نەدەین .

ساحێب عەلی ووتی : لە پشتی باوکی خۆمان نەبووین ئەگەر نەیسووتێنین . منداڵەکان ئەوەندە تورە ببوون شەقیان لە زەوی هەڵدەدا لە ناکاوێکدا ترسام نەکا بە پیلەقەیەک پانم کەنەوە . بەڵام نا وایان نەکرد . ڕاستە و راست بەرانبەریان بووم . دڕکێک لە پێی پۆڵاد ڕا چوو . پۆڵاد داهاتە دڕکەکە لە پێ ی دا دەرهێنی کە چاوی بەمن کەوت دڕکەکەی لە بیر چۆوە و منی لە زەوی دا هەڵگرتەوە و بە سلحێب عەلی وت : ساحێب عەلی سەیرکە !

منداڵەکان کەیفیان دەهات و منیان ئەم دەست و ئەودەست دەکرد و دڵیان نەدەهات ئەوهام بخۆن . من زۆر گەرم داهاتبووم . حەزم دەکرد فێنیکم کەنەوە ئینجا بمخۆن تا زیاتر تام بدەمە ژێر ددانەکانیان ، دەستە چڵکن و شەقار شەقارە کانیان پێستمی دەوڕشاند بەڵام من خۆشحاڵ بووم چونکە دەمزانی کە تا دوا تۆز قاڵ بە لەزەت دەخۆن و پاشخواردنیشم لێو پەنجەکانیان دەلێسنەوە و چەند رۆژ و هەفتان تامم لە ژێر ددانەکانیان دەمێنێتەوە .

ساحێب عەلی ووتی :پۆلاد و شەرت بێ تا ئێستا قۆخی ئەوها گەورەمان نەدیتووە .

پۆلاد ووتی :نا قوخی وامان نە دیتووە .

ساحیب عەلی ووتی : با بچینە رۆخ حەوز و فێنکی کە بتەوە و بیخۆین ، وا بە تام ترە .

منیان ئەوەندە بە پارێزەوە دەبرد وەک بڵێی لەشم لە شوشەی ناسک دروست کرابێ لە گەڵ ساتمە یەک دەکەوتم و دەشکام . رۆخ حەوزەکە سێبەرو فێنک بوو . دار بی و نارونە موتوربەکراوەکان ، سێبەرێکی ئەوەندە فێنکیان کرد بوو . هەر یەکە و جار لە ناو ناوکەکەمدا هەستم بە هەناسەیەکی خۆش کرد . منیان بە سەبری لە ناو ئاو دانا بە هەر چوار دەستە بچوک و قڵیشاوەکانیان پێشی ئاوەکەیان گرت تاکو نەمباتە ناو حەوزەکەوە .

ئاوەکە زۆر سارد بوو ، کەمێک دانیشتن و پۆلاد ووتی : ساحێب عەلی !

ساحێب عەلی وەڵامی دایەوە : ها ، بڵێ .

پۆلاد پرسی : دەڵێم . . . ئەم خۆخەیە بە نرخە ها !

ساحێب عەلی ووتی : بەلێ زۆر بە نرخە .

پۆلاد پێ ووت : بەلی ئەمەش قسەیە ئەگەر دەزانی بڵێ . . . نرخی چەندە . ساحێب عەلی بیری کردەوە و ووتی : منیش دەڵێم زۆر بەنرخە .

پۆلاد ووتی : مەسەلەن چەندە ؟

ساحێب عەلی دیسان بیری کردەوە و ووتی : ئەگەرحسابی ساردیەکەشی بکەین دەکاتە هەزار تومان .

پۆلاد ووتی : نە دیتکە وادەزانی هەزاریش پارەیە .

ساحێب عەلی ووتی : دەباشە : ماشەڵلا تۆ لە سەر خەزنە دانیشتووی دەبڵێ بزانم چەندە .

پۆلاد ووتی : سەد تومان .

ساحێب عەلی ووتی هەزار لە سەد زۆرترە : تۆ بمری ! من قسە لە خۆمەوە دەرناهێنم ، لە باوکم بیستوومە .



ساحێب عەلی ووتی : ئەگەر وابێ ، رەنگە هەردووکیان هێندێ یەکبن . من قسە لە خۆمەوە ناکەم لە باوکم بیستوومە .

پۆلاد منی لە سەر خۆ گرت و ووتی : دەستم بەستی وابزانم خواردنی هاتووە ساحێب عەلی بە ئاگاداریەوە منی گرت و ووتی : بەڵێ سارد ساردە . ئەوجا منی لە ناو ئاوەکەدا دەرهێنا ، کە لە ئاوەکە هاتمە دەرەوە هەستم بە گەرمی دەرەوە کرد .

ئێستاکە حەزم دەکرد بمخۆن تا نیشانیان بدەم کە من زۆر لە وەش خۆشمەزەترم کە بیری لێ دەکەنەوە .؟ حەزم دەکرد تێکڕاری ئەم هێزەو گەرمایەیەی کە لەخۆر و دایکمەوە وەرم گرتبوو بە گیانی ئەم دوو منداڵە لادێی یەی ببەخشم .

لەو وەختەی کە پۆلاد و ساحێب عەلی خەریکی دانانی نەخشەی خواردنی من بوون ، بیرم لەوە دەکردەوە کە لە ژیانمدا بە چەند باور و دۆخدا گۆڕاوم و چەند جاری تریش دەگۆڕێم . بە خۆم دەوت : « رۆژێک لە رۆژان گەردیلەکانی لەشم ئاو و خۆڵ بوون ، هەندێکیشیان تیشکی خۆر . دیکم ئەوانەی کەم کەم لە زەویەوە دەمژی و لە گەڵیان تێکەڵ دەبوون تا ناوک و توێکڵ و گۆشتم درووست بوو و بوم بە قۆخێکی گەیوو ئاودار . بەڵام پۆلاد و ساحێب عەلی ئێستاکە دەمخۆن و پاش ماوەیەک گەردیلەکانی لەشم دەبنە بەشێک لە گۆشت و موو ئێسکی لەشی ئەوان . هەڵبەتە ئەوانیش رۆژێک دادێ دەمرن ، ئەوساکە گەردیلەکانی لەشم دەبن بەچی ؟

منداڵەکان بڕیاریان دا کە بمخۆن . ساحێب عەلی منیدایە پۆلاد و ووتی : قەپێکی لێبگرە .

پۆلاد گازێکی لێگیر کردم و منی دایەوە دەست ساحێب عەلی و خۆیشی دەستی کرد بە لسانەوەی لێوەکانی . ساحێب عەلیش قەپالێکی لێدام و دامیەوە دەست پۆلاد .

هەر بەم جۆرەی کە بە خۆم و تبو زۆرم تام بەژێر ددانەکانیاندا بەخشی . ئێستا گۆشتی لەشم لە ناو چوو بەڵام ناوکەکەم لە بیری ژیانێکی نوێ دابوو ، دەقەیەک پاشتر قۆخێک بە ناو منەوە ئاسەواری نەما لەکاتێکدا ناوکەکەم نەخشی دادەنا کە چۆن دەست بە ڕووان بکا .

من لەیەک کاتدا هەم دەمردم و هەم زیندوش دەبوومەوە تا دوا جار پۆلاد منی لەناو دەمی وەرداو دوا بەشی گۆشتە کەمی لێستەوە و قوتی دا ، وەختێک دوبارە منی دەرهێناوە ئیتر قۆخ نەبووم . ناوێکی زیندو بوم و توێکڵێکی ئەستور و ڕەقم هەبوو ، لەناویدا توخمی ژیانێکی تازەم حەشار د بوو . تەنیا پێویستیم بە کەمێک سانەوەو خاکێکی سێدار هەبوو تا توێکڵەکەم بقڵێشم و بڕوێم . وەختێک منداڵەکان لچ و لێو و پەنجەکانیان چەند جارێک لێستەوە ، پولادیان ووتی : ئێستا چیبکەین ؟

ساحێب عەلی ووتی : بابچینە ناو ئاوەوە .

پۆڵاد ووتی ناوکەکەی نەخۆین ؟

ساحێب عەلی ووتی : بیرم لێکردۆتە و، لێیگەرێ ، پۆڵاد منی لە ژێر دار (بی) یەک دانا و سەبر سەبرە رۆیشت و سەلاو قۆچکانەیەکی لێمداو پشتا و پشت خۆی فڕی ناو ئاو بەشیوەیەک کە چۆکەکانی بەسکیەوە نووساند بوو و هەر دوو دەستیشی تێوەر هێنا بوو . یەکسەر نوقمی ناو ئاوەکەبوون . دەست و پێی ڕاوەشاند لە سەر پێدا ڕاوەست و لێتەو قوڕا و لەم لاو ئەولای ئاو ، کەرا بەرز بۆوە . ئاوەکە تاچەناگەی دەهات . گوو بۆقی ئاوی بەسەرو ڕوی دا شۆڕ ببووە . ساحێب عەلی ووتی : قۆڵاد ڕوت لەولاکە .

پۆڵاد ووتی : بۆ دەرپێت دادەکەنی ؟

ساحێب عەلی ووتی : بەڵێ ، ئەگەر باوکم بزانێ مەلەوانیم کردووە لێم دەدا . پۆڵادووتی : هێشتاکە تانیوەرۆ کاتی گەرانەوەمان دادێ ، وەختێکی زۆرمان لە پێشدا ماوە .

ساحێب عەلی ووتی : دیار خۆر لەسەر سەرتەوە نابینی ؟

پۆڵاد چیتری نەوت . ئینجا دەستیان بە مەلەو بناو لێدان شەڕە ئاو کرد .

پاشان هەر دوو کیان ووتیان : وەختی نەماوە ، لەئاوەکە هاتنە دەرەوە . چەند جارێک شەرۆلەکانیان ڕاوەشاند . دوایی منیشیان لەژێر (بی) کەوە هەڵگرت و کەوتنەرێ . لەدیواری دەرەوەی باخچەکەوە خۆیان فرێ دایە ئەو دیوو مالەکانی ئاوایی لە باغی ئاغا دوور بوو .

پۆڵاد ووتی : باشە ، وتت نەخشەیەکم کێشاوە .) ساحێب عەلی ووتی :

کەسێبەر داهات دێم بانگت دەکەم و دەچینە سەر گرد دادەنیشین و پێت دەلێم چ نەخشەیەکم کێشاوە .

کۆڵانەکانی ناو گوند چۆل و هۆل بوو بەڵام پڕی لە مێش و مەگەز و بۆنی رێخ و تەرسەقولی ئاژەل بوو . سەگێکی گەورە لە سەر دیوارەوە خۆی فڕێ دایە پشتمان . پۆڵاد دەستێکی بە سەر و رووی سەگەکە داهینا و داهاتەوە و چووە مالەکەیان و سەگیش بەدوایدا خۆی بەمالەکەدا کرد . ساحێب عەلیش لە هەمان سەربانەوە رێی گرتە بەرو رۆیشت . چەند ماڵ لەو لاتر ماڵی خۆیان بوو . منی لەناو لەپی گرتبوو بازێکی دایە ناو حەوشەی ماڵیانەوە و پێیەکانی تا ئەژنۆی کەوتە ناو سەرگینی نەرم و خوساکەی دایکی سەعاتێک لەوەو پێش لەوێدا ڕوو کر دبوو و ساحێب عەلی ئاگای لێنەبوو دایکی لە تەپەی پێدا سەری لە کونی ماڵەکەوە دەرهینا و ووتی : ساحێـب عەلی ، خێراکە وەرە هەندێک نان و ئاو بۆ باوکت ببە .



ساحێب عەلی منی بردە تەویلە و لە قوژنبێک لە ناو ریخ و قەرسوقول کونێکی هەڵکەند و منی لەناو دانا . ئیتر جگە لە تاریکی و بۆنی تەرس چیترم نەزانی . نازانم چەند سەعات لە وێدا مامەوە . بۆنی قورسی تەرس هێندەیٚ نەمابوو بمخنکێنیٚ . لە دوایی هەستم کردکەوا تەرس لەسەر ڕوومدا لادەچیٚ ، ساحێب عەلی بوو . منی دەرهێنا و یەک دوو جاران بوناو لەپی بەناو لەپی سریمیەوەو بە شەرواڵی دا هێنام تا خاوێن بوومەوە ، لەو رێگایەی کە لێیەوە ڕاهاتبوبین گەراینەوە تا گەیشتینە سەربانی ماڵی پۆڵاد . دایک و خوشکی پۆڵاد تەپالەیان لە ریخ دروست دەکرد و قسەیان لە گەڵ ژنە هاوسێکەیاندا دەکرد تەپالە وشکە نیان لە دیوار دەکردوە و لەسەر یەکیان دادەنا .

ساحێب عەلی لە دایکی پۆڵادی پرسی ، پۆڵاد لەکوێیە ؟ دایکی پۆڵاد ووتی : پۆڵاد بزنی بردۆتە لەوەڕ ، لە ماڵ نیە .

پۆڵادم لە سەر گردەکە دۆزیەوە . بزنەکەیانی بەرەڵا کرد بوو لە پشت گردەکەوە بۆ خۆی دەلەوەڕ و خۆیشی لە گەڵ سەگەکەی دانیشتبوون و چاوەدێریان دەکرد . لە کاتێکدا هەستم کرد کە رەنگی پیستی پۆڵاد و ساحێب عەلی وەک رەنگی منە . هەردووکیان ئەوەندە بەرووتی لەبەر هەتاودا گەرا بوون سوتابوون رەش گەڕابوون پۆلاد بە بیٚ سەبری ووتی : باشە نەخشەکەت چیٚیە بیلٚیٚ .

ساحێب عەلی ووتی : دەتەویٚ ببیتە خاوەنی دار قۆخێک ؟

پۆڵاد ووتی : ئەگەر نەمەویٚ دیارە شێتم !

ساحێب عەلی ووتی : بابگەرێنەوە .

پۆڵاد ووتی : ئەدی چی لە بزنەکە بکەین ؟

ساحێب عەلی ووتی : لە ماڵەوەی بەرەڵادەکەین .

پۆڵاد ووتی : دایکم وتویەتی تا رۆژئاوا بوون نە هێنمەوە .

ساحێب عەلی ووتی : باشە سەگەکە لای بزنەکە بەجیٚ دەهێڵین .

پۆڵاد دەستی بە سەر و گوێی سەگەکە داهێناو ووتی : پاسی بزنەکە دەکەی تاکو دەگەرێمەوە ، باشە ؟

ئیمەش هەر سێکمان بە غارەغار رۆیشتین تا گەیشتینە بن دیوار باخچەکەوە . ساحێب عەلی ووتی :برۆ سەرەوە .

پۆڵاد ووتی : ئیتر پێی ناویٚ نەخشەکەتمان لیٚ بشاریتەوە خۆم تێگەیشتم . دەمانەویٚ ناوکە خۆخەکەمان بچێنین .

ساحێب عەلی ووتی : درووستە ، راستە ، ناوکە قۆخەکەمان لە پشت کۆمەڵە قوڵەکەی کە لە ناو باغەکەدا ڕو کراوە دەچێنین . ئینجا چەند ساڵێک تێپەری خۆمان دەبینە خاوەنی دار قۆخەکە . خۆشت دەزانی لە بەر چی جێگایێکی تر هەڵنابژێرین بۆ چاندنی .

پۆڵاد ووتی : لە سەر گرد لە ناو بەرِدەڵان دا درەختی قۆخ ناروێ درەخت ئاوی دەوێ خاکی نەرمی دەوێ .

ساحێب عەلی ووتی: ئێستا وەک مامۆستا وەعزدامەدە ، من دەچمە سەرەوە سەیرکەم نەک باغەوان گەڕابێتەوە .

باغەوان ئێستا لە شار نەگەرابۆوە . پۆڵاد و ساحێب عەلی لە گۆشەیەکی چۆلی ناو باغچەدا لە پشت کۆمەڵە خۆڵەکە ، زەویان هەڵکەند و منیان لەژێر خاک نا و دەستێکیان بە سەر دا هێنام و رۆیشتن . خاکی تاریک و شێدار لە باوەشی کردم و ڕای گوشیم و بە لەشمەوە نووسا . هەڵدە من ئێستا نەم دەتوانی بڕوێم . ماوەیەک پێوویست بوو تاکو توانای ڕووان پەیدابکەم .لەو سەرمایەی کە لە درزی زەوی ڕێگای بۆخۆی دۆرزیبۆوە و هاتبووە ژوورەوە ، تێگەیشتم زستان داهاتووە و بەفر ڕووی زەوی داپۆشیوە . خاک تا نیو بستێ شەختەی بەستبوو بەڵام ژێر زەوی بای ئەوەندە گەرم بوو کە من سەرمام نەبێ بەم بەستێ بەم جۆرە من بۆ ماوەیەک لە جۆلان و نەش و نما کەوتم و لە ژێر زەویدا کەوتمە خەوێکی شیرین و خۆشەوە .

خەوتم تا لە بەهاردا بە هێزو گوێرێکی زۆرەوە بەئاگا بێمەوە و بڕوێم و بۆ پۆڵاد و ساحێب عەلی ببم بە درەختێکی بە بەرِ و پرِ مێو . ببمە بە بەری گەورە و ئاودار و بە گۆنای ڕەنگاو ڕەنگ وەک کچە ئێسکە سوکە شەرمنەکان .

لەو خەونانەی کە لە زستان بینیم شتێکی زۆرم لەبیر نەماوە تەنیا ئەوەندە دەزانم جارێکیان خەونم بینی ببومە دارێکی گەورە ، پۆڵاد و ساحێب عەلی پێمدا سەرکەوتن لقوپۆپەکانیان هەڵدەژاندم و هەموو منداڵە ڕەش و روتەکانی ناو گوندەکەم لێ کۆببونەوە و لە ئاسمانەوە قەپالەیان لە قۆخەکانم دەگرت و بە سۆی و تامەوە دەیانخوارد و ئاو لە دەمیاندا دەهاتە خوارەوە ، سک و ورگە رووتەکانیانی دەخۆساندەوە .

منداڵێکی کەچەڵ هاواری دەکرد پۆڵاد و دەیووت : پۆڵاد . ئەو شتانەی کە دەیخۆین نەت وت ناویان چیە ؟ ئاخر من دەمەوێ کە گەرامەوە ماڵ بە داپیرم بڵێم کە چیم خواردووە ، زۆریشم خواردووە بەڵام لەبەر ئەوە زۆر بە تام بوو ئێستاش تێر نەبووم ، ئامادەم هی تریش بخۆم ، ئامادەم گرەو بکەم کە دیسان تێر نەبم .



دوو منداڵ بچوکیش لەو بوون ئەسلەن رووت و قوت بوون هیچیان لە بەردانە بوو ، مێش و مەگەزێکی زۆر لە چەناگە و لێویانەوە نیشتبو. هەر منداڵەی قۆخێکی گەورەی بە دەستەوە گرتبوو ،بەتام و لەزەت قەپالێان لێ دەدا و دەیان ووت : ئای کەچەند خۆشە .

ئەمەیان یەکێک لە خەونەکانم بوو .

دواجار گوڵی بادەم لەخەودا دیت . « نەخۆش و بێهۆش کەوتبووم کاتێک دەنگێکی نەرم هات و من هەستم کرد لەگەل دەیگەکەوە بۆنێکی ئاشنای ئێجگار زۆر هاتە ناو زەوی . دەنگەکە ووتی : گوڵی بادەم ، وەرە پێشەوە بۆن و بەرامەی خۆشت لە ڕووی قۆخی ناسکۆلە بدە . ئەگەر دیسان بێدار نەبۆوە دەست و لەش و ڕووی دابێنە وا بکە بۆنی گوڵەکەت باش بەر لووتی کەوێ . مەخلەس بە خێرانی بێداری کەوە ئێستا کاتی روان ، چەقەڵە دەرکردنە . هەموو ناوکەکان خەریکن بێدار دەبنەوە .

بۆنی عەتر و دەستەکانی گوڵە بادەم بە لەش و ڕووی مندا کەوتن . ئەوەندە خۆش بوون حەزم دەکرد هەمیشە بە بێهۆشی بمێنمەوە ، بەڵام ڕێک نەکەوت ، من بەهۆش هاتمەوە . ویستم دوبارە خۆم بێهۆش کەمەوە ، بەڵام گوڵە بادەمەکە پێکەنی و ووتی : گیانەکەم ئیتر ناز مەکە . تۆ توخمی ژیانت لە ناو سگدایە و وات داناوە بڕوێ و ببێتە دارێکی گەورە و میوە بگری ، مەگەر وا نیە ؟

گوڵی بادەم وەک بوک ئێسک سوک بوو بەرگی بەفرینی سپی و خاوێنی پۆشی بوو و گولی لە بە لێوەوە گرتبوو . هەڵبەتە تا ئەو کاتەش من بەفرم نەبینی بوو . وەختێک کە قۆخ بووم تاریفی بەفرم لە دایکمەوە بیستبوو.

حەزم دەکرد بزانم گوڵە بادەم دەمێک لە مەوپێش قسەی لە گەڵ کێدا دەکرد . کێ هێنایەتیە سەر سەری من . گوڵە بادەم دەستی لە ملی کردم . منی ماچ کرد و بە پێکەنینەوە ووتی: پەیکەرێکی چەند گەورەت هەیە . لە ناو دەستەکانم جێگات نابێتەوە . پاشدان ووتی : بەهاریش لێرە بوو . ووتی کاتی ڕوان و چەقەڵدانە . من بە بیستنی ناو بەهار وەک لە خەو بیدابمەوە وا بوو . وام زانی بەهار هاتووە و رۆیشتووە و من ئێستا توێکڵم نەقلیشاندوە . لە گەڵ ئەم خەیاڵە دا بە پەرێشانیەوە و سەراسیمەوە لە خەو ڕاپەریم بینیم خاکی نارێک خوساوە منی لەباوەشدا گرتووە و نازی دەکرد ، توێکڵم لە دەرەوە نەرم ببۆوە لە ناوەوەشدا ئارەقەم کردبوو ، تنۆکە ئاوی بە سەرو رو ی مندا دەرێژت و بە لە شمدا دەهاتە خوارەوە و چووە ژێر لەشمەوە و بەخاکدا چوومە خوارەوە . چەند دانە خاکشێرێک لەدوروبەری مندا بوون ، رەگیان بڵاو دەکرد. یەکێکیان لاسکیشی

دەرکرد بوو و لە خاکدا هاتبووە دەرەوە ، ڕەگە ناسکۆڵەکانی سەرەکانیان ئەم بەرو ئەو بەریان دەکرد و گەردیلە خواردن و ئاویان دەمژی و لە جێیەکەدا کۆی دەکردنەوە و دیناردنە سەرەوە . دەنگێکی نا ئاشناشی بوو ٠ لێ بوو . چوزەڵەیەکی بچوکی رواندبوو سەری لارکردبۆوە لە سەرخۆ خاکی کون دەکرد دەچووە سەرەوە . وای بڕیار دابوو کە دوو ڕۆژی تر سەیری تیشکیەکانی خۆر دەکا .

ڕەگێکی تارە لە ژێر لە شمەوە ڕەت دەبوو هەردەمێک کە ڕۆدە چوو درێژتر دەبوو ، ختوکەی دەدام و دەیووت کە ڕیشەی بادەمی نزیکی جۆگاکەیە . ڕەگی بادەمیش بە هێزو گۆڕێکی زۆرە وە شێ خاک و گەردیلە خواردنی دەمژی و دەی بردە ژورەوە . ئاوەکەی بە ڕووی مندا ڕژا بەفری سەرزەوی بوو و پاش چەند ڕۆژێک بڕا .

ڕۆژێکیان دەنگی خشەخشێکم بیست و پاش کەمێک دەستە مێرولەیەکی ڕەش و زرنگ گەیشتنە لای من و دەستیان کرد بە گازلێ گرتنم . مێروولەکان گەرمای هەتاو و بۆنی هەوای بەهاریان هێنابووە ناو خاک ، لە گازەکانیان زانیم دەیانەوێ کونم کەن . ماوەیەک گازیان لێ گرتم و وەختێک بینیان ناتوانن کونم کەن . ڕێگایان گۆڕی و کونەکەیان لە لایەکی دیکەوە لێ دا . ئیتر من ئەوانەم نەدیتەوە خۆم هاتمە سەر ڕووی زەوی و ، بوومە درەخت .

ئەوەندەنم ئاو هەڵمژی بوو ئاوسا بووم لە ئەنجام توێکڵەکەم شکا ئەو کاتە ڕەگە بچووکەکەم لە شێوەی (ریشالێکی ) سپی لە ناو توێکڵەکەم رەوانەی دەرەوەکرد . لە خاکم بەردە خوار تا گەورەبێ و بێتە ڕەگم تا بتوانم لە سەر ئەو دا ڕاوەستم و قەد دەرکەم . پاشدان لاسکۆکەم هێنا دەرەوە فێرم کرد کە سەری نەوی بکاو بەرەو سەرەوە و زەوی هەڵدڕێ پەل بهارێ و بڕوا خۆر بدۆزێتەوە . لە سەر نوکی لاسکۆکەکەم پۆخێکی بچوکم هەبوو تا وەختی لە خاک دەردێنم ، قەدێکی گەڵا دارم لێ دروست دەکرد . تا ڕەگم ببێتە ڕەگێکی باش و بتوانێ خواردنە کۆ کاتەوە ، لەو خواردنەی زەخیرەی کە خۆم هەمبوو و دەرخواردی ریشالۆکەکەم و لاسکۆکەکەم دەدا . دەمویست لە ناو خاک و هەواش نەختنکێم . هەروەها گەرمای دەرەوەش دەهاتە ناو خاک ئیتر لەو کاتانەدا من ماندو نەبووم . من پێشتر لەناو خۆم پێگەیشتبوم و خۆم لە ناو برد بوو ببومە شتێکی . هەڵبەتە وەختی ناوک بووم ، ناوکێکی تەواو بووم و ئیتر نەمدەتوانی چیتر زیاد بکەم و بجوڵێم بەڵام ئێستا کە دەمویست ببمە درەخت ، درەختێکی زۆر پڕ کەم و کورتی بووم ئێستاش زۆر جێ جوڵان و پێگەیشتن هەبوو . بیرم کردەوە کە ڕەنگە جیاوازی ناوکێکی تەواو لە گەڵ درەختێک دا ئەوەبێ کە ناوک تەواو کەوتۆتە ژێر توێڵکەوە ئەگەر نەگۆڕی دەڕزی ، بەڵام درەختی



ناتەواو ئایەندەیەکی زۆر باشی لە بەردەمدایە . ئەسڵەن هەموو شت چرکە بە چرکە دەگۆڕێ و وەختێ ئەم گۆڕانانە لە سەر یەکدا کۆبۆوە و گەیشتە رادەیەکی دیاری کراو . هەست دە کە ئیتر ئەمە ئەو شتەی پێشدان نیيە بەڵکو شتێکی ترە . بۆ وێنە من خۆم کە ناوک بووم ناوک نەبووم بەڵکە لە شێوەی درەخت بووم ڕەگ و قەدم هەبوو چەقەڵە و گەڵا بچوکە زەردەکانم لە لای دولکەکەم لە سەرسەرم کۆکردبۆوە و ڕێک قەدم بەرز دەکردەوە . وەختێک لە خاک دەهاتمە دەر دەمویست گەڵا بچووکەکانم بەر هەتاو دەم ڕەنگی سەوزیان تێ بتێزنێ . بیری لقی پڕ گەڵاو هەڵۆ ئاودار و گوڵ دەرکردنم لە سەردا بوو . نەمامێکی بچووکی ناچیز بوین و چونکە « لە بەر ئەوەی » چ ئاییدەیێکی درەوشاوە لە بەر دەممدا نەبوو ...

دەنکە چەوێکی هێندی گوێزێک بەری گرتبووم و لێ نەدەگەڕا بۆ سەرەوە بێم پچێیم لێ داو لە ولایەوە خۆمم دەرکرد . هەرچەندەی زیاتر سەردەکەوتم زیاتر هەستم بە گەرمای هەتاو دەکرد زیاتر بۆ لای خۆر دادەکشام. ئیتر ئێستا لە نێوان رەگ و پیگوگیا و گۆڵی سەر زەوی دا بۆی دەجولام . دوایی گەیشتمە جێ جێ یەک کە ڕۆناکی هەتاو کەم و زۆر زەوی روناک کردبۆوە . زانیم کە سەرسەرم جگە لە تویژاڵێکی ناسک شتێکی تر نەماوە . چەند سەعاتێک پاشتر بوو کە بە سەر راتەکانێک ، زەویم شەق کرد و گەرما و روناکیم بینی کە بۆ پێشەوازی هاتبوون . ئیستا من لە سەر زەوی دا بووم زەوی دایکی دایکم بوو دایکی من و تیکرای بونەوە ریشە . درەختی بادەم سەراپای سپی ، لەو بەرەوە گرد لە ژێر هەتاوەوە دەبریسکایەوە و خۆشحالیەکی کە منیش لە دلەوە خۆشحال کرد . سلاوێکم لێ ی کرد . درەختی بادەم گوتی : سلام لە روی وەک مانگت . گیانەکەم بۆ سەر خاک بە خێر بێی . لە ژێر زەویدا چی هەیە ؟ لاسکی خاک شیر قەدیان کێشابوو سێبەریان دەکرد بە لام من ئێستاش لە دوو گەڵای بچوکی کەم ڕەنگم زیاتر نەبوو بەرەبەرە سەرم بەرز دەکردەوە . ڕۆژێک کە پۆلاد و ساحێب عەلی هاتنە سۆراغم دە دوازدە گەڵای سەوزم هەبوو قەدم هێندێ روەکان بەرز بوو بەلام لاسکی « خاکشێر » لە ئیستای من زۆر بڵندتر بوون ئەوان ئەوەندە بە زوویی و خێرا گەورە دەبون . من سەریرم پێ دەهات . یەکەم جار وام بە خەیالدا هات چەند ڕۆژێکی تر سەریان لە دار بادەمیش بەرزتر دەبێ . بەڵام کاتی بە ئاگا هاتمەوە دیتم رەگ و ریشەیەکی پتەویان لە خاکدا نی یە ، بە خۆم ووت کە لاسکەکانی « خاکشیر » بەزویی سیس دەبن لە ناو دەچن .پۆلاد و ساحێب عەلی بە بینینی من زۆر خۆشحال بوون هەر دووکیان ووتیان : ئیتر ئەم درەختە هی ئێمەیە . چەند گۆڵە ئاوێکیان لە

جۆگەوە هێناو لە منیان روو کرد و رۆیشتن ، گوایە باخەوان لەو زوانە شەتلە کان ئاو دەدا . دەنگی بێڵەکەی دەهاتە گوێ . لە ئاخەلێوی بەهار بوو کە بینیم لاسکەکانی خاکشیر وەک ناتوانن گەورە بن . ئەوان گوڵیان دەرکردبوو و هەندێکیشیان هەڵدەوەراند و بەرە بەرە زەرد هەڵدەگەڕان . کە هاوین داهات من هێندی ئەوان بووم بە لاّم هێشتا لقم نەبوو . دەمویست نەختێک قەد دەرکەم ئینجا لق بهاوێم . پۆلاّد و ساحێب عەلی زۆر هاتنە لام و ساتە وەختێک دادەنیشتن و لە بارەی ئایندەی منەوە قسەیان دەکرد .

رۆژێکیش مارێکی گەورەو سوری بریقەدریان هێنابوو وا دیار بوو سەریان بە کوتەک پان کرد بۆو . ئەو کاتە زەویان نیو مەتر لەو لای منەوە هەلکەندو مارەکەیان خستە ژێر خاکەوە . پۆلاّد دەستەکانی پێکدا کێشا و ووتی : عەجەب کەفێک دەکا مەبەستی من بوو . ساحێب عەلی ووتی : وایە . من بیستوومە دار خۆخ و گێلاس زۆرتر بەردەدەن من خۆشم ئەمەم دەزانی . دایکم لە دوو ساڵی دا دوو خۆخی نۆبەرەی هینابوو . بیرم دەکردەوە کە کاتی قۆخەکانم گەورە بن و پێ بگەن دەبێ شێوەیان چۆن بێ ؟S

حەزم دەکرد میوە بدەم تا ببینم قۆخەکان چۆن چۆنێک شیرەی لەشم دمژن . حەزم دەکرد قۆخەکانم گران بن و لقەکانم دابێنم بە شێوەیەک سەریان بەزەوی بگا . زستان بەسەر چوو پایز داهات . لە ناو لەشم ریشال و بۆری ناسکم دروست کردبوو کە ڕەگەکانم هەر چی‌یەکیان لە زەوی وەردەگرت لەو لولانەوە دەیان نادرە سەرەوە . لە ناوە راستی پایزدا لە چەند جێدا دەمی لوکەکانم بەست و ئیتر رەگەکانم شیریان بۆ سەرەوە نەنارد . ئەو وەختە گەڵاکانم کە خواردنیان پێ نەدەگەیشت . دەستیان بە زەردبوون دەکرد منیش هەمووم قوت کردن کە باهەڵی کردوەین و رۆژانە سەرزەوی و ڕووت بومەوە . لە بنەوە هەر گەڵایەک گرێیەکی بچوکم لێ دابوو وام دانابوو بەهارێکی دی لە هەر یەکێک لە شوێنانە چوزەلەیەک دەرکەم و لقێک دروست بکەم . بیری نۆبەرەشم کردبۆوە دەمویست وەک دایکم لە دوو سالی میوە بدەم . بە باشی لە بیرم نی‌یە ، چوار پێنج گرێم لە لەشدا هەبوو کەلەبەر چاوم بوو وام دانابوو لەوانەوە غونچەو گوڵ بدەم . حەزم دەکرد هەموو دەم بیر لە گوڵەکانم بکەمەوە . هەرچەندەی هەوا زیاتر سارد دەبوو زیاتر خەودەی بردمەوە بە شێوەیەکی وا کە وەختێک بەفر باریە سەر زەوی و زەوی شەختەی بەست ، بە تەواوی من نووستبووم . پۆلاّد و ساحێب عەلی پارچە گونیەکیان لە دەوری‌مندا پێچابوو . ئاخر من ئێستا پێستم نەرمە ناسک بوو و لە « شەختەبەندا » ی زستاندا خوراکێکی بەتام بووم بە کەروێشکەکان سەرەڕای ئەوەی رەنگ بوو سەرما لێم دا و ئەوکاتە لە بەهاردا ناچ



اربووم لەژێر زەوی بروێمەوە و دووبارە سەردەربینمەوە . کە بەهار داهات لە پێش هەموویاندا ڕەگەکانم بەخەو هاتنەوە پاشدان قەدم لە گەڵ گەیشتنی شیرەی نوێدا بێداربۆوە و چوزەلەکانم تەکانیان دا کەمێک ئاوسان :

ئەو ئاوەی کە لە خاکەوە پێم دەگەیشت ، هەموو ئەندامەکانی لە خەو بێدار کردەوە و دەیخستمە جوولە ، لە خاپۆخەکانمدا گەڵای ورد وردی دروست دەکرد تا ئەو کاتەی کە پۆخەکانم پشکووتن گەورەیان کەم و دایان پۆشم . ئێستا خونچەکانم وەک دەنکە جۆ ، کەمێ گەورەتر ببوون . سێ خونچەم زیاتر پێوە نەمابوو . چۆلەکە یەکێکیانی بە دەنوک خواردبوو . سێ خونچەم پشکواند ، بەلاّم سەرئەنجام بیستم ناتوانم هەر سێکیان بکەمە خۆخ . یەکێک لە گوڵەکانم هەر لە سەرەتاوە سیس بوو و وەری ، دووەمم کردبووە چەقەلۆکە پاشدان نەمتوانی خواردنی بگە یەنمێ پەژمردەبوو لە گەڵ بادا کەوتە خوارەوە . ئەو کاتە هەموو توانام کۆ کردەوە تا قۆخە بێ وێنەکەم پێبگەیەنم و کە هەر کەسێک ببینێ حەیرانی بێ چاوەکانی زەق ببنەوە و هەر کەسێک کە بیخوا تا ژیانی ماوە دەم لە میوەیەکی تر نەدا ، چەند رۆژێک پەرەی گوڵەکانم وەراند و دەستم کردبە خوراک دان گەورەکردنی ئەو میوەی کە لە کاسەی گوڵەمدا بوو تا کاسەی گوڵەکەم تلیشا و چەقالەکەم هاتەدەرەوە . قۆخەکەم کەمێک بە نوکی سەرماوە مابوو چونکە لەو رۆژەوە کە هێندی چەقەڵە باری بوو ، منی کەکەمە دەچەماندە و من نیگەران دەبووم کە ئەگەر بمویستایە قۆخێک بە ئارەزوی خۆم بێبگەیەنم دەبوایە کەمەرم بچەمێتەوە و رەنگە بیشکێنی بەلاّم ئەسڵەن من نەم دەوویست لە بەر خاتر ئەو زەحمەتەی بە ناچاری دەهاتە پێش ، قۆخەکەم سیس کەم و بۆ دوور هەڵی دەم . گەر راستین بۆی من وام دانا بوو لە سالاّنی داهاتوو دا قوخەکانم بگەینە هەزار بەر ئەوە پێوویست بوو کە لە هەنگاوی یەکەمەوە و لە قۆخی یەکەم تاقی بکەمەوە . ئەو مارەی منداڵەکان لە نزیک منەوە لە ژێر خاکیان نابوو ئیتر ئێستاکە شی بۆوە و ببوەوە خالی چواردەورمی پر قوەت کرد بوو . لە بەرەکەتی هەمان ماردا ، ببومە خاوەنی لق و گەڵایەکی بێحساب.

پۆلاّد و ساحێب عەلی لەم رۆژانە بە سوراغ دا دەهاتن . وا دەزانم دەچونە لای باوکیان بۆ کێلگە یان بۆ دروێنە و فەرمان گێرە کردن دەچوون . بەلاّم رۆژێک بۆ دیدەنم هاتن چێوەکەی دەستیان رۆخ من بەزەوی دا بردە خوار و منیان پێ بەسدەوە وابزانم هەر ئەو رۆژە بوو کەپۆلاّد لە نکاو ووتی : ساحێب عەلی !

ساحێب عەلی ووتی : ها ، بڵێ .

پۆلاد ووتی : دەڵێم ناکا ئەم باغەوانە سەگبابە دارەکەمان بدۆزێتەوە !

ساحێب عەلی ووتی : ئەگەر بیدۆزێتەوە چیە ؟

پۆلاد هیچی نەوت ساحێب عەلی ووتی : ناتوانێ هیچ هەڵەیەک بکا . خۆمان دارەکەمان چاندوە و بە بەرامان هێناوە ، میوەکەیشی هەر هی خۆمانە . پۆلاد لە ناو بیرکردنەوە دا بوو . پاشدان ووتی : خۆ زەویەکە هی ئێمە نیە .

ساحێب عەلی ووتی : دیسان ناتوانی هیچ هەڵەیەک بکا . زەوی هی کەسێکە کە دیچێنێ . ئەم پارچە زەویە کە ئێمە دارەکەمان تێدا چاندووە هی ئێمەیە .

پۆلاد دل و جورئەتی دایە خۆی و ووتی : بەڵی هە خۆمانە . ئەگەر هەڵەیەک بکا هەموو باغەکەی ئاگر تێبەر دەدەین .

ساحێب عەلی مستێکی لە سینگە رووت و هەڵقرچاوەکەی دا و ووتی : ئەم سەرە نەمێنی ئەگەر لێگەرێم ئاوێکی رەحەت لە گەروی دا بچێتە خوارەوە . ئاگری دەدین و هەڵدێین .

وای تێبگەم ئەگەر ئەو رۆژە پۆلاد و ساحێب عەلی داردەستەکەیان نەدابایە من ، شەو هەردەشکامەوە . چونکە بایەکی بەهێز هەڵی کردبوو لق و گەڵاکانی هەمووانی پێکدا دەدا بەیانی بینم کە چەند لقی داربادەمە کە شکاوەتەوە . رۆژانیش رادەبوردن و من بە هەموو هێزم قۆخەکانم گەورەتر دەکرد و دەمدایە بەر هەتاوم و تا کولمەکانی وەک گوڵ لێ بکا و گەرما بچێتە ناو لەشیەوە . کچەکەم ئەوەندە بە توندی بە لەشمەوە نوسابوو و دەیمژیم کە جارجارە نەخۆش دەکەوتم بەڵام هیچ کاتێک لێ ی تورە نەدەبووم . ئاخر من ئێستاکە دایک بووم و بۆ خۆم کچێکی ئێسک سوکم هەبوو .

ساحێب عەلی و پۆلاد ئەوەندە سەرگەرمی من بووم کە وەختە بڵێم دارەکانی تری ناو باغەکەیان لە بیر کردبوو و وەک ساڵانی ڕابردو و نەبوون کەخۆیان لە کەمین دانا بۆ قۆخەکانی دایکم . من خۆم بە هی ئەوان دەزانی و مافیشم دادنێ کە وەختێک قۆخەکانم بە تەواوی پێگەیشتن هەر ئەوان لێ‌ی‌کەنەوە و بەتام بیخۆن هەروەک ئەو رۆژەی منیان خوارد بوو سەرەتای پایز بوو رۆژێکیان پۆلاد بە خەمباری بۆ لای من هات . جارێ یەکەم بوو کە یەکێک لەوان بە تەنها ببینم . پۆلاد یەکەم جار منی ئاودا و پاشدان لە سەر پوش و پەڵاش دانیشت سەبرە سەبرو بە من و قۆخەکەمی ووت : دارقۆخەکەم ، قۆخە نازدارەکەم دەزانی چی روی داوە ؟ دەزانی ، بۆچی ئیمرۆ تەنهام ؟ بەڵێ دەزانم کە نەتزانیوە .. ساحێب عەلی مرد ، مار پێوەی‌دا .. پورە ( مەنجوق ) شەوێکی تەواو بە سەر سەریەوە بوو . وا بزانم ئەوێش هیچی پێنەدەکرا .



هەموو ئەو دەرمانانەی کەی ووتبوو . من و باوکی ساحێب عەلی چووین لە دەشت و چیا هێنامان بەڵام دیسان چاک نەبۆوا!... ئاخر بۆچی رۆیشتی و منت بەجێ هێشت ؟ پۆلاد دەستی بە گریان کرد . پاشدان دووبارە دەستی بە قسەکردن و ووتی : چەند رۆژێک پێشتر ، نیوەرو کە لە چۆلی دەگەڕامەوە لە سەر گردەکەدا بە یەک گەیشتین ، بڕیارمان دا بچین مار بگرین و بیهێنین وەک ساڵی ڕابردوو لە هەمان جێ دا چاڵی بکەین تا زەویەکەی ژێرت بەیهێز بکا . بەرەو گەلی ماران چوین ، لەناو گولی ماراندنا بڵێ ی مار هەیە . لایەکی گەلی چیایە کە هەمووی بەڕدەڵانە خەیال نەکەی بەردی چیا هەمووی یەک پارچەیە . نا ، بزانە گەلێک بەردی گەورە و بچوک لە ئاسماندا باریوە و لە سەر یەکدا کەڵەک بووە . مار لە ناو کونە بەردەکان لانەیان هەیە و کە گەرمایان لێ بدا دێنەوە دەرەوە . زەوی ئێمە و هاوسێ یەکەمان و هی کوڕی خاڵی ساحێب عەلی چەند زەویەکی تریش لە ناو گەلی مارانە ، هەمیشە لە ناو زەویدا قورەقور و کیفەی مار دێتە گوێ .

من و ساحێب عەلی لە ژێر چیادا تەماشای پشت بەردەکانمان دەکرد و داردەستەکانمان لە کونان ڕادەکرد تا مارێکی ( پرچەبیی ) ت بۆ بدۆزینەوە . هەر ئەوهاش روت بووین . تەنیا شەلوارێکمان لە بەر دابوو ، پشتمان ئەوەندە داغ ببوو گەرهێلکەیەک لە سەربایە دانا بایە دەبرژا هەروەها ، بەم لاو ئەو لادا بازماندەدا ، لە گەڵ پێ‌ی ساحێب عەلی لە ناکاوێک هەڵخزی و بەسەر پشدا کەوت قیژەیەکی وای لێدا لەناو دۆڵەکە دەنگی دایەوە . ساحێب عەلی بەسەر بەردێکدا کەوتبوو سەر پشت لە مارێکیش لەسەر بەردەکەوە پەپکە خوارد بوو . ساحێب عەلی قیژەیەکی تری لێداو و کەوتە ناو دۆڵەکەوە ... ئیتر من ماوەم بەمارەکە نەدا . دارێکم بەسەری دا کێشاو پاشدان بەسکی و دیسان بە سەریم دایەوە . ساحێب عەلی بێهوش کەوتبوو هیچ دەنگی لێوە نەدەهات ، نازانم دارەکەی بۆ کوێ پەڕی بوو . جێ چزوی مارەکە هەڵگەڕا بوو . خۆ ئەگەر مارەکە بەپێ یان بە دەستی بدایە دەمزانی چاری بکەم بەڵام نەمزانی چ لە تیرەقەی پشتی بکەم ؟ ناچار ساحێب عەلێم لە کۆڵ کرد و بۆ ئاوییم هێنایەوە . پورە ( مەنجوق ) بەیانی لە گۆرستان بە دایکمی گوتبوو ئەگەر ساحێب عەلێم زوتر بگەیاندبایە نە دەمرد . ئاخر چۆن دەمتوانی ساحێب عەلی بۆلای ببەم دار قۆخ خۆ تۆ خۆت دەزانی ساحێب عەلی لە من قورستر بووە . ئەگەر ولاغم پێبایە دوا کەوتبام پورە ( مەنجوق هەقی بوە بڵی دوام خستووە ئاخر من چیم لە دەست دەهات تا بیکەم ؟ پۆلاد دووبارە دەستی بەگیریان کردەوە . ئێستا من هەستم کرد کە ساحێب عەلی و پۆلادم زۆر زۆر خۆش دەوێ . و ەوختێ کە بیرم کردەوە زانیم ئیتر ساحێب عەلی

نابینمەوە ، هێندەی نەمابو لە داخان گەڵاکانم بوەرێنم هەتا هەتایە وشک بم و قۆخ دەرنەکەم . پۆڵاد ژیر بۆوە و ووتی : ئیتر من ناتوانم لە ناو دێدا بمێنمەوە . دەچمە هەر جێیەک شێوەی ساحێب عەلیم دێتەوە بەر چاوان و خەم دەخۆم . کە دەچمە چیا ، کە بزنەکە بۆ چۆلی دەبەم ، کە دەست بەسەر سەگەکان دادێنم کە بەسەر سەرگین دادەرۆم ، کە لەگەڵ منداڵان دا دەچمە ناو کێگە و کوللە و مارمێلک دەگرم ، کە پوش و پوڵاش ووردەکەم کە دەچمە سەربانەکەن هەمێشە شێوەی ساحێب عەلیم لەبەر چاودایە . هەمیشە بانگم دەکا . پۆڵاد !. . . پۆڵاد !. . . بەڵی دار قۆخ ، من ناتوانم گوێم لەم دەنگانە بێ . دەمەوێ بچمە شار لای خاڵم بە شاگرد بەقاڵ . من نەمزانی دەبوایە چی بکەم ساحێب عەلی نەمرێ و بمێنێتەوە ئێستاش نازانم چی بکەم تا منیش جارێک نەکەوم و بمرم . من بچوکم عەقڵم بە هیچدا ناشکێ . هەر ئەوەندە دەزانم کە ناتوانم لە ناو دێ بمێنمەوە . دار قۆخ وا من رۆیشتم . وازم لە قۆخەکانیشت هێنا با بۆ خۆت بێ . وەختێک بینیم پۆڵاد دەیەوێ بروا قۆخێکم فرێ دایە بەر پێی . پۆڵاد قۆخەکەی هەڵگرت و بۆنی کرد سریەوەو سەرپا منی ماچ کردو لێی دا رۆیشت .

ساڵ سوڕایەوە قەدم چاک بڵند ببوو . لقم هاویشتبو و گەڵا لە سەراپامدا ڕوا بۆوە . بیست تا سی گوڵم دابوو دەمتوانی سەرم لە گردەکە بزر کەمەوە و سەربکێشم و سەیری ئەوبەری باغەکەم بکەم .

رۆژێک باغەوان هەستی بەسەرتاتکەی من کرد و هات و منی بینی ، نەیدەزانی لە خۆشیان چیبکا . لە شێوەی رەنگی گەڵا و گوڵمەوە تێگەیشت کە نەمامی چ دارێکم . دارقۆخێکی باش لە ناو باغەکەدا ڕوابوو بەبێ ئەوەی زەحمەتی پێوە کێشابێ . من زۆر نارەحەت بووم کە کەوتمە دەستی باغەوانێکی کە خۆی نۆکەری پیاوێکی پارەدرێکی ترە و لە بەر خاتری پارە خەڵکی دێ یەکەی کردۆتە دزژمن .

دە پانزە قۆخم گەیاندبوو بەڵام کە بیرم کردەوە قۆخەکانم قێسمەتی چ کەسێک بۆوە . ساحێب عەلی و پۆڵاد منیان ناشتبو و گەورەیان کردبووم و هەق وا بوو هەر ئەوان قۆخەکانم بخۆن . رۆژێک غایلەیەک بە مێشکم داهات و هەر لەو رۆژەوە دەستم بەهەڵوەراندنی قۆخەکانم کرد . کە باغەوان بینی کە قۆخەکانم پێوە نەماوە وای زانی کە جێگاکەم خراپە . بە دەنگێکی بەر ووتی : سالێکی تر جێگاکەت دەگۆڕم تا بتوانی چاک ئاو بخۆیتەوە و قۆخی گەورەو تەڕ و ناسک بگری . بەهاری تر کە رەگەکانم بیدار کردەوە بینیم هەموویان بە رێک وپێکی تێک ئاڵاون و ئەسلەن هەندێکیان هەر وشک بوون و هەندێکیان



هەڵکەنراون . هەڵبەتە ڕەگی ساغیشم زۆر هەبوو . یەکەم جار دەستم بە بەرنەخواردنی ڕەگە ساغەکانم کرد بۆ ناو خاکی شێ دار و پاشدن ڕەگی نازم دەکرد و بە هەر چوارلام دا پەرتم کرد . ئەو وەختە کەوتمە بیری قۆخ دەرکردن و جۆزەڵەکردن و پشکوتن لەو وەختەی تا ئێستا نازنم کە چەند ساڵ لە تەمەنم رۆیشتوە ، باغەوان نەی توانیوە قۆخەکانم نوخشە بکا و لێرەوە بە دواوەش نوخشە ناکا ، من گوێرایەڵی ناکەم ئێستا دەیەوێ بمترسێنی یان بە مشار بمبرێتەوە یان قوربان و بەراگێرم بێ .

# کەچەڵی کۆتر باز

لە زەمانی کۆندا کەچەڵێك لە گەڵ پیرەدایکی دا دەژیا . ماڵەکەیا حەوشێکی بچوکی هەبوو دارەتویێکی تێدا بوو کە بزنە رەشەی کەچەڵ لەوێ دا دەلەوەڕا و کاوێژی دەکرد خۆی رادەتەکاند بە سمەکانی زەوی دەکۆڵی و دەی قاڕاند . ژوورەکەیان ڕوو لە قیبلە بوو ، پەنجەرەیەکی بچوکی تێدابوو تەندورێك لە ناوەراستی و سەکۆیەك لە سەرەوە و کونێك لە ژێر ساپێتە ڕوو بەرەو ئاسمان بۆ دوکەڵ کێشان و ڕووناکی و هەوا ئەو جۆرە شتانە . پارچە کاغەزێکیان لەجیهاتی شووشە بە پەنجەورکیانەوە نابوو ، هەر چوار دەوریشی تاق بوو .کەچەڵ بەیانیان بەرەو چۆلی دەرۆیشت ، درٍك و دار و پوش و پلاشی کۆ دەکردەوە و بە پشتی دا دەدا و دەی هێنایە ماڵ گیشەی دەکرن هەندێکی دەدایە بزنەکە و ئەوەی تریشی لە سەربان گیشە دەکرد تاوەکو زستان دەهات بیان فرۆشێ یا بیداتە بزنەکە . پاش نیوەڕۆیان کۆتری هەڵدەفڕاند.

کۆتربازیکی چاك بوو . دە، پانزە کۆتری هەبوو . فیکەی باش دەکێشا .

پیرێژن لە بەیانی تاکو ئێوارە لە پشت خەڕەکەکەی دادەنیشت خوری دەرست .بەم جۆرە دایك و کۆرە بژێوی خۆیان دەردەهێنا . کۆشکی پاشا ڕووبەڕووی ماڵی ئەوان بوو ، خانووبەرەیەکی زۆرقەشەنگ بوو. عەقل لە تەماشا کردنی حەیران دەبوو . کچی پاشا عاشقی کەچەڵ ببوو . هەر وەختێك کە کەچەڵ لە سەربان کۆتری هەڵدەفڕند . کچی پاشا لە گەڵ کەنیزە و کارکەرەکانی دەهاتە هەیوان و تەماشای کەچەڵی کۆتر بازی دەکرد گوێی دەدایە فیك و هۆری و ناوناوەش بە چاو بە ئیشارەت چەند شتێکی بە کەچوڵ دەووت . بەڵام کەچەڵ گوێی پێ ندەدا . وە بە شێوەیەك رەفتاری دەکرد وای نیشان دەدا ئاگای لە کچی پاشا نییە . بەڵام لە ڕاستی دا کەچەڵیش عاشقێکی بێ قەراری کچی پاشا بوو بەڵام نەی دەویست کچەکە بەو بزانێ . دەیزانی پاشا بە هیچ جۆرێك ئامادە نیە کچی خۆی بداتە بابایەکی کەچەڵ کە لە دای دنیا بزنێك و دەپانزە کۆتر و پیرە دایکێکی هەبوو ئەگەر پێشی بدا ، کچی پاشا هرچیەکی دەکرد نەی دەتوانی کەچەڵ بێنیتە قسە . هەتا رۆژێکیان دەڵی بەرخێکی پارچە پارچە کرد و فرێ ی دایە بەر پەنجەرەکەی . بەڵام هەمدیسان کەچەڵ بە سەر خۆی نەهێنا .لە پەنا گیشە درٍك و دارەکان کۆترەکانی هەڵدەفڕاند و فیکەی دەکێشا و گوێی بۆ خرەکەکەی دایکی شل دەکرد . سەرئەنجام کچی پاشا نەخۆش کەوت و کەوتە ناوجێگا . ئیتر نەدەهاتە هەیوان تەماشای کەچەڵ بکات پاشا هەموو حەکیمەکانی لە سەر کچەکی کۆ کردەوە . هیچ کامێکیان نەیان توانی کچەکە چاك بکەنەوە هەموو حیکایەت



خونەکان لەم جۆرە شوێنانە دەڵێن کچی پاشا ڕازی دڵی خۆی بە کەس نەدرکان . لە ترسان یان لە شەرمان . بە لاّم من دەڵێم کە کچی پاشا ڕازی دڵی بە پاشا گوت . وەختێك پاشا بیستی کە کچەکەی عاشقی کەچەڵی کۆترباز تورە بوو بەسەری دا نەڕاندی : ئەگەر جارێکی تر ناوی ئەم کەچەڵە بە دەمت دابێ لە شار شار بە دەرت دەکەم .مەگەر کەس براوە عاشقی ئەم بویی ؟ دەمەوێ تۆ بدەمە کوڕی وەزیر و برایەوە . کچە هیچی نەووت . پاشا ڕۆیشت و لە سەر تخت دانیشت و وەزیری بانگ کردە لای خۆی و پیّی ووت : وەزیر هەر ئیمرۆ دەبێ کۆترەکانی کەچەڵ سەر ببڕی نەیەڵی ئیتر بێتە سەربان .

وەزیر چەند نۆکەرێکی بە هێز و بازووی خۆی نارد بۆ ماڵی کەچەڵ .

کەچەڵ لە هەموو شتێك بێ ئاگا بوو دانی دەدایە کوترەکانی هەر نۆکەرەکان رژانە ماڵەکەی و لە چاوچوقانێك دا کۆترەکانیان سەربڕی و زۆریان لە کەچەڵ دا هەموو لەشیان شکاند و پێچکەیەکی خەڕەکەکەیان شکاند . کاغەزەکانی پەنجەرەشیان دڕاند و گەرانەوە . کەچەڵ یەك دانە هەفتەی تەواو نەجولا . لە کۆلیتەکەیاندا کەوتبوو دەی ناڵاند . پیرێژنی دایکی مەرهەمی لە برینەکانی دەدا و تووك و دوعای دەکرد . لە کۆتایی هەفتەدا کەچەڵ هات و لە ژێر دارەتوەکەدا دانیشت تاکو کەمێك بای باڵی بداو دڵی بکرێتەوە . خەریکی بیرکردنەوە بوو کە کۆترەکانی لە کوێ بنێژێ لەو کاتەدا لە سەر سەری دەنگێکی بە گوێ کەوت . سەیری کرد دوو کۆتر لە سەر لقی دارەتوەکە نیشتوون وقسە دەکەن .

کۆترێکیان ووتی : خوشکی شیرینم ، عتۆ ئەم کۆرە دەناسی ؟ ئەوی تر ووتی : نا، خوشکی شیرینم نای ناسم .

کۆتری یەکەم ووتی : ئەو کوڕەیە کە کچی پاشا لە عەشقی ئەودا نەخۆش بووە و کەوتوە و پاشا فەرمانی بە وەزیر داوە ، ئەویش نۆکرەکانی ناردووە و کۆترەکانی ئەم کوڕەیان کوشتوە تا شلیان کردووە لە میشیان داوە بەم ڕۆژەیان گەیاندوە . کوڕە لە خیاڵی ئەوەدایە کۆترەکانی لە کوێ بنێژێ . کۆتری دووەم : بۆ دەیان نێژێ ؟

کۆتری یەکەم ووتی : ئەی دەتەوێ چیبکا ؟

کۆتری دووەم ووتی : وەختێك کە ئیمە هەڵدەفڕین چوار گەڵا لە ژێر پێمان هەڵ دەوەرێ . ئەگەر ئەم گەڵایانە بداتە بزنەکەی و شیری بزنەکە لە سەر و گەردەنی کۆترەکانی هەڵسوێ کۆترەکان زیندوو دەبنەوە و کاری واش دەکەن کە تا ئێستاش هیچ کۆترێك نەی کردووە. کۆترەی یەکەم ووتی : خۆزگە کوڕەکە قسەکانی ئێمەی گوێی لێ بێ !..

کۆترەکان بە ئاسمان هەڵفرین . چوار گەڵا لەژێر پێ یاندا هەڵوەری . کەچەڵ گەڵاکانی لە ئاسماندا گرتەوە هەر لەوێ دەرخواردی بزنەکەی دا گوانەکانی پر لە شیر بوون . کەچەڵ بادەی هێنا ، بزنەکەی دۆشی و شیرەکەی لە سەر و گەردەنی هەڵسوی . کۆترەکان پەڕ و باڵیان کوتا و زیندوبونەوە دەوریان لە کەچەڵ دا . پیرێژن لە شەقەی باڵی کۆترەکان هاتە دەرەوە . کەچەڵ هەواڵی کۆترەکانی بە دایکی گەیاند ، پیرێژن ووتی ، کوڕە شیرینەکەم ئەگەر ئەم جارە بچیتە سەربان پاشا دەت کوژێت . کەچەڵ ووتی : دایە ئیتر کۆترەکانی من لەو کۆترانە نین کە تا ئیستا دەتدیتن ... سەیر کە ...

ئەو وەختە بە کۆترەکانی ووت : کۆترە رۆح و سوکەکانم ، کارێکی وا بکەن دڵشادم کەن و دایکم ڕازی بکەن .

کۆترەکان کۆبوونەوە و یەکسەر فرینە ئاسمان و بەرز بوونەوە . کەچەڵ و دایکی سەرسام بوون ، ماوەیەکی پێ چوو ، کۆترەکان خەبەریان نەبوو ، پیرێژن ووتی : ئەمەش وەفای کۆترە سوکەکانی تۆ !...

پیرێژن قسەکانی تەواو نەبوو کە کۆترەکان لە ئاسمان بە دیار کەوتنەوە . کڵاوێکی لبادیان لە گەڵ خۆیاندا هینابوو ، کڵاوەکەیان دایە کەچەڵ ، پیرێژن ووتی دیاریەکی عەجەب بە نرخ و گرانبە هایان بۆ هێناوی ، ئیستا سەیر کە بزانە پر بە سەرتە یان نا . کەچەڵ کڵاوە لبادیەکەی لەسەر ناو ووتی : دایە لێم دێ یان نا ؟ ؟ پیرێژن بە سەرسورمانەوە ووتی : کوڕەکەم تۆ لە کوێی ؟

کەچەڵ ووتی : دایە من لێرەم . پیرێژن ووتی : کڵاوەکە بدە بە من ببینم .

کەچەڵ کڵاوەکەی لە سەری هێنای خوارەوە و دایە بە دایکی .

پیرێژن کڵاوەکەی لە سەرناو کەچەڵ هاواری کرد : دایە بۆ کوێ ڕۆیشتی ؟

پیرێژن وەڵامی نەدایەوە . کەچەڵ بە ماتی و سەرسامیەوە سەیری دەوروبەری کرد . یەکسەر گوێی لە دەنگی خەڕەکەکەی دایکی بوو ...

ڕای کردە ژوورەوە ، بینی خەڕەکەکەی دایکی هەر لە خۆیەوە بە گەڕ کەوتوەو خەریکە دەڕێسێ ، ئیستا بۆی دەکریت کە گرنگی کڵاوە لبادیەکە چیە .

ووتی : دایە چیتر ئازارم مەدە کڵاوەکەم بدەرەوە بڕۆم کەمێک خواردن و خۆراک ئامادە بکەم ، خەریکە لە بێ هێزی و لە برسان دەمرم .

پیرێژن ووتی : سوێندم بۆ بخۆ ئەگەر کڵاوەکەت بدەمەوە دەست بۆ ماڵی حەرام نابەیت .

کەچەڵ ووتی : سویند دەخۆم دەست نادەمە شتێک کە بۆ من حەرام بێ .



پیرێژن کڵاوەکەی بە کەچەڵ داو کەچەڵیش لە سەری ناو بۆ دەرەوە ڕۆیشت . حاجی عەلی کارگەچی چەند گەرەکێك لەو لاتر دەژیا. چەند کارخانەیەکی هەبوو ، سەدان کرێکار و نۆکەرو کارەکەری هەبوو ، کەچەڵ رێی دەکرد و بە خۆی ئەووت : باشە کەچەڵ گیان حسابێ بکە بزانە ماڵی حاجی عەلی بۆتۆ حەڵاڵە یان نا .

حاجی عەلی لە کوی پارەی دەهێنا ، لە کارخانەکەی؟ خۆی کاردەکات ؟ نەخێر ، ئەو دەست ناداتە رەش و سپی ، ئەو تەنیا پارەی قازانجەکەی وەردەگرێ و گۆزەرانێکی خۆش دەکات ، ئەی کێ کاردەکا و قازانجی دەداتێ . کەچەڵ گیان ؟ مێشکت چاك بخە کار شتێکت لێ دەپرسم چاك وەڵامم بدەوە . بڵێ ئەگەر خەڵکەکە کار نەکەن ، کارخانەکان چیان بە سەر دێ ؟ وەڵام : راوەدەستن . پرسیار : ئەو کاتە کارخانەکان دیسان قازانج دەبەخشن ؟ وەڵام هەڵبەتە نا .

ئەنجام : ئەی کەچەڵ گیان ، لەم پرسیارە و وەڵامە بەم جۆرە ئەنجام وەردەگرین کە کارگەکان ئیش دەکەن بەڵام هەموو قازانجەکەی حاجی دەیباو کەمێکی دەدات بەوان . باشە ئێستا کە سامانی حاجی عەلی هی خۆی نیە ، بۆ من حەڵاڵە . کەچەڵ بەو پەرەی ئیسراحەتەوە چوو بۆ ماڵی حاجی عەلی کارگەچی . چەند نۆکەر و خزمەتکاریك لە حەوشەی دەرەوە لە هاتۆ چۆدا بوون . کەچەڵ بە نێوانیان دا تێپەڕی کەس ئاوڕی لێ نەدایەوە .لە حەوش ژوورەوە حاجی عەلی لە گەڵ ژنەکانی لە ڕۆخ حەوزی ئاو لە سەر تەختێك دانیشتبوو عەسرانەی دەخوارد . چا و هەنگوین و کەرەو سەرتوێژ و نان و سوخاریان دەخوارد کەچەڵ پڕی دەمی ئاو بوو . چووە پێشەوە و بابۆلەیەکی گەورەی بۆ خۆی کرد . حاجی عەلی سەیری دەکرد بینی نیوەی لە هەنکوین و کەرەکە نەما دەستی بە دۆعا کردن و ناوی خوا هێنان کرد کەچەڵ چای حاجی هەڵگرن بە سەری بێنێوەی کرد ، ئەم جارەیان حاجی عەلی و ژنەکان زیرەیان کرد و هەموو شتەکانیان بە جێ هێشت و هەڵاتنە ژوورەوە . کەچەڵ هەموو هەنگوین سەرتوێژەکەی خوارد و چەند چایەکی بە سەر دا کرد و ئینجا چووە بە ژوورەکاندا بگەڕێ . لە ژوورەکان ئەوەندە شتی بە نرخ و گرانبەها هەبوو کەچەڵیان سەرسام کرد بوو . چرادانی زێڕ و زیو ، پەردەی بە سیمی زێرین و ڕایەخ و بەڕەی تێرو پڕ و پان و بەرین ، قاپ و قاچاقی زیوی و بلووری و چەندها شتی تر . کەچەڵ هەر شتی پەسند دەکرد و لە گیرفانەکانی جێی بۆ دەکردەوە و هەڵی دەگرت .

سەرئەنجام کلیلی سندوق و قاسەی حاجی دۆزیەوە . شەو هەموویان نوستبوون ، قاسەی کردەوە هاتەوە توانی پارە و پولی حاجی هەڵگرت و هاتە دەرەوە ، ماڵی چەند پارەداری

دیکەی بڕی ، نیوەشەو تێپەری بوو کە بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ . هەندێ پارەی بۆ خۆیان گێرایەوە ئەوی تریشی بە سەر ماڵە هەژارەکاندا بەش کرد .

لە دەرگای ماڵەکانی دەدا ، خانە خۆی دەهاتە ناو دەرگا . کەچەڵ دەی ووت : ئەو زێڕی خوڵاسە و دو هەزار تومەنە بگرە بۆ منداڵەکانتی خەرج بکە . هی خۆتە لای کەسیش دەنگ مەکە .

تا خاوەن ماڵ دەی ویست بزانی کێ لەو دیو دەرگایە و دەنگ لە کێوە دێ ، دەیبیێ چەنگێک زێرو پارەیەکی زۆر لەبەر پێیدا دەرژاوە کەسیش لەو دەوروبەرە دیار نیە . کەچەڵ درەنگە وەختانێک گەیشتەوە ماڵ . پیرێژن لە تاو کەچەڵ نوستبوو تا ئەو کاتە لە پشت خەرەکەکەی بوو. خەوچاوەکانی نووساند بوو کۆترەکان لە کۆلیتەکە لەم لا و ئەو لادا سەریان لە ژێر بالیاندانا بوو نوستبوون . کەچەڵ بەبێ دەنگی چووە ژوورەوە لە تەنیشت دایکی دانیشت و یە کسەر کلاوەکەی لە سەرسەریەوە هێنایە خوارەوە.

پیرێژن کە کوڕەکەی بینی شاد بۆوە . ووتی : تاکو ئەم ناوەختەی شەوە لە کوی بوی کوڕە؟ کەچەڵ ووتی لە ماڵی عەلی کارگەچی ؟ ماڵی خەڵکم لی دەستاندەوە .

پیرێژن ساواری بۆکەچەڵ هێنا . کەچەڵ ووتی : ئەوەندەم هەنگوین و سەرتوێژ خواردووە کە ئەگەر هەفتەیەکی تەواو زادنەبرم ، ئێستاش برسی نابمەوە .

پیرێژن خۆی بە تەنیا چێشتی خوارد ، تەختێ شیری بزنەکەی هەلقوڕاند و هەڵسان چوون بۆ نووستن . پێشی ئەوەی بنوون ئەو ساوارەی هەیان بوو بە بەر کۆترەکانی ڕوو کرد .

بەیانی زوو کلاوەکەی لە سەر نا و ڕۆیشتە سەربان و دەستی بە کۆترە فڕاندن و فیکەکێشان کرد . دایکی درێژیشی بە دەستەوە گرتبوو کۆنە بەرۆیکی پێوە بەستبوو . کچی پاشا . بە نەخۆشی لە پشت پەنجەرەوە نووستبوو چاوی لە سەر بانەکەی کەچەڵ بڕی بوو لە ناکاوێک بینی کۆترەکانی کەچەڵ پەرواز بوون و دەنگی فیکەی بیسترا بەڵام دیار نیە .

تەنها داری کۆترە هەڵفڕاندنی دەبینرا لە ئاسماندا ئەم بەرو ئەوبەری دکرد و کۆترەکانی سەرگەرم دەکرد . نۆکەرەکانی وەزیر ئەمەیان بە وەزیر ڕاگەیاند و وەزیریش خوبەری بۆ پاشا برد کە کەچەڵ کارەکەی لە سەرڕاوە دەست پێکردوتەوە ڕەنگە تەندروستی کچەکە خراپتر بێ . پاشا وەزیر ڕەوانە کرد کە بچێ کۆترەکانی بگرێ و بیان کوژێ کچی پاشا بۆ کەچەڵ نیگەران بوو کەنیزی مەحرەمی رازی ناردە لای پیرێژن بۆ خەبەرێکی بۆ بێنێ و بە پیرێژن ڕاگەیانێ کە کچی پاشا عاشقێکی دڵ بێقەراری کەچەڵە ، چارەیەکی بکا . لەو لاوە حاجی عەلی و دەوڵەمەندکانی ترِ بە داد و فیغانەوە ڕژانە کۆشکی پاشاوە و ئەیان ووت :



حاڵمان بێ حاڵە و ژیانمان بەربادبووە . ئەی تۆ پاشای کام ڕۆژی ؟ لەشکەرەکەت بە دووای دزەکاندا بنێرە ، تاکو مالەکانمان بێتەوە ...

ئەوانە لێرە بەجێ بهێڵە تا هەواڵی کەچەڵت پێ بڵێم کەچەڵی کلاو لە سەر لە سەر باندا کۆتری هەڵەفڕاند و پیریژنی چارول بە سەر لە ژورەوە خەریکی چنین بوو بزن لە حەوشدا دەخولایەوە و بە دوای ئەو گەڵای توانە دا دەگەڕای کە با دەیخستنە سەر زەوی .

پیرێژن سەری بڵند کرد بینی بزنەکە سەیری دەکات . پیرێژنیش سەیری چاوەکانی بزنەکەی کرد . وەک ئەوەی بزنەکە بڵێ : کەچەڵ و کۆترەکانی لە بارەێکی ترسناک دان . هەڵساگەڵا توم بۆ بینە بیخۆم و پێت بڵێم دەبێ چی بکەی .پیرێژن بە خێرایی هەڵسا و دەستی دا دارو گەڵای وەرادندە سەر زەوی . بزنەکە هەر خواردی تاوەکو سکی بای کرد . ئەوساکە بەرووی پیرێژن دا ترِی . ئینجا بە پیرێژنی ووت : سوپاست دەکەم ئێستا تۆ برۆ ژوورەوە . من خۆم دەچمە سەربان و کۆمەکی کەچەڵ و کۆترەکانی دەکەم . بزنەکە بە پەیژە چووە سەرۆبان . بزنەکە لە پەیژەی کە چووە سەربان سەرکەوت و گەیشتە کەنار درک دارەکە و دیسان دەستی بە لە وەڕان کرد . وەختێکی ئەوەندە بەسەر ئەم ڕووداوانە تێپەڕ نەببوو کە چەند نۆکەرێکی وەزیر خۆیان بە حەوشەدا کرد . داری کۆترە هەڵفڕاندن بەم بەر و ئەو بەردا دەرۆیشت . هەر کەسێ دەی ویست پێی لە سەربان بنێ ، دارەکە لێ ی دەدا و دەیخستە خوارەوە . لە دووای دا هەموویان گەڕانەوە لای وەزیر . کچی پاشا هەموو شتێکی لە پشت پەنجەرەوە دەبینی و حاڵی کەمێ باشتر ببوو . ئەمە شتێکی دڵ خۆشکەر بوو بۆی .

پاشا و حاجی عەلی کارخانە دار و دەولە مەندەکانی ترِ دانیشتبوون قسەیان دەکرد و نەیان دەزانی کە کام دزی زەبەردەستە لە شەوێک دا ئەم هەموو ماڵی برِیوە ئەم هەموو ماڵ و سامانەی بردووە . کەچەڵ خۆی دیار نیە بەڵام داری کۆتر هەڵفڕاندنەکەی لە سەر بان کۆتری هەڵدەفراند و کەس نەی وێرا لە کۆترەکان نزیک بێتەوە .

پاشا ووتی : کەچەڵ بگرن و بیهێنە لای من .

وەزیر ووتی : پاشا پێم ووتی کەچەڵ لە هیچ شوێنێک دیار نیە لە کۆرینەکە دایکی بە تەنهایە . ئاگاشی لە کەچەڵ نیە . حاجی عەلی کارخانە دار ووتی : پادشام هەرچی هەیە لە ژێر سەری کەچەڵ دایە . لە نیشانە کانیشی تێدەگەم کەکەچەڵ مالی هەموویانی برِیوە . ئەوکاتە رووداوی هەنگوین و چایەکەی گێرایەوە . یەکێکی تر لە پارەدارەکان ووتی : لە بەر چاوی خۆم گەردەن بەندم لە گەردەنم نەماو بزربوو هەرِ لەوێ بووە درک و بەهەوا داچوو.

یەکێکی ترِ ووتی : منیش بینیم کە ئاوینە چوارچێوە زێرینەکەمان لە ناو دەلاقەدا لە هەوادا بڵند بو و ڕۆیشت هەتا بە خۆ کەوتم و بجوڵێمەوە بینیم ئاوێنەو دیارنیە و نەما حاجی عەلی ڕاست دەڵێ . ئەم ئیشانە هەمووی لەژێرسەری کەچەڵ دایە . پاشا توڕە بوو فەرمانی دا کە لەشکرئامادەبێ و بەرەو ماڵی کەچەڵ بڕوا و دەوری ماڵەکەیان بگرن بە مردوی یان زیندویی بیهێنێت .

هەر لەوکاتەشدا کچی پاشا لە گەڵ کەنیزەکەی دانیشتبوو قسەیان دەکرد کەنیزەکە تازە لە لای پیرێژن گەڕابۆوە ئەی ووت: خانم دایکی کەچەڵ ووتی زیندەوە و حاڵی زۆر باشە . ئیمشەو دەینێرمە لای شازادە لە گەڵ خۆی قسەبکا ..شازادە بە سەرسامیەوە ووتی : کەچەڵ دێتە لام ؟ ئاخر چۆن دەتوانێ بەردەمی ئەم هەموو لەشکر و یاساولانەدا تێپەڕی و بێتەلام ؟ خۆزگە بیتوانیبایە بێت . کەنیزەکە ووتی : خانم کەچەڵەکان هەزار و یەک فێڵ دەزانن . شەو چاوەڕێ دەبین هەر دێت . لەو کاتەدا لە پەنجەرەدا سەیریان کرد بینیان لەشکر وەک ئەنگوستیلەی دەست چواردەوری ماڵی کەچەڵیان گرتوە . شازادە ووتی : ئەگەر حەوت گیانیشی هەبێ ناتوانێ یەکێکیان دەربازبکا . کوڕیژگە کەچەڵەکەم !...

کۆترەکان لە سەربان نیشتبوون وچینەیان دەکرد داری کۆترە هەڵفڕاندن ڕاست ڕاوەستابوو . بزنە هەر خەریکی پوش خواردن بوو و گولەی پتەو سەرشکێنی فڕێ دەدا دواوە .

لەشکر بە ئامادەیی ڕاوەستابوو . سەرلەشکر بە دەنگی بەرزەوە ئەی ووت : هۆ کەچەڵ ئەگەر هەزار گیانیشت هەبێ یەکێکیان بە ساغی دەرباز ناکەی . خەیاڵت خاوە ... بەزوترین کات خۆت بدە دەست و ئەگەر نا پارچەی گەورەت دەنکە بروێشکێک دەبێ ..

پیرێژن لە کۆریتەکەدا لە ترسان هەڵدەلەرزی . ئیتر دەنگی خەڕەکەی نە دەبیستر . بزن چی دەکا ؟ گوللەتان بۆ دروست دەکا . کارێکی وابکەی دڵم خۆش کەیت دڵی دایکم ڕازی کەی ... کۆترەکان کۆبونەوە پسەپسیان کرد . لە شەقەی باڵیان داو وون بوون . سەرۆک لەشکر دووبارە ووتی : هۆ کەچەڵ ئەمە دواجارە پێت دەڵێین . فەرمانت دەدەینێ واز لە فڕوفێل و تەڵەکە بازی بێنە . تۆ دەرەقەتی ئێمە نایەی تۆ لە دەستی ئێمە دەرباز نابی . لە دوایی دا گرافتاردەبی و ئیتر ئەو کاتە پەشییمانی سودی نی یە . لە هەر کوێی وەرە بەر دەستان !..

کەچەڵ هاواری کرد : جەنابی سەر لەشکر ، ببوورن کە مەعتەڵم کردن خەریک بووم دۆخینم دەبەستەوە ، ئیستا بە خزمەتتان دەگەم . جەگەرەیەک داگیرسێنن دێم . سەر لەشکر خۆش حاڵ بوو کە بە بێ دەردە سەری کەچەڵ دەستگیر بووە . جگەرەیەکی داگیرساند و



ووتی : عەجەب تەلەکەبازی !... دەنگت لە چ ئاقارێک دێت ؟ کەچەڵ ووتی : نەعلەت لە گۆری دایک و باوکت !.. سەرلەشکر توڕە بوو نەڕاندی : هەی خزولی نازانی من کێم دەتەوێ گاڵتەم لە گەڵدا بکەی ؟ لەم کاتەدا سەدان کۆتر لە هەر چوار لای ئاسمانەوە پەیدابوون . کۆترەکانی کەچەڵیش لە ناوەراستان بوون . بزنەکە خێرا خێرا دەلەوەڕا . لە پاشۆڵی گوللەی فڕێ دەدا .

کەچەڵ گوللەیەکی هەڵگرت و بانگی کرد . جەنابی سەرلەشکر سەیرکە بزانە من لە کوێم . گولەکەی بۆ سەرۆکی لەشکر هاویشت سەرلەشکر سەری بەرز کرد بوو و جگەرەی بە لالێوی یەوە گرتبوو . سەیری ئاسمانی دەکرد گوللە بە ناو چاوانی کەوت و زیرەی لێ بلند کرد . لەشکری جما . بەڵام کۆترەکان ماوەیان نەدان و گۆللە بارانیان کردن . گوللە یان بە دەنووک دەگرت و دەفرینە پەڕەکەی ئاسمان و بە سەری لەشکەریان بەر دەدایەوە .

گوللەکان بەسەری هەریەکێک دەکەوت و دەیشکاند . لەشکر شەو کشایەوە لە چوار دەوریان دانیشت . کەچەڵ بزن و کۆترەکانی بەجێ هێشت و هاتە خوارەوە . کۆترەکانی تریش گەڕانەوە . دایکی لەو پارەی کەکەچەڵ پێی دابوو چێشتێکی زۆر پوختی لێنابوو . وەک شەوان خواردنی بە درۆ نەبوو : پارچە نانێکی وشک و کۆملە ساواریان هەر کوتە نانێکی ڕشێنراو . گەنمیشی بۆ کۆترەکان کڕی بوو . بزنەکەش وینجەو جۆی دەخوارد .

پاش نان خواردن پیرێژن بە کەچەڵی ووت : ئێستا کلاوەکەت لە سەری نێ و بە پێ بڕۆ لای شازادە . من قەولم پێداوە کە تۆ بۆلای بنێرم .

کەچەڵ ووتی : دایە ئاخر ئیمە لە کوێ و کچی پاشا لە کوێ ؟

پیرێژن ووتی : ئێستا تۆ بڕۆ بزانە چ دەڵێ : کەچەڵ کلاوەکەی لە سەری ناو ڕۆیشت . بە نێوان ئێشکچی و سەربازەکاندا تێپەڕی و گەیشتە ژوری شازادە . کچی پاشا لە گەڵ کەنیزەی مەحرەمی رازی چێشتی دەخوارد . تەندروستی باش ببوو وە هاتبووە سەر خۆ . بەکەنیزەکەی دەووت : ئەگەر کەچەڵ بزانی چەندم خۆش دەوێ . یەک دەقە ڕاوەناستێ . بەڵام دەترسم بەردەستی پاسەوانەکان بکەوێ و بکوژرێ ، دڵم مشەوەشە .

کەنیزەکە ووتی : بەڵێ خانم منیش دەترسم ، پاشا فەرمانی داوە ئیمشەو ئێشک گرو پاسەوانان دوقات زیادبکەن . کوڕی وەزیریش کردۆتە سەرۆکیان .

کەچەڵ هات و لە کەناری کچی پاشا دانیشت و دەستی کرد بە نان خواردن . چێشتەکەیان پلاو و گۆشت بوو لەگەڵ چەند جۆرە مورەبا و پەتاتە و هێلکە و ڕۆن و چێشت و شتی‌تر .

خانم و کەنیزەکە دیتیان کەلایەکی قاپێک خێرا خێرا چۆڵ دەبێ و ڕانێک لە مریشکەکە کرایەوە و وون بوو . کەنیزەکە ووتی : خانم ، تۆ هەرچی دەخوازی لە دڵی خۆتی بگرە ، من لە باوەردام کەچەڵ لەم ژوورەدایە .

ئەم ئیشە ئیشی ئەوە . نەم ووت کەچەڵەکان هەزارو یەک حیلە وە حەواڵە دەزانن !..

شازادە شادمان بوو ووتی : کەچەڵ گیان ئەگەر لە ژوورەوەی خۆتمان نیشان بدە دڵم بۆت بوەتە تنۆکە ئاوێک . کەچەڵ گیان نوقەی نەکرد . کارەکەرەکە ووتی : خانم ڕەنگە لە بەر من خۆی بە دیار نەخا . من دەڕۆم تا ئاگاداری ئێشک گرەکان بم .

کەنیزەکە چووە دەر کەچەڵ کڵاوەکەی هێنایە خوارەوە . لە ناوکاو شازادە بینی کەچەڵ لە تەنیشتی دانیشتبووە . گەشایەوە و ووتی : کەچەڵ مەگەر نازانی من شێت و شەیدای تۆم ؟ وەرە بمگرەو گیانم رزگار بکە . پاشا دەیەوێ من بە کوڕی وەزیر بدا .

کەچەڵ : ووتی ئاخر تۆ شازادەیەکی . چۆن دەتوانی لە کۆریتەی رەشە دو کەڵاویەکەی ئێمە بژیت ؟ شازادە ووتی : من ئەگەر لە گەڵ تۆ بم دەتوانم تەحەمولی هەموو شتێک دەکەم .

کەچەڵ ووتی : من و دایکم بە زۆر ژیانی خۆمان بەسەر دەر دەبەین چۆن تۆتێر بکەین ! تۆش کچی پاشای و هیچ کارێک نازانی .

کچی پاشا ووتی : تەنها ئیشێک دەزانم .

کەچەڵ ووتی : چ کارێک ؟

کچەکە ووتی : هەر کارێک تۆ بڵێی ...

کەچەڵ ووتی: ئێستا باشە بە دایکم دەڵێم فێری رستنت بکا . تۆ چەند رۆژێک ئارام بگرە ، من دێم ئاگادارت دەکەمەوە کە چ کاتێک لێرە بڕۆین .

کچە و کەچەڵ بە گەرمی گفتوگویان دەکرد . عەرزت بکەم لە بارەی کوڕی وەزیرەوە کە سەرۆکی ئێشک گرەکان بۆ عاشقی کچی پاشا بوو .

لەو کاتەی کەچەڵ دەهاتە لای شازادە بینیبوی کە کوڕی وەزیر لە سەر کورسی کوڕ بۆتەوە خەوتووە . کەو کوڕی وەزیر بێدار بووە بینی چەکەکانی دیار نین . تێگەیشت کە کەچەڵ هاتووە و کار لە کار ترازاوە هەردەم و دەست هەموو ئێشک چیەکانی بە ژورری کچی پاشا کرد . ئێشک گر لە بەر دەرگا کەنیزەی شازادەی بینی . هاواری کرد و دەرگاکەی کردەوە و بینی کچی پاشا لە گەڵ کەچەڵ بەگەرمی قسەدەکەن . دەرگای خڕ داخست و هاواری کرد : کەچەڵ لێرەیە ، خێرا وەرن !.. کەچەڵ لێرەیە .



کوڕی وەزیر و ئەوانی تر بە ڕاکردن هاتن . پاشا لەم دەنگە دەنگە بێداربووە و لەسەر تەخت دانیشت و فەرمانی دا کە کەچەڵ چ بە مردویی چ بە زیندویی دەست گیر کەن و بۆی بهێنن . سەرۆکی نۆبەدرەکان کە کوڕی وەزیر بوو. لە چەند کەسێکی ترەوە رژانە ژوری کچەکە ، شازادە لە سەر تەخت ڕاکشابوو چیرۆکی دەخوێندەوە ، ئاگا و خەبەری لە کەچەڵ نەبوو . کوریش کە عاشقی کچی پاشا ببوو لیٚ ی پرسی : شازادە خانم ، تۆ ئەو کەچەڵەت نەبینی بۆ کوێ چوو ؟ ئێشکگرەکەت دەڵێ دەقەیەک پێشتر لێرە بوو . شازادە بە سەری دا قیژاندی و ووتی : باوکم بە تەواوی بێ غێرەت بووە ، ماوەی بێوە دەاد بەشەو خۆتان بە ناو ژوری کچە نەخۆشەکەی بکەن . ئێوەش رووتان ئەوەندە قایمە و ئەم قسانە لە رودا دەکەن برۆنە دەرەوە .!

کوڕی وەزیر بە رێزو ئەدەبەوە ووتی : شازادە خان فەرمانی پاشا خۆیەتی کە هەموو کون و کاژێرک بگەرێین . من مەئمورم و هیچ درێغی یەکیشم نەکرد و . ئەوسا هەموو کون و کەلەبەرێکی زورەکە گەران و هیچ دیارنەبوو ، و ئەو شمشێر و نێزەی کە کەچەڵ لە کوڕی وەزیری دزی بووی لە ژێر تەخت حەشاری دابوو . کوڕی وەزیر ووتی : شازادەخان ئەوانە هی منن ، من ئێستا خەبەری پاشا دەدەم . لەو کاتە کەچەڵ لە تەنیشت شازادە ڕاوەستا بوو : لە نێوان ئێک گرەکاندا تێپەری و گەیشتە ناو دەرگا . سێ چوار کەس لە چەقی دەرگاوە ڕاوەستابوون رویشتن مومکین نەبوو . ویستی بە ناو قەلەبالغایی یەکدا رێگایەک بدۆزێتەوە و بۆی دەرچێ . لە ناکاوێک پیٚی لەشتێک هەرزەلی و کڵاوەکەی کەوتەخوارەوە هەرچەند کەچەڵ پارایەوە و ناڵایەوە تا کڵاوەکەی بدەنەوە ، جوان نیە بە سەری کۆت بچمە بەردەمی پاشاوە ، کوڕی وەزیر گوێ ی نەدایە . پاشا بە پەستی لە سەر تەخت دانیشتبو چاوەروانی دەکرد . کاتێک کەچەلیان هێنایە بەردەمی پاشا هاواری کرد : هەی حەڕام زادە ، هەر غەلەتێک لە شوێنی خۆی . ماڵی خەڵکیت بڕی ، لەشکرت نەهێشتم ، و بەڵام بە چ جۆرە تێک چوویتە ژوری کچەکەم ؟. هەر ئێستا فەرمان دەر دەکەم وەزیر بێت و قورقوشمی تو اوەت بە گەرودا بکات .

کەچەڵ : پاشام هەرچی بفەڕموی ڕازیم ، بەڵام پییان بفەرموو دەستەکانم بکەنەوە کڵاوەکەم بدەنەوە بێ ئەدەئەدەبی یە لە حزوری پاشا دەست لەسەر سینگ نەبم و بەسەری کۆت راوەستم ، پاشا فەرمانی دا : دەستەکانی بکەنەوە کڵاوەکەی بدەنەوە . کوڕی وەزیر وویستی کڵاوەکەی نەداتەوە . بەڵام نەیوێرا قسە لە قسەی پاشادا بکا دەستەکانی کردەوە و کڵاوەکەی دایەوە .

کەچەڵ کلاوەکەی لە سەری ناو لە بەر چاوان ون بۆوە پاشا ڕِپێ بوو هاواری کرد : کوڕە بۆ کێ چویت ؟ بۆچی چاوەشارکێم لەگەڵدا دەکەی ؟

کوڕی وەزیر بە ترس و لە رزەوە ووتی : قوربان بۆ هێچ شوێنێک نەچووە ، خۆی لە ژێر کلاوەکەی دا حەشاردوە ، فەرمان بدە دەرگاکان داخەن ، ئێستا بۆی دەردەچێ . تا کەچەڵ وویستی بە خۆی کەوێ دەرچێ بینی بە تەڵەوە بوو ، پاسەوانەکان بە جۆرێ دەوری ژووری پاشایان گرت کە مشکیش نەیدەتوانی کونێک بدۆزێتەوە و دەربازبێ ، پاشا بینی کە کەچەلیان بۆ ناگیرێ داوای جەللادی کرد ، جەللاد هات ، پاشا فەرمانی دا : جەللاد لە سەری ئەم حەڕام زادە وەزیر بدە !. کوری وەزیر کەوتە سەر دەست و پێ و پارایەوە ، پاشا ووتی :

حەڕام زادە تۆ کە دەزانی کلاوەکەی کەچەڵ ئەم جۆرە کلاویە بۆ پێت نەوتم !؟.. جەللاد بەزەییت پێیدا نەیەتەوە لە سەری دە ..

کوری وەزیر دوێنێ نیوەشەو بەم شێوەیە کوژرا .

ئێستا با بێنەوە سەر شازادە . کاتێک شازادە بینی چواردەوری کەچەل گیراوە و کوڕی وەزیر کوژرا ، بە کەنیزەکەی وت ، دەزانی ئەگەر وەزیر بێ ئێمەش پەل بەدەست دەکەن و ڕامان دەکێشنە نێوانەوە ؟ ئێمە دەست لە سەر دەست دانیشتین چی بکەین ؟ هەڵسە بابڕۆین بۆ لای دایکی کەچەڵ . پەڵکە خەمێکی بۆ بخۆین . کەچەلۆکەکە خەریکە گیانم دەرچێ ئێشک گرەکان ئەوەندە سەریان قەڵەبالغ و مشەوش بوو ئاگایان لە ڕۆیشتنی ئەوان نەبوو . پیرێژن لە ماڵەوە بە تەنیا دانیشتبو خەریکی ریستن بوو بزن و کۆترەکان خەوتبوون . شازادە بۆ پیرێژنی گێرایەوە کەچۆن کەچەڵ کەتۆتە ناو تۆقی دوژمن و دەبێ مشورێکی بۆ بخورێ .

پیرەژن چوو بزنەکەی بیدار کردەوە ، کۆترەکانی بە ئاگا هێنا و ووتی . ئەی بزنە ریشدارەکەم زرنگەکەم ، ئەی کۆترە روح سوکەکانی کەچەڵم ، کوڕەکەم بە تەنیا لە ماڵی پاشا لە تەنگانە دایە . کارێکی وا بکەن ، دڵی کەچەڵەکەم شادکەن و منیش ڕازی بکەن . ئەمەش کچی پاشایەو دەیەوەێ ببێتە بە بووکم ، لە خەم و پەژارە رزگاری بکەن !..

بزنەکە داوای خواردنی کرد ، پیرێژن و کچەکان پوش و گەل ێتوویان بۆ هێنا . بزن دەستی بە خواردن کرد و لە دواوە گوللەی فڕێ دەدا . پیرەژن تەندوری گەرم کرد و سێڵی لە سەر دانا تاکو گەنم بۆ کۆترەکان ببرژێنێ .



کۆترەکان چینەیان دەکرد و گوللەیان هەڵدەگرت و دەفرینە ئاسمان و بە سەر سەری لەشکرو پاسەوانەکاندا دەیانخستەخوارەوە . لە تاریکی شودا کەس هیچی لە دەست نەدەهات . ئێستا وەزیریش ئاگادار کرا بو و هاتبوو .

بە پاشای ووت . پاشام ، ئەگەر یەک دووساعەتی تر بەم جۆرە بڕوا درەو دیوارمان بەسەردا دەبارێتنن . واباشترە واز لە کەچەڵ بهێنین و بیرێکی لێ بکەینەوەو حیسابێکی بۆ بکەین .

پاشا قسەکەی وەزیری پەسند کرد ، فەرمانی دا دەرگاکانیان کردەوە و خۆیشی بە دەنگی بەرز ووتی : هۆ، هۆ کەچەڵ وەرە لێرە برۆ ون بە !..

رۆژێک تێپەڕی . کەچەڵ لە ژوورەوە هاواری کرد قوربان بە فرسەتی دەزانم لە خزمەتتاندا پێتان بڵێم لە هیچ جێگایەک بەم جۆرە رەفتاریان لە گەڵ خوازبێنێ کەردا نەکردوە ..

پاشا ووتی : تۆ لە کوێ داخوازی کچی پاشا لە کوێ ؟

کەچەڵ وەڵامی دایەوە : پاشا کچەکەت بدەمن ، تا بەکۆترەکان بڵێم ئارام بنەوە من و کچەکەت حەزمان لێک کردوە .

پاشا ووتی : منیش کچی بێ شەرم ئابروم ناوێ ، هەر ئێستا بەدەری دێنم ...

پاشا چەند نۆکەرێکی بە دواى کچەکەی دا نارد تاکو پەکی بگرن لە ماڵ دەری کەنە دەرەوە . نۆکەرەکان چوون و گەڕانەوە وتیان : پاشا شازادە خۆی رۆیشتووە .

ئیتر کەچەڵ هیچی تری نەوت و ئیشارەتێکی بۆ کۆترەکان کردو گەرانەوە ماڵ .

دایکی و شازدە و کەنیزەکەی شیرو شەکریان دەخۆارد .

کەچەڵ بەو زێرو زیوەی کە کچی پاشا لە گەڵدا هێنابووی لە گەڵ ئەو پارەی کە خۆی و دایکی و کچی پاشا دستیان هێنا . ماڵ و ژیانێکی خۆشیان پێکەوە نا . بەڵام ئێستاش دەچووە داربڕین و پنچک کۆکردنەوە کۆترەش هەڵدەفڕاند و بزنەکەش لە ژێر دارەتو دەبەستەوە و دایکی و ژنەکەی کاری رستنیان دەکرد و ژیانیان پێ دەر دەهێنا . کەنیزەکەشان ئازاد کرد بوو چوو بو مێردی کردبوو . ئەویش بۆ خۆی ببوە خاوەن ماڵ و ژیان . حاجی عەلی خاوەن کارخانە و ئەوانی تر تا ئێستاش دەهاتنە لای پاشا و لە دەستی کەچەڵ داد و بێدادیان بوو . بە تایبەتی کە ناوناوەش کەچەڵ دەستی بۆ ماڵ و سامانیان درێژ دەکرد . هەڵبەتە کەچەڵ هیچ کاتێک ئەو شتانەی کە دەی دزین بۆ خۆی نەدەگێراوە . پاشا کوڕە بچوکی وەزیری کردە سەرۆکی پاسەوانەکان ، ئەمەیشی بۆیە کردبوو تا وەزیر لە بارەی کوشتی کورەکەی دوم بەست بکا و شتێک روونەدا .

**هەموو حیکایەت خوانەکان دەڵێن «چیرۆکی ئەێمە بەسەر چوو» . بەڵام من دڵنیام کە تائیستاش بەسەر نەچووە ، رۆژێک هەردێ بەدوای ئەم چیرۆکەدا دێینەوە . .**